## جیاوازین، بەڵام دژی یەک نین


# ئۆپۆزسیۆنی نیشتمانی چاودێرە دژایەتی دامەزراوە شەرعییەکان ناکات



كاتێک هەموو تێدەگەین کە دۆڕاندنی هەڵبژاردن مانای دۆڕاندنی هەموو شتێک نییە، ئەوا بە ئاسانی لە مانای دیموکراتی تێدەگەین، لەبەر ئەوەی دیموکراتیەتی دەستووریی زامنی پاراستنی مافەکانی ژیان و ئازادی و موڵکایەتیە، هەروەها لەم پرۆسەیەدا ئۆپۆزسیۆنی نیشتمانی بواری ئەوەی هەیە هەڵبژاردنەکانی داهاتوو بباتەوە و ببێتە حکومەت، بەڵام ئەگەر خەڵکانێک گەیشتبنە ئەو قەناعەتەی کە رۆژێک لە رۆژان ناتوانن ببنە زۆرینە و لەهەڵبژاردنەکاندا سەرکەوتن بەدەست بهێنن، هەروەها ئەگەر گەیشتنە ئەو قەناعەتەی هەتا کەمینەبن مافەکانیان زەوت دەکرێت، ئەوا هەست بە گۆشەگیرییەکی تەواو دەکەن و لەوانەیە پەنا بۆ توندوتیژیش بەرن، لەوانەیە بۆ ئەو وڵاتانەی لە دەسپێکی پرۆسەی دیموکراتیدان، کارێکی ئاسان نەبێت بۆ ئەو لایەنانەی کە دژی حکومەتن یان زۆر بەتوندی بڕوایان بە کێشەکەی خۆیان هەیە، قبوڵی ئەوە بکەن لایەنەکەی دیکە بەرێگەی هەڵبژاردن بیباتەوە، هەروەها هەست دەکەین لایان قورسە فێری ئەوەبن کە رازیبوون بە ئاکامی پرۆسە دەستوورییەکە، لەوە باشترە بەهێز رەتیبکەینەوە، هەربۆیە گرنگە دان بەوەدا بنرێت پێگەی ئۆپۆزسیۆنی نیشتمانی دڵسۆز پێگەیەکی گرنگە و لەوانەیە ئەم ئۆپۆزسیۆنە رۆژێک لە رۆژان جێگەی ئەم حکومەتەی ئێستا بگرێتەوە، بۆیە دەبێت حکومەتیش پابەند بوونی خۆی بە ناساندنی ئەم ئۆپۆزسیۆنە نیشتمانییە پیشانبدات)).



تۆم گۆردن پالمەر





دایان دەیڤس بۆ گوڵان:

# بەهێزکردنی سەروەریی یاسا و بەهێزکردنی دامەزراوە دیموکراسییەکان، مەسەلەیەکی زۆر زۆر گرنگە، ئەمەش گرنگترین فاکتەرە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ بیر و بۆچوونە جیاوازەکان

• • •

ئەو بارودۆخە سیاسییەی دوای بەیاننامەکەی بزووتنەوەی گۆڕان هاتە ئاراوە، ئاماژە نییە بۆ بەهێزی بەیاننامەکە یان هیستریایی دەسەڵات وەك بزووتنەوەی گۆڕان شانازی پێوەدەکەن، یان دەیانەوێت ناوەرۆکی هەڵەی بەیاننامەکەی پێ بشارنەوە، بەڵکو ئاماژەیە بۆ بەکارهێنانی هەندێك وشە و دەستەواژەی سیاسیی کە نابەرپرسیارانە بزووتنەوەی گۆڕان لە بەیاننامەکەیان بەکاریان هێناوە و خەڵکی کوردستان بە لایەنگیرانی دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن و بەخەڵکی سادە و ڕۆشنبیرانیشەوە وەك مەترسییەك لەسەر داهاتووی پرۆسە دیموکراسییەکە دەیخوێننەوە، هەستکردن بەم مەترسیە نیشانەی بەرەو پێشەوەچوونی بیری سیاسیی و تێگەیشتنە لەمانای دیموکراتی لەلایەن تاکی کوردستانەوە، ئەمەش واتە دەربڕینی نارەزایی فراوان و سەرکۆنە کردنی شێوازی دارشتنی بەیانەکە، ڕەنگدانەوەی ئاستی کامڵبوونی بیری سیاسیی و ڕەنگدانەوەی تێگەیشتنی شەقامی سیاسیی کوردستانە لە ڕۆشنبیری دیموکراتی، لە بەرامبەریشدا شێوازی نووسینی بەیاننامەکە بەو جۆرەی هەموو لایەك بەبێ جیاوازی ڕەتیانکردەوە، دیسان ڕەنگدانەوەی بیری سیاسیی سەرکردایەتی بزووتنەوەی گۆڕان پیشاندەدا کە خەڵکی کوردستان قبوڵی نییە، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا خەڵکی کوردستان و لایەنە سیاسییەکانیش بە(پارتی و یەکێتی)شەوە تەواوی خاڵەکانی ناو بەیاننامەکەی گۆڕان ڕەتدەکەنەوە و ئامادەنین وتوویژی لەسەر بکەن، یان هەندێك برگە و خاڵی باشی تێدایە کە دەکرێت جیاواز لە خاڵەکانی دیکە سەیر بکرێت و وتوویژی لەسەر بکرێت، بێگومان وەك لە چەند ڕۆژی ڕابردوو بینیمان خەڵکی کوردستان تەواوی بەیاننامەکەی ڕەتکردەوە و قبوڵی نەکرد ئەو بەرنامەیە بە ڕای ئەو حساب بکرێت، ئەمەش لەبەر یەك هۆکاری سادە، کە ئەویش ئەوەیە ئەو چوارچێوەیەی بەیاننامەکەی بزووتنەوەی گۆڕان بۆ بەرنامەکەی خۆی دیاریکردووە، ئەگەر ناویشی نەنێن هەوڵێك بۆ کودەتاکردن بەسەر دیموکراتیدا، ئەوا دەشێت ناوی لێبنرێت هەوڵێك بۆ خۆجیاکردنەوە لە دیموکراسی و هاتنەدەرەوە لە چوارچێوەی ئەو بنەما یاسایی و دەستوورییانەی سیستەمی سیاسیی ئەم وڵاتەی لەسەر بونیاد نراوە و خەڵکی کوردستان بە بەرهەمی خوێنی شەهیدان و قوربانیدانی سەدان ساڵەی خۆی دەزانێت، ئەمەش بێگومان بەو مانایە نییە وەك هەندێك بۆ پاکانە هێنانەوە پەنای بۆ دەبەن، بەوەی سەرانی بزووتنەوەی گۆڕان و پشك و قوربانیدانیان لە دروستبوونی ئەم ئەزموونە نەبووە یاخود بەشدار نەبوون لە پرۆسە سیاسییەکەدا، بەڵکو بەو مانایە ئەم لایەنە دەخرێتە ڕوو کە قبوڵ ناکرێت ئاراستەی پرۆسە سیاسییەکە بەلایەکدا بگۆڕدرێت کە لەگەڵ خواستەکانی خەڵکی کوردستان و ئامانج و ئاواتەکانی سەرجەم لایەنە سیاسییەکانی کوردستان یەکنەگرێتەوە، بەڵام پرسیاری سەرەکی و گرنگ لێرەدا ئەوەیە ئایا بۆچی ڕای گشتی وا خۆی پیشاندەدا لەگەڵ بەیاننامەکەی بزووتنەوەی گۆڕان یەکناگرێتەوە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە پێویستی بە گەڕانەوە هەیە بۆ دووبارە پێناسەکردنەوەی چەند چەمکێك کە لەناو کۆمەڵگەی دیموکراتی بە

**میدیای ئازاد و ئازادی دەربڕین زۆر گرنگە لەبەرئەوەی هاووڵاتیان پێویستیان هەیە بە تێگەیشتن لەبارەی چۆنیەتی دروستکردنی بڕیارەکان**

مانایەك بەکاردەهێنرێت و لە هەندێك گوتاری سیاسیی دیکە بە مەبەست بە مانایەکی دیکە بەکاردەهێنرێن، وەك:

• کاتێك باسی (دیموکراتی) دەکرێت، خەڵکی کوردستان دیموکراتی بەمانای لیبرال دیموکراتی بەکاردەهێنێت، ئەوجا هەر لایەنێك ئۆپۆزسیۆن بێت یان دەسەڵات، مانای دیموکراتی بە جیاواز لەمانای لیبرال دیموکراتی بەکاربهێنێت، ئەوا ڕای گشتی لەگەڵیدا یەکناگرێتەوە و لەدژی ڕادەوەستێت.

• دیموکراتی لیبرالی، واتە دیموکراتی نوێنەرایەتی، دیموکراتی نوێنەرایەتیش واتە ئەو دیموکراتییەی کە حزبە سیاسییەکان نوێنەرایەتی خەڵك لە پەرلەماندا دەکەن، هەر بۆیە حزبی سیاسیی وەك پێویستییەکی نوێنەرایەتی سەیر دەکرێت و هەر لایەك کار بۆ نەمانی حزبی سیاسیی بکات، ئەوجا هەر مەبەست و پاکانەیەك بۆ ئەو مەبەستە بخاتە ڕوو، سەرەنجام کار بۆ ڕووخانی دیموکراتی نوێنەرایەتی دەکات، هەوڵدەدات بە ڕێگەی سندوقەکانی دەنگدان دیموکراتییەکی پۆپۆلیستی بونیاد بنێت، ئەمەش واتە بەهێزکردنی دەسەڵاتی تاکەکەس و لاوازکردنی دامەزراوە یاسایی و دەستوورییەکان. ئەمە پاکانەکردن نییە بۆ کەموکورتی پارتە سیاسییەکان لە پرۆسەی دیموکراتی نوێنەرایەتیدا، لەبەر ئەوەی لەسەرجەم وڵاتانی دیموکراتی بە وڵاتانی

(دیموکراتی رۆژئاوا و دیموکراتی پۆست کۆمونیست و دەوڵەتانی تازە پێگەیشتوو) حزبە سیاسییەکان کەموکورتیان لە پرۆسەی نوێنەرایەتی کردن هەیە و نەیانتوانیوە وەك پێویست لە ئەدای نوێنەرایەتیکردنی خەڵك لە پەرلەماندا ســەرکەتوو بن، هەربۆیە لە کۆمەڵگەی دیموکراتیدا حزبی سیاســیی چۆن بەشــێکە لە کێشــەی کۆمەڵگەی دیموکراتی، لەهەمانکاتــدا بەبێ بوونی حزبی سیاســیش دیموکراتی نوێنەرایەتی دروســت نابێت، هەربۆیە لە کۆمەڵگەی دیموکراتیدا سزادان بۆ ئەو حزبە سیاسییانە دانــراوە کە لەماوەی خولێکی پەرلەمانیدا لە پرۆســەی نوێنەرایەتیکردن شکســت دەهێنن، ئەو ســزادانەش ســندوقەکانی دەنگدانە، کەواتە ســندوقەکانی دەنگدان دادگای لێپرســینەوەی حزبەکانــە، بۆیە هەموو کات لە کۆمەڵگە دیموکراتییەکاندا جەخــت لــە پاکی و عادیلی پرۆســەی دەنگدان دەکرێتەوە، بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی دادپەروەرانە ئەو حزبە سیاســییانە ســزا بدرێن کە لەمــاوەی خولێکی پەرلەمانیدا کەمتەرخەم بوون لــە نوێنەرایەتیکردندا، بەڵام پرســیاری دیکە لێــرەدا ئەوەیە ئایا کارێکــی عادیلانــە نییە ئەگــەر حزبە

**باشترین ڕێگەچارە لەدژی پۆپۆلیزم بریتییە لە هەبوونی پارتی سیاسی بەهێز کە لە پرۆسەی سیاسیدا نوێنەرایەتیی هاووڵاتیان بکەن و خاوەن متمانەیی بن لەنێو خەڵکدا**

سیاسییەکان کەمتەرخەمبوون، ئۆپۆزسیۆن وەك ئەرکی سەرشانی خۆی بۆ نەهێشتنی ئەو کەمتەرخەمیە، هەڵوێســتی خۆی بۆ رای گشــتی روون بکاتــەوە؟ بێگومان ئۆپۆزسیۆنی نیشــتمانی کە نوێنەرایەتی ئــەو خەڵکانە دەکات بەرنامەیەکی جیاواز پەســەند دەکەن لەو بەرنامەیەی ئێســتا حزبەکانی ناو حکومــەت پیادەی دەکەن، مافی خۆیانە خەڵــك هانبدەن بەرنامەی ئەو حزبانــە زیاتر ڕەتبکەنــەوەو زیاتر لە بەرنامەی خۆیــان نزیکی بکەنەوە، بەڵام ئەم پرۆســەیەش دەبێت لــە چوارچێوەی بنەماکانی گەمەی دیموکراســی و لەناو هۆڵی پەرلەمانەوە موناقەشــەی لەســەر بکرێــت، نەك راســتەوخۆ بانگێشــە بۆ خەڵك بکرێت و دامــەزراوە دیموکراتی و شەرعییەکان فەرامۆش بکرێت.

● کاتێــك باس لە بوونی ئۆپۆزســیۆن دەکرێت، واتە بــاس لە بوونی کۆمەڵگەی دیموکراتــی دەکرێت، ناکرێت و قبوڵ نییە، ئۆپۆزســیۆن بە ئاشــکرا بوونی هەبێت و بەئاشــکرا تەلەفزیۆن و رادیۆ و ســایتی ئەلکترۆنــی هەبێــت و ســنوور بۆهیچ چالاکییەکی سیاسیی ئەو لە چوارچێوەی یاسا دانەنرێت، سیستمی حکومڕانی وڵات بە تۆتالیتار و دیکتاتۆر وەسف بکات، ئەمە لە هیــچ وڵاتێکی دیموکراتی بوونی نییە، هەربۆیە کاتێك ئۆپۆزسیۆن ئەو مافە بەخۆی دەدات کە دەسەڵاتی سیاسیی بە تۆتالیتار و دیکتاتۆر وەســف دەکات، ئەوا پێشوەختە ناســنامەی ئۆپۆزســیۆنێکی نیشتمانی لەخــۆی وەردەگرێتەوە و خۆی ڕووبەڕووی ئەو پرســیارە بێ وەڵامە دەکاتەوە، ئەگەر ئەم دەسەڵاتە سیاسییەی ئێستا لەکوردستان بوونی هەیە دیکتاتۆر و تۆتالیتار بێت، ئایا تۆ چــۆن وەك ئۆپۆزســیۆن بوونت هەیە؟ ئایا بزووتنەوەی گۆڕان دەتوانێت بەرێگەی میدیاکانی خۆی نموونەی دەســەڵاتێکی دیکتاتــۆر و تۆتالیتارمان پیشــانبدا، کە ئۆپۆزســیۆن بە شێوەیەکی مەدەنیانە قبوڵ بکات؟ ئایا دەتوانێت چەند پەرەگرافێکمان بۆ بخاتە روو کە ئۆپۆزســیۆنی دەوڵەتانی دیموکراتی سیســتمی سیاسیی وڵاتەکەی خۆیان بەدیکتاتۆر و تۆتالیتار وەسف بکەن و بگەڕێت شەرعیەتی ڕووخانی سیستەمەکە لە شــەقامەوە وەربگرێت؟ ئایا هەتا ئێستا بیستوومانە حزبی کۆماری ئەمریکا لەبەر ئەوەی لە دەسەڵاتدا نییە، ئیدارەی ئۆباما بە دەسەڵاتێکی تۆتالیتار یان دیکتاتۆر ناو بەرێت؟ ئایا حزبی کۆماری یان دیموکراتی ئەمریکا، لەو کاتەی کەدەکەونە ئۆپۆزسیۆن، بە حکومڕانی ئەمریکا دەڵێن دەســەڵاتی حزبــی کۆمــاری یان دەســەڵاتی حزبی دیموکراتی؟ ئەم پرســیارانە بۆ ئەوە نین کە لایەنگیری بــۆ حزبەکانی نێو حکومەت و دژایەتی بزووتنەوەی گــۆڕان لە دەرەوەی حکومەت پیشان بدەین، بەڵکو ئەمە هەوڵێکە بــۆ گەڕانەوە بــۆ بنەمەکانــی گەمەی دیموکراتی و راهاتن لەســەر پابەندبوون بە بنەماکانی گەمەی دیموکراتییەوە.



کینس رۆبەرت بۆ گوڵان:


**سەرکردە پۆپۆلیستەکان لەو حاڵەتانەدا سەرهەڵدەدەن کە تیایدا دامەزراوەکان لاوازن یان کاتێک کە دامەزراوەکان دوچاری قەیرانێک بوون. هەربۆیە، بەهێزکردنی دامەزراوەکان باشترین ڕێگەن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی پۆپۆلیزم**

● ● ●

### دەرچوون لە بنەماکانی گەمەی دیموکراتی مانایەك بۆ دیموکراتی ناهێڵێتەوە

ئەگەر کۆمەڵگە گەیشــتە ئەو ئاستەی هەموو شتێکی تەواو بێ کەموکورتی بوو، واتە لەو کۆمەڵگەیە چالاکی ئەقڵ راوەستاوە، کارل پۆپەر سەبارەت بەم لایەنە پێیوایە زۆر جار پێشــکەوتنەکان کێشــەی تازە لەگەڵ خۆیان دەهێنن، هەر بۆنموونە پێشــکەوتنی زانستی پزیشکی بۆتە هۆکاری زیادبوونی لە رادەبەدەری ژمارەی دانیشتوانی جیهان، بۆیە ئەمە بۆتە کێشەیەك بیر لەوە کراوەتەوە رێگە لــەو زۆربوونە بەرێگەی دیاریکردنی ژمارەی لەدایکبوون بگیرێت، بەڵام دیسان

ئەم چارەسەرەش کێشەیەکی دیکەی بەدوای خۆیدا هێناوە، ئەویش زیادبوونی خەڵکانی بەتەمەن و کەمبوونەوەی ڕێژەی گەنجە کە دەستی کار لەوڵاتانی پێشکەتوو کەمدەکاتەوە و کۆمەڵگەکەش دەگۆڕێت بۆ کۆمەڵگەی بەساڵاچووان، واتە کۆمەڵگەیەك تەنیا خزمەت بکرێت و نەتوانێت هیچ خزمەتێك پێشکەش بکات، کەواتە ئەم میتۆدەی پۆپەر پێمان دەڵێت کێشەکانی کۆمەڵگەی دیموکراتی تەواو نابن، هەربۆیە لە وتارێکیدا کە بەناونیشانی مەزهەبی مەعریفە لە دیدێکی لۆژیکیانەوە و تیۆری پێشکەوتن لە ساڵی ١٩٧٢ لە رادیۆی ئەڵمانیا پێشکەشی کردووە، پۆپەر باس لە (فێربوون دەکات لە میانەی میتۆدی هەوڵدان و هەڵەکردن)ەوە لەسێ خاڵدا چڕیان دەکاتەوە کەبریتین لە ( ١- کێشەکە ٢- هەوڵەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە ٣- دوورخستنەوەی هەوڵە هەڵەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە)، پۆپەر هەوڵەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بە بەکارهێنانی مەعریفە گرێدەداتەوە، ئەمەش واتە هەموو کێشەیەك لە کۆمەڵگەی دیموکراتی ڕێگە چارەی خۆی هەیە و ئەو ڕێگە چارەیە لەسەر بنەمایەکی مەعریفی لە پێناوی پاراستنی مافی تاك لە کۆمەڵگە دارێژراوە، بۆیە ئەگەر لە چوارچێوەی ئەم میتۆدەی پۆپەر سەیری هەرێمی کوردستان بکەین و بپرسین ئایا لە کوردستان کێشە هەیە؟ ئەوا لەوەڵامدا ئەگەر بمانەوێت بەرامبەر بەو شێوەیە بگەینە قەناعەت کە هیچ کێشەیەك بوونی نییە، ئەوا مانای ئەوەیە دەمانەوێت بە خۆمان بڵێین چالاکی ئەقڵ لە کۆمەڵگەی ئێمە سڕبووە و هیچ پێشکەوتنێك لەم هەریمە بوونی نییە، بەڵام پرسیاری دیکە کە دێتە پێشەوە ئەوەیە ئایا کاتێك دان بەبوونی کێشەکە دەنێین ئایا چۆن هەوڵی چارەسەرکردنی بدەین؟ بێگومان پێویستە بۆ هەر کێشەیەك هەوڵەکان لەسەر بنەمایەکی مەعریفی و لۆژیکیانە ڕێکبخرێن و هەموو لایەك بگەنە ئەو قەناعەتەی کە دەبێت سەبارەت بە دوورخستنەوەی هەوڵە هەڵەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان دوور بخەینەوە، ئەگەر ئەم نەرمی نواندنە بۆ دوورخستنەوەی هەوڵە هەڵەکان لە کۆمەڵگە بوونی نەبێت، ئەوا مانای ئەوەیە ئێمە لە هەڵەکردن دەترسین و هابرماس وتەنیش گەورەترین هەڵە ئەو هەڵەیەیە کە لە هەڵەکردن بترسین، ئەمە مانای ئەوەیە لە کۆمەڵگەی دیموکراتی ئەگەر هەڵە بوونی نەبێت دیموکراتی بوونی نابێت، هەربۆیە تۆژەرێکی باڵای وەك تۆم گۆردن پالمەر لە ئامۆژگای کاتۆ سەبارەت بە و تەحدیانەی



ڕووبەڕووی پرۆسەی دیموکراتی لەوڵاتانی تازە پێگەیشتوو دەبێتەوە، ڕاشکاوانە ئاماژە بەوە دەکات دیموکراسی چارەسەری سیحرییانەی پێ نییە و لەمبارەوە دەڵێت ((مەزندە واقیعییەکان کلیلی پشتگیری و چەسپاندنی دیموکراتین، ئەگەر خەڵك چاوەڕێی ئاکامی سیحری لە دیموکراتی بکەن، ئەوا دوچاری نائومێدی دەبن و دەستبەرداری دیموکراتی دەبن، لەلایەکی دیکە ئەگەر خەڵك چاوەڕێی هەڵبژاردنی ئازاد و ڕەفتاری عادیلانە

لە حکومەت نەکەن، لەم حاڵەتە لەوانەیە نائومێد نەبن، بەڵام بەبێ شك بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ بە دیموکراتی شادنابن)).

**بەیاننامەکەی بزووتنەوەی گۆڕان هەوڵێکە بۆ کودەتاکردن بەسەر دیموکراتیدا، ئەوا دەشێت ناوی لێبنرێت هەوڵێك بۆ خۆجیاکردنەوە لە دیموکراسی و هاتنەدەرەوە لە چوارچێوەی ئەو بنەما یاسایی و دەستوورییانەی سیستمی سیاسیی ئەم وڵاتەی لەسەر بونیاد نراوە**

مەبەستی پالمەر لە پێکەوە بەستنەوەی ئەم حاڵەتی سەیرکردنی دیموکراتی بۆ بەدەستهێنانی ئاکامی سیحری وەك هۆکارێك بۆ نائومێد بوون و دەستبەردار بوون لە دیموکراتی و حاڵەتی دووەم بۆ نائومێد نەبوونی هاووڵاتی کاتێك ناعەدالەتی لە حکومەت دەبینێت، ئەوەیە کاتێك خەڵك چاوەڕێی ئاکامی سیحری لە دیموکراتی دەکات و پێیوایە کە وڵاتێك دیموکراتی بوو دەبێت هەموو کێشەکانی چارەسەر کرابن، ئەمە مانای ئەوەیە ئەو وڵاتە هەرگیز دروست نابێت کە کێشە و کەموکورتی و هەڵەی تیدا نەبێت، بۆیە لەم چوارچێوەیەدا دیموکراتیەت مانا واقیعیەکەی لەدەست دەدات و دەبێتە چەمکێکی تۆباوی، تەنیا کەسانێك کە بەم شێوازە دیموکراتی تەفسیر دەکەن و کێشەو کەموکورتییەکانی کۆمەڵگەی دیموکراتی دەکەنە ئایدلۆژیەتی خۆیان بۆ هاندانی رای گشتی و وەرگرتنی دەسەڵات، ئەو کەسانەن کە بۆیان ناکرێت بەرێگەی دیکە دژایەتی کۆمەڵگەی دیموکراتی و دامەزراوە شەرعی و دەستوورییەکانی بکەن، تەنیا لە رێگەی هاندانی شەقام و دروستکردنی ئاژاوە و ئاڵۆزییەوە نەبێت، ئەمە راست و راست دەمانگەیەنێتە ئەو ئاکامەی کە پیشاندانی هەڵە و کەموکوڕییەکان و دیاردەکانی گەندەڵی نێو سیستمە سیاسییەکە بۆ چارەسەرکردن و هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی رێگەچارەسەری لۆژیکانە نین، بەڵکو هەوڵەکان هەوڵی هەڵەن بۆ رووخانی سیستمەکە و لاوازکردنی دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی دیموکراتی و لابردنی ڤیتۆی دامەزراوەکان بۆ سنووردارکردنی دەسەڵات و سنووردارکردنی شێوازی کاری ئۆپۆزسیۆن لە چوارچێوەی دامەزراوە شەرعییەکانی سیستمە دیموکراسییەکەدا، سەبارەت بەم لایەنە گرنگە پرۆفیسۆر کینس رۆبەرت ئوستادی زانستی سیاسەت لەزانکۆی کۆڕنێل و تایبەتمەند لەسەر سیاسەتی بەراوردکاری لە ئەمریکای لاتینی سەبارەت بە لاوازکردنی دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی دیموکراتیەوە لەلایەن هەندێك سەرکردەی پۆپۆلیستەوە لە لێدوانێکی تایبەتی بۆ ئەم راپۆرتەی گوڵان، بەمجۆرەی قسەی بۆکردین و وتی: (بەڵێ ئەم بۆچوونەتان دروستە کە سەرکردە پۆپۆلیستەکان لەو حاڵەتانەدا سەرهەڵدەدەن کە تیایدا دامەزراوەکان لاوازن یان کاتێك کە دامەزراوەکان دوچاری قەیرانێك بوونە. هەربۆیە، بەهێزکردنی دامەزراوەکان باشترین دەرمانە لەدژی پۆپۆلیزم، بەڵام کێشەکە بریتییە لە چۆنیەتی ئەنجامدانی ئەمکارە، لەبەرئەوەی بەهێزکردنی دامەزراوەکان شتێکی ئاسان نییە و هیچ میتۆدێکی روون و سادەی بۆ نییە، بەڵام بەڕای من باشترین رێگەچارە لەدژی پۆپۆلیزم بریتییە لە هەبوونی پارتی سیاسی بەهێز کە لە پرۆسەی سیاسیدا نوێنەرایەتیی هاووڵاتیان بکەن و خاوەن متمانەیی بن لەنێو خەڵکدا. هەربۆیە، هەبوونی پارتی سیاسی بەهێز و سیستەمێکی دادوەری بەهێز و هەبوونی سیستەمێکی یاسادانانی بەهێز، هەموو دامەزراوەکان بەهێز بێت و مافی هاووڵاتیان دەستەبەربکات و وەڵامدانەوەی بۆ دەنگی هاووڵاتیان هەبێت لە پرۆسەی سیاسی، هەڵبەتە باشترین رێگەچارەیە لەدژی پۆپۆلیزم)).

سەبارەت بە چۆنییەتی تەوزیفکردنی دیاردەی گەندەڵی و نەهامەتییەکانی خەڵکیش لە گوتاری سیاسیی پۆپۆلیستەکاندا، پرۆفیسۆر رۆبەرت وتی: (رەخنەگرتن لە دیاردەی گەندەڵی یەکێکە لە شێوازەکانی دژایەتیکردنی دامەزراوە سیاسییەکان. پۆپۆلیستەکان بۆئەوەی بگەنە دەسەڵات و دەنگ بەدەست بێنن، هەڵدەستن بە رەخنەگرتن لە دامەزراوە سیاسییەکان و ناوبردنیان بە گەندەڵ بۆئەوەی کاریگەری لەسەر دەنگدەران دروست بکات. هەربۆیە، پێموایە کە ئەمە بەشێکە لە ستراتیژییەتەکانیان، لەبەرئەوەی هەر کەسێك لە وڵاتانی ئەمریکای لاتینی-دا بیەوێ خۆی هەڵبژێرێت، هەڵدەستێت بە رەخنەگرتن لە دامەزراوە سیاسییەکان و ناویان بە گەندەڵ دەبات تەنیا بۆ مەبەستی گەیشتن بە دەسەڵات. هەربۆیە، ئەم لایەنە تەنیا تایبەت بە کارئەکتەرە پۆپۆلیستەکان نییە، بەڵکو بەشێکە لە وتاری سیاسی و هەوڵدان بۆ وەدەستهێنانی دەنگ و گەیشتن بە دەسەڵات، بەڵام هیچ گومانێك لەوەدا نییە کە بەهۆی دیاردەی گەندەڵی و کاتێك کە ئاستەکانی گەندەڵی زۆر بەرز بێت بارەکە دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی کارئەکتەرە پۆپۆلیستەکان. ئەمەیە کە زۆرجار سەرکردە پۆپۆلیستەکان گەندەڵی لە وتارەکانیاندا بەکاردەهێنرێت تەنیا بۆ هاندانی خەڵکە بە مەبەستی گەیشتنی خۆیان بە دەسەڵات و زۆرجاریش خۆیان هیچ چارەسەرێکی

**ناکرێت ئۆپۆزسیۆن بە ئاشکرا بوونی هەبێت و بەئاشکرا تەلەفزیۆن و رادیۆ و سایتی ئەلکترۆنی هەبێت و سنوور بۆهیچ چالاکییەکی سیاسیی ئەو لە چوارچێوەی یاسا دانەنرێت، سیستمی حکومڕانی وڵات بە تۆتالیتار و دیکتاتۆر وەسف بکات**

بەدیلیان نییە بۆ کەمکردنەوەی دیاردەی گەندەڵی. پێموایە تاکە رێگەچارە بۆ کەمکردنەوەی ئاستی گەندەڵی بریتییە لە بەهێزکردنی دامەزراوەکان، بەشێوەیەك کە بتوانرێت یاساکان پیادە بکرێت و حکومەت جێگەی متمانە بێت و لەبەردەم یاسا بەرپرسیاربێت. هەربۆیە، پۆپۆلیستەکان دامەزراوەکان لاوازدەکەن و ئەمەش دەبێتە هۆکاری ئەوەی هێندەی دیکە ئاڵۆزبێت و کۆنترۆڵکردنی گەندەڵی قورستر بکرێت. لەبەر ئەوەی گەندەڵی لەو شوێنانەدا تەشەنە دەکات کە تیایدا دامەزراوەکان لاوازن، بۆیە دووبارەی دەکەمەوە من زیاتر جەخت



ستیفن دایمۆند بۆ گوڵان

# پێم باشترە لەبری ئەوەی پێیان بوترێت چەپی پۆپۆلیستی، پێیان بوترێت ستالینی یاخود ستالینییە نوێیەكان، لەبەر ئەوەی جیاوازی هەیە لەمڕووەوە. ڕژێمەكەی شافێز پتر لەسەر مۆدێلی كاسترۆ بنیادنراوە

• • •

دەكەمە ســەر دامەزراوەكانی یاســایی و نوێنەرایەتی. سیستەمێكی دادوەری بەهێز كە بتوانێــت مافەكانــی بەهاووڵاتییبوون دەستەبەربكات، لەگەڵ هەبوونی لیژنەیەكی یاسادانانی بەهێز و پارتی سیاسی بەهێز كە وەڵامدانەوەیان بۆ هاووڵاتیان هەبێت و بایەخ بە دەنگی خەڵك بــدات، بەڕای من ئەمە باشترین ڕێگەچارەیە)).

**سەروەریی یاسا و دامەزراوەكان بۆ پەرەپێدانی كۆمەڵگە**

پێشتر لەم ڕاپۆرتە ئاماژەمان بەوەكرد كە دیموكراتی بەمانــای دیموكراتی لیبرالی بەكاردەهێنرێــت، بەڵام لێرەوە دێینە ســەر لایەنێكی دیكە كــە دیموكراتی لیبرالیش بەبێ سەروەریی یاسا و بوونی دامەزراوەی بەهێز بوونــی نابێت، بۆیە پرســیار لێرەدا ئەوەیە ئایا پێوەندی نێوان لیبرال دیموكراتی و دامەزراوەكان چییە؟ سەبارەت بە وەڵامی ئەم پرسیارە پســپۆران پێیانوایە كە بایەخی بیرمەندان و سیاســەتمەداران لە كۆمەڵگەی دیموكراتی لەسەر ڕۆڵی سەروەریی یاسا لە بونیادی دامەزراوەكان و ڕۆڵی دامەزراوەكان لــە سەرخســتنی پەرەپێدانــی ئابــووری چڕدەبێتەوە، لیبرالیزمیش كە بەشدارییەكی كارای لــە بەدیهێنانــی خۆشــگوزەرانی بــۆ مرۆڤایەتی كــردووە، بێگومــان ئەم بەشداریكردنەی بەرێگەی ئەوە كە جەختی لەسەر ئەو دامەزراوانە كردۆتەوە كە بەیاسا بونیاد نراون و دامەزراوەكانیش خۆیان بوونە پاڵپشــتێك بۆ چەســپاندنی یاسا، هەربۆیە بۆ ئەوەی لــە پێوەندی نێــوان لیبرالیزم و ئــەو دامەزراوانە تێبگەین، ئەوا دەبێت پێش هەموو شــت دوو خاڵی گرنگ لە یەكتری جیابكەینەوە و لەخۆمان بپرســین ئایا ئێمە دژی حكومەتین یــان ئێمە بۆ بەرژەوەندی دیاریكردنــی دەســەڵاتەكانی حكومــەت كاردەكەیــن؟ زۆرجار ئەم دوو لایەنە تێكەڵ دەكرێن بەتایبەتی لەلایەن ئەو كەسانەی كە نایەنەوێت كۆمەڵگە بەرەو لیبرالیەت هەنگاو هەڵبگرێت، بەڵام ئەمە مانای ئەوەنییە كە ئەوانــەی كەیفیان بــە لیبرالیزم نایەت ئەو خەڵكانەبــن كە خاوەنــی ئایدۆلۆژیەتێكی تایبــەت و دیاریكــراو بــن، بەڵكو هەموو ئــەو خەڵكانە دەگرێتەوە كــە حكومەت و دەسەڵاتی دیاریكراو و ڕەتدەكەنەوە و بانگێشە بــۆ حكومەتی دەســەڵاتی ڕەهــا دەكەن، هەربۆیە هەمــوو ئەو كەســانە چەپ بن یان عەلمانی یان ئایینــی هەموو هەوڵیان بۆ ئەوەیە كــە حكومەت لاواز بكەن، بەڵام بەپێچەوانــەی ئەوانەوە، ئەو كەســانەی لە چوارچێوەی سیســتەمی لیبرال دیموكراتیدا ســەیری حكومەت دەكەن، ئەوان نایانەوێت حكومــەت لاواز بێــت، بەڵكــو دەیانەوێت حكومــەت كۆمەڵێك ئەركــی دیاریكراوی هەبێت و ئەو ئەركە دیاریكراوانە بە بەهێزی و چالاكانە جێبەجێ بكات، بۆ قســەكردن لەسەر بەهێزی دامەزراوەكان و ڕۆڵی یاسا لە بونیادی دامەزراوەكان و بوونی دامەزراوەكان بە پاڵپشــتێك بۆ چەســپاندنی سەروەریی یاســا، پرۆفیســۆر دایان دەیڤس ئوستادی سیســیۆلۆژیای سیاســیی لــە زانكۆی ماسیۆشێتد لە لێدوانێكی تایبەتی بۆ گوڵان و سەبارەت بەم پرسە وتی: ((با جارێ باس لەوە بكەم كە بەهێزكردنی ســەروەریی یاسا و بەهێزكردنی دامەزراوە دیموكراســییەكان و دابینكردنــی جــۆرە متمانەییەك لەلایەن دەوڵەت بۆ هاووڵاتییەكانی شــتێكی هەر زۆر زۆر گرنگــە، ئەم لایەنــە گرنگترین شتە بۆ مامەڵەكردن لەگەڵ بیر و بۆچوونە جیاوازەكان لەڕووی سیاسی و ئابووری ...و تاد، بەڵام ئەگەر پرسیارەكە ئەوە بێت چۆن ئەم سەروەریی یاســا و دامەزراوەیی بەهێز بونیاد دەنرێت؟ ئــەوا لەوەڵامدا پێتان دەڵێم ئەمە تێكۆشانی ســەدەی بیستەهەم بوو و تاكــو ئەمرۆش تێكۆشــانەكە بەردەوامە و بووەتە تەحەددای سەدەی بیست و یەكەمین. ئایا چۆن بتوانین دامەزراوە دیموكراسییەكان بەهێز بكەین؟ بەتایبەتــی لە جیهانێك كە بەردەوامە لە ڕۆیشــتن بەرەو ئاراستەكانی نایەكسانی و هەبوونی توندوتیژی، بەڕای من بەهێزكردنی دامەزراوە دیموكراسییەكان لەم هەلومەرجەدا زۆر زەحمەتە لەبەرئەوەی نایەكســانی لە داهاتــەكان هەیە، زۆربەی خەڵكــی دەڵێن: «گرنگ نییە بۆ دەنگدان بڕۆین، گرنــگ ئەوەیە بژێوی ژیان دابین بكەین و برسی نەبین»، لەم چوارچێوەیەدا پێموایــە كــە میدیــای ئــازاد و ئازادی دەربڕین زۆر گرنگە لەبەرئەوەی هاووڵاتیان پێویســتییان هەیە بە تێگەیشــتن لەبارەی چۆنییەتی دروستكردنی بڕیارەكان و زانینی ئەوەی كە ئایا بڕیارەكان بۆیان گونجاوە یان نا. بەبێ میدیای ئازاد هاووڵاتیان هەرگیز

**بوونی دامەزراوەی دیموكراتی بەهێز باشترین بەربەستن لە بەردەم سیستەمێكی گەندەڵ و سیستەمێكی پۆپۆلستیدا كە دواتر بەرەو دەسەڵاتخوازی سەردەكێشێت**

نازانن بڕیارەكان چۆن دروستكراوە).

ئــەوەی خاتــوو دایان ئامــاژەی پێكرد تەنیا زەحمەتی بونیادی دامەزراوەی بەهێز بــوو لە كۆمەڵگــە، بەڵام پرســیار ئەوەیە ئایــا زەحمەتیەكە چەنــد بەرامبەر دەبێت ئەگەر هێزێك خــۆی بەچەپ بزانێت و لە كۆمەڵگەدا هەبێت بە ئاراســتەی پێچەوانە كار بــۆ لاوازكردنی دامــەزراوەكان بكات؟ لەوەڵامــی ئــەم پرســیارە و لەلێدوانێكی

تایبەتی بۆ گوڵان پرۆفیسۆر ستیفن دایمۆند ئوستادی یاسا لە زانکۆی سانتا کلارا وتی: ((ڕەنگە وەسفکردنی ئەوانە بە چەپڕەو جێی مشتومڕ بێت، پێم باشترە پێیان بووترێت پۆپۆلیستی دەسەڵاتخواز، کە ئەم پۆپۆلیستانەش لە بەشێکیدا کاردانەوەی ئەو چاکسازیە نیولیبراڵیەن کە لە ماوەی ٢٥ ساڵی ڕابردوودا لە زۆربەی بەشەکانی جیهانی تازەگەشەکردوودا ئەنجام دەدرێن. واتە لە بنەڕەتدا هەوڵێکە بۆ خۆگونجاندن

## بوونی دامەزراوە بەهێزەکان دەبێتەهۆی دەرفەت دروستکردن بۆ ئەوەی خەڵکی بتوانن لەڕێی دەنگدان و هەڵبژاردنی پاڵێوراوە جیاوازەکانەوە گوزارشت لە بۆچوونی سیاسی خۆیان بکەن

لەگەڵ ئەو تەحەدیاتانەی هەوڵەکانی دووبارە ئاوەدانکردنەوە و بە تایبەتکردن دروستی کردون، کە بە ڕای من ئەمە ئاراستەگرتنێکی سلبی ڕووداوەکانە و پێوەندی هەیە بەو تێڕوانینەی واشنتۆنەوە کە هەوڵدراوە بەسەر جیهاندا بسەپێنرێت. هەربۆیە پێم باشترە لەبری ئەوەی پێیان بوترێت مارکسی یان چەپ، پێیان بوترێت ستالینی یاخود ستالینییە نوێیەکان، لەبەر ئەوەی جیاوازی هەیە لەمڕووەوە. لە ڕاستیدا سروشتی ئەم ڕژێمانە وەك ڕژێمەکەی شافێز پتر لەسەر مۆدێلی کاسترۆ بنیادنراوەتەوە، شافێز مەیلی بەلای ئەو بزووتنەوانەدا هەیە کە دەسەڵاتخوازن، ئەو بزووتنەوانەی دوای ئەوەی دەسەڵات دەگرنەدەست، هەوڵی پتەوکردن و قایمکردنی دەسەڵات دەدەن، کە لە سەرەتادا لە ساڵانی هەشتاکان و نەوەتەکاندا وەك هێز و بزووتنەوەیەکی دیموکراتی دەرکەوتن و دواتر کۆنترۆڵێکی تەواوی دەوڵەتیان کرد و دەسەڵاتی خۆیان بەرفراوان کرد، ئەمەش وەك کاردانەوە و دژایەتیکردنی چاکسازی سەرمایەداری کە بریتی بوو لە بەتایبەتکردن، بەڵام دواتر شێواز و میکانیزمی دەسەڵاتخوازانەیان بەرکاهێنا بۆ ئەوەی وڵاتەکە بەو ئاراستە سیاسی و ئابووریەدا ببەن کە خۆیان خوازیاری بوون، ئەمەش تەحەدیەکی ڕاستەقینەیە بۆ بزووتنەوە دیموکراتییەکان، هەربۆیە بوونی دامەزراوەی دیموکراتی بەهێز باشترین بەربەستە لە بەردەم سیستمێکی گەندەڵ و سیستمێکی پۆپۆلستیدا کە دواتر بەرەو دەسەڵاتخوازی سەردەکێشێت، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە ئەم دامەزراوانە لە چ سیاقێکدا کاردەکەن، کە دەبێت لەکاتی بنیادنانی ئەو دامەزراوانە کراوەیی و شەفافیەت و دیموکراسی ڕەچاوبکرێت، بەڵام کاتێك بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان دەسەڵات تەسلیم بە نوخبەیەکی بچووك دەکەن، ئەوا مایەی گیروگرفت دەبێت. کەواتە مەسەلەکە دەوەستێتەسەر ئەوەی ئایا دامەزراوەکان چ خەسڵەتێکی کۆمەڵایەتیان هەیە. کەواتە ئەوە هەمیشە تەحەدایەکی کە خەڵکی هەوڵی دارشتن و بنیادنانی ئەو دامەزراوانە بدەن کە لە ڕێگەیانەوە کاروبارەکانی حکومڕانی بەڕێوەببردرێت. دەبێت خەڵکی وڵاتە تازەگەشەکردووەکان، خەڵکی عێراق بەشێوەیەکی دیموکراتی، بەشێوەیەکی جەماعی هەڵبستن بە خۆڕێکخستن لە چوارچێوەیەکدا، بۆ نموونە لە یەکێتیە بازرگانییەکاندا. واتە دەبێت تەئکید لەسەر ئەوە بکرێتەوە خەڵکی خۆیان لە چوارچێوەی ئەم دامەزراوە دیموکراتیانەدا، وەك پارتە سیاسییەکان، کۆمەڵە ڕێکخبەن بۆ ئەوەی بتوانن گوزارشت لە خۆیان بکەن)).

ئەوەی پرۆفیسۆر دایمۆند جەختی لەسەر دەکاتەوە ئەوەیە لەکاتی چارەسەرکردنی کێشەکاندا هەموو لایەنەکان هەوڵبدەن بە ڕێگەی دامەزراوە شەرعییەکانی نێو سیستەمە دیموکراتییەکە هەوڵبدەن کێشەکانی خۆیان چارەسەر بکەن، بەڵام سەبارەت بە دروستبوونی گیانی هاریکاری نێوان لایەنە سیاسییەکان بۆ گەڕانەوە بۆ دامەزراوە شەرعییەکان، پرۆفیسۆر لیسلی ئیلۆت ئوستادی زانستی سیاسەت و تایبەتمەند لە سیاسەتی ئەمریکای لاتینی لە زانکۆی بیرکلی لە لێدوانێکی تایبەتی بۆ گوڵان وتی: ((دەبێت سەرکردەی گروپە جیاوازەکان ئیرادەی پێکەوەکارکردنیان هەبێت، ئەوەندە متمانەیان بەیەك هەبێت بتوانن پرۆسەیەکی هاوبەش ئەنجام بدەن، لەبەر ئەوەی ئەگەر هەستت بە ڕق و بێ متمانەیی بکەن لە ئاست یەکتردا، ئەوا هیچ ڕێگەیەکی بەرەوپێشچوون لە ئارادا نابێت. ئەوجا ئەگەر سەبارەت بە دامەزراوەکان دەتوانم بڵێم بوونی دامەزراوە بەهێزەکان دەبێتەهۆی دەرفەت دروستکردن بۆ ئەوەی خەڵکی بتوانن لەڕێی دەنگدان و هەڵبژاردنی پاڵێوراوە جیاوازەکانەوە گوزارشت لە بۆچوونی سیاسی خۆیان بکەن،




لیسلی ئیلۆت بۆ گوڵان:

## دەبێت گروپە جیاوازەکان ئیرادەی پێکەوەکارکردنیان هەبێت، ئەوەندە متمانەیان بەیەک هەبێت بتوانن پرۆسەیەکی هاوبەش پێکەوە ئەنجام بدەن

• • •

گرنگی دامەزراوەکانیش لەوەدایە هەر کاتێك سەرۆك هەڵبژێردرا، ئەوا ناتوانێت هەر کارێك ئەنجام بدات کە خوازیارێتی، بۆ نموونە ناتوانێت بێ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی پەرلەمان یاسا دەربکات. وتەیەکی ئادەم شوارزتزکی هەیە، کە باس لەوە دەکات دیموکراسی دۆڕانی ئەو کەسانە لەخۆدەگرێت کە لە دەسەڵاتدان. واتە هەمیشە ئەگەری ئەوە هەیە کە ئەو کەسانەی لە دەسەڵاتدان و لە دەسەڵات دووربخرێنەوە و کەسانی دیکە دەسەڵات بگرنەدەست، ئەوە مایەی دڵنیاییە، لەبەر ئەوەی ئەگەر خەڵکی باوەڕیان بەمجۆرە کارکردنە هەبێت، ئەوا زەحمەتە هێزە پۆپۆلیستە تێکدەرەکان دروست بن و دەربکەون)).



جۆرج بێردۆ

# ئیشکالیەتی ئازادی و پێگەیاندنی



دکتۆر شێرزاد نەجار

تایبەت بە گوڵان نووسیویەتی

ئەو پرسیارە هزرییانەی مرۆڤ کەلەسەر بابەتە بنەڕەتیەکانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتین (سەبارەت بە: ژیانی ئایدیالی، جڤاکی باش، حوکمی دادپەروەرانە، حوکم کردنی باش) لەحەقیقەتدا گوزارەگەلێکی پێوەندیدارن بە ناوەڕۆکی سیاسەتەوە، سیاسەتیش گەر وەك کاروچالاکییەکی مرۆڤانە وەربگیرێت ئەوا لەئامانجیدایە خێری گشتی و سوودو بەرژەوەندی هاوبەش بۆ هەمووان مسۆگەربکات، بەڵام تراژیدیای سیاسەت کاتێك دەست پێدەکات کە کۆمەڵگە بۆ دوو توێژ دابەش دەبن، توێژێکی کەمی دەسەڵاتتدار و توێژێکی زۆری مەحکومکراو، لێرەوە سامناکی دیاردەی چەوسانەوەو زۆرداری دەردەکەوێت و سیاسەت هاوشانی گەندەڵی دەبێت و لەرێڕەوی ڕاستی خۆی دەردەپەڕێتە دەرەوە و لە خێری گشتی دەترازێت .

لەگەڵ پەرەسەندنی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا پێداویستی بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر دیاردەی سیاسەت و تێگەیشتن لە واقیعی سیاسی سەری هەڵداوە، لەم رێگەیەوەو بەو مەبەستە چەندین یاسا بۆ شرۆڤەکردن و راڤەکردنی چالاکی و بزاڤەکانی ئەم واقیعە داڕێژرانەوە بەڵام ئەم پرۆسە پڕ بایەخ و گرنگە بەبێ ئامادەسازی و راهێنانەوەی هاووڵاتیان ئەنجام نادرێت، راهێنانیان لەسەر وەزیفە بنەڕەتییەکانی سیاسەت و لە پێناوی سەرکردایەتیکردنی کۆمەڵگە و دەوڵەتتدا، بەمەوە رێبازی زانستی سیاسەت ئەرکێکی زەحمەتی کەوتە سەرشان کە ئەرکی ئامادەکردن و پەروەردەکردنی هاووڵاتی باش و ژیاندۆستە، ئەم ئەرکەش گرێدروەتەوە بە ئازادییەکانیانەوە، بۆیە مێژووی مرۆڤایەتی لە سەدەی شازدەیەمەوە لە ئەوروپاوە شایەتحاڵ بوون لەسەر گۆڕانکارییە بنەڕەتییەکانی بەرگریکردن لەپرەنسیپەکانی ئازادیی (بەتایبەت لە جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤ و هاووڵاتییان لە ساڵی ١٧٨٩ز دا کاتێك شۆڕشی فەرەنسا بەرپا بوو) .

### بەڵام ئەم رێبازە بەرگری لەچی دەکات؟

ئاشکرایە کە یەکێك لە ئەرکەکانی دەوڵەت پاراستنی ئازادییەکانە، دەسەڵاتی سیاسیی پێویستە پابەند بێت بە مەبدەئی وەکیەکیبوونی مافی سیاسی بۆ هەموو هاووڵاتییان، کەواتە ئەم دەسەڵاتە پێویستە پابەند بێت بە ڕای گشتی گەلەوە، لەمبارەیەوە پرۆفیسۆری فەرەنسی بەناوبانگ جۆرج بێردۆ دەڵێت (خەڵکی کە دەوڵەتیان داهێنا بۆ ئەوە بوو تاکو کڕنۆش بۆ هیچ کەسێك نەبەن، بەڵکو دەوڵەت بکەنە سەنتەرو دینگەیەك بۆ ئەو هێزەی کە هەستی پێدەکەن و سەنگ و بایەخی خۆی هەیە بۆیان، هەروەها دەوڵەت ئامرازێکی دەسەڵاتە بۆ ئەو کەسانەی بەناویەوە حوکم دەکەن، دەوڵەت بەم شێوەیە لەبەرهەمی زیرەکایەتی مرۆڤایەتییە و گوزارشت لە بیرۆکەی مرۆڤ و هاووڵاتی بوون دەکات، کەواتە چالاکییەکی خولقێنەرانەی بەردەوامە و لەسەر تاکەکانی کۆمەڵگە پێویستە توانایەکی فیکری بخەنە گەڕ بۆ یەکخستنی کۆمەڵ لە ژێرسایەی داب و عورف و یاسایەکدا روونتر گوێبیستی کۆمەڵێك بەهای مۆراڵی بن کە ئاگایی بوون و هۆشیارییەك لای مرۆڤ دەخولقێنێ بۆ گوێرایەڵ بوونیان لەبەرامبەر رژێمێکی دیاریکراودا ).لەم رۆڵە گرنگەی دەوڵەتەوە بۆ کۆمەڵگە، فەیلەسووفانی بواری سیاسەت هەندێك مەسەلەی گرنگیان وروژاندووە، واتە فەلسەفاندنیان سەبارەت بە دەوڵەت هێناوەتە ئاراوە، بەتایبەت لای فەیلەسووفە

> ((خەڵکی کە چەمکی دەوڵەتیان داهێنا بۆ ئەوە بوو تاکو کڕنۆش بۆ هیچ کەسێک نەبەن، بەڵکو دەوڵەت بکەنە سەنتەرو دینگەیەک بۆ ئەو هێزەی کە هەستی پێدەکەن و سەنگ و بایەخی خۆی هەیە بۆیان، هەروەها دەوڵەت ئامڕازێکی دەسەلاتە بۆ ئەو کەسانەی بەناویەوە حوکم دەکەن، دەوڵەت بەم شێوەیە لەبەرهەمی زیرەکایەتی مرۆڤایەتییە و گوزارشت لە بیرۆکەی مرۆڤ و هاووڵاتی بوون دەکات، کەواتە چالاکییەکی خولقێنەرانەی بەردەوامە و لەسەرتاکەکانی کۆمەڵگە پێویستە توانایەکی فیکری بخەنە گەڕ بۆ یەکخستنی کۆمەڵ لە ژێرسایەی داب و عورف و یاسایەکدا روونتر گوێبیستی کۆمەڵێک بەهای مۆراڵی بن کە ئاگایی بوون و هۆشیارییەک لای مرۆڤ دەخولقێنێ بۆ گوێرایەڵ بوونیان لەبەرامبەر رژێمێکی دیاریکراودا))

# هاووڵاتییان لە فەلسەفەی سیاسیدا

ئەلمانیەکانی وەك کانت، مارکس، هیگڵ، ماکس ڤیبەر و تا دەگات بەهابرمارس، لە هەموو ئەو بیروبۆچوونانەی ئەواندا جەخت دەکرایەوە لەسەر ڕۆڵی هاووڵاتی بوون لە دەوڵەتدا، ئیرادەی هاووڵاتی یان ویستی هاووڵاتییان بناغەیەکە بۆ موحاسەبەکردنی فەرمانڕەوایان لەلایەن مەحکومکراوانەوە..

یەکێك لە پڕبایەخترین رژێمی هەڵبژێردراو لەسەر ڕای هاووڵاتی بوون، رژێمی دیموکراتیەتە، بەڵام ئایا ئەو رژێمە بە مەسەلەی زۆرینەی ڕەهاوە گرێدراوە یان ئایا دیموکراتیەت بە دەسەڵاتی زۆرینەی ڕەهاوە پابەند کراوە؟؟


لە راستیدا دیموکراتییەت واتە حوکمی گەل ؛ حوکم لەرێگەی نوێنەرانی هەڵبژێردراوی خەڵکەوە، خەڵکانێکی کەم کە زۆرینە دەنگیان پێداون بۆ گرتنە دەستی حوکم، بەڵام ئەم مافە گرێبەندە بەمافەکانی دیکەشەوە، وەك مافی بە ئۆپۆزسیۆن بوون، مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ، هەروەها چەسپاندن و پارێزگاریکردن لە مافی هەموان بە هۆی دادگا دەستوورییەکانەوە.

ئەم مەسەلانە راستەوخۆ نەبەستراونەتەوە بە چەمکی دیموکراتیەتەوە. بەڵکو لەمیانەی ئەو پەرەسەندنە وەدیهاتووانەی لە مێژووی فیکری سیاسیدا روویانداوە، تا دەگاتە پەرەسەندنی چەمکی دەوڵەت و پەرەسەندنی رژێمی دیموکراتی، کە بەشێوازێکی ئاسۆیی هیچ کەسێك دەستبەردار نابێت لێیان، بەڵام بەپێی رای پرۆفیسۆرێکی ئەڵمانی بەناوی «جۆنبێرگەر» کە یەکێکە لە رەخنەگرانی بنەمای زۆرینەی ڕەها تێبینی کردووە کە بەپێی بارودۆخی ئێستا هیچ ئامرازێکی دیکەی قبوڵکراو و کاریگەر بۆ دروستکردنی بڕیار بوونی نییە، جگە لە بڕیاری زۆرینەی رەها نەبێت، جۆنبێرگەر بەم حاڵەتە رازی نییە و رەخنەی لێدەگرێ و دەڵێت بۆ نموونە ئێمە هەر لەدێرزەمانەوە دوو کۆمەڵگەمان هەیە، کە پێوەندیان بە یەکترەوە نییە، لە زۆربەی حاڵەتەکانیشدا بەهەمان زمان نادوێن و هەرکامیان بەپێی پێوەری خۆی واقیعەکە دەپێوێت و راڤەی بۆ دەکات، هەروەها بەپێی حەزو ئارەزووەکانی خۆی کە جیاوازە لە حەزو ئارەزووی کۆمەڵگەیەکی تر، کەواتە بنەمای زۆرینەی رەها بێ رەخنە نییە، گرنگترین ئەو رەخنانەی لێیدەگیرێن بریتین لە یەکەم:

هەڵسەنگاندنی ئیجابییانە بۆ بنەمای زۆرینەی رەها گومانی زۆری تێدایە، چونکە زۆرینە لە واقیعدا زۆربەی جار بە هەڵەدادەبرێن و سەرلێشێوێندراوو فریودراون ئەمەش لەئاکامی سیاسەتێکی دوو فاقیانەی کەمینەوە کە مومارەسەی سیاسەت بەلایانەوە فشارهێنانە بۆ زۆرینەو خۆڵکردنەچاویانە تا بە ساختەکارییەوە بڕیار و رای گشتی پێ دروست بکەن وئامانجەکانی خۆیانی پێ ئەنجام بدەن، دواتر دیاردەی شەرعییەتی ساختەکراو سەرهەڵبدات.

دووەم:

لە گرنگترین پێداویستییەکانی دەوڵەتی یاسایی مۆدێرنەدا و هەروەها گرنگترین هەلومەرجی جێبەجێکردنی بنەمای زۆرینەی رەها لە دیموکراتییەتدا بریتییە لە لێکدابڕانی هەردوو خانەی گشتی و تایبەت، ئەم بنەمایە زۆربەی جار فشاری بۆ دەوڵەت هێناوە کە بکەوێتە ناو خانە تایبەتەکانەوە، بەمەش لە بڕیاری زۆرینە دووربکەوێتەوە.



سێیەم:

مەترسی لەسەر بریارەکانی زۆرینە هەیە بەوەی بکەونە بەرتەوژمی رێگە نارێك و نابەجێیکانی کەمینەیەکەوە.

چوارەم:

زیادبوون و فراوانبوونی کەلێن لەنێوان ئەوانەی کە هاوبەشن لە بڕیاردروستکردن و ئەوانەش کە بڕیارەکان دەیانگرێتەوە بەسەریاندا دەچەسپێنرێت ..

پێنجەم:

بوونی حاڵەتێکی نیگەرانی لە نێوان سیاسەتی گشتی و سیاسەتی تایبەتیدا.

شەشەم:

زۆربەئاسانی دەتوانرێت هاووڵاتییانی بەشداربوو لە پرۆسەی سیاسیدا بە بانگەشە بەرەو بیروبۆچوونی هەڵە ببرێن بۆ نموونە، خۆشگوزەرانی گشتی بکرێتە قوربانی هەندێك دروشمی بێ بنەمای نافۆرمەلەکراو.

بۆ چارەسەرکردنی ئەم حاڵەتانە جۆنبێرگەر پێشنیاز دەکات کە بنەمای رێبازێك دابڕێژرێت لە رێگەی:

یەکەم: لامەرکەزییەت.

دووەم: بەهێزکردنی مافی نوێنەرایەتیکردنی رێژەیی.

سێیەم: بەهێزکردنی ناوەندی کەمینەی سیاسی.

چوارەم: فراوانکردنی مافە بنەڕەتییەکانی هاووڵاتیان.

لێرەوە مەسەلەی پەروەردەکردن وپێگەیاندنی هاووڵاتی رۆڵێکی گرنگ لەم پرۆسە سیاسییە ئاڵۆزەدا دەگێڕێت کە پەیوەندی بە هاوبەشی کردنی هاووڵاتییانەوە هەیە لەسەر وەرگرتنی بڕیار. واتە هەوڵێك هەیە بۆ لێکبەستنەوەی رژێمی سیاسی و پرۆسەی پێگەیاندنی سیاسی و کۆمەڵایەتی هاووڵاتییان (بەتایبەت پرۆسەی پەروەردەکردنی هاووڵاتی).

ئەم بابەتە لە فەلسەفەی سیاسیدا زۆر کۆنە . لەو کاتەوەی کە ئەفلاتون پێیوابوو پەروەردە بریتییە لە پارێزگاریکردنی پێوەندییە سیاسییەکان لەلایەك و رێکخستنی پێوەندی نێوان ئامڕاز و ئامانج لەلایەکی ترەوە، هەر لەوکاتەوەش کە ئەرەستۆ لە ژێر تیشکی بنەماکانی دەستووریدا داوای پەروەردەی هاووڵاتییانی کردوە، ئەم بابەتە زیاتر هاتۆتە پێشەوە، لەچوارچێوەی دەوڵەتی قانووندا مەسەلەی پەروەردەکردنی هاووڵاتی پێویستە لەگەڵ رێبازەکانی دەوڵەتی قانوندا هاوگونجاو بێت، هەروەها گرێدراو بێت بە بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری ئەو دەوڵەتەوە، بەشێوەیەك هاووڵاتی نەخاتە سەر ئەو قەناعەتەی کە وەك بەکاربەرێك خۆی ببینێتەوە، بۆیە گرنگە لە چەمکی دەوڵەتی هاوچەرخدا پرۆسەی پەروەردەکردنی هاووڵاتی بە دیموکراتییەتەوە ببەسترێتەوە، بۆیە پێویستە دەوڵەتی قانون و دەوڵەتی دیموکراتی لە یەکتری نزیك بکرێنەوە، بەم شێوەیە پرۆسەی پەروەردەی هاووڵاتی پێویستە بەپێی بنەماکانی رۆحی دیموکراسییەت ئەنجام بدرێت، هەروەکو زانایانی سیاسەت جەختی لێدەکەنەوە، رژێمی دەستووری دەوڵەتێك کاتێك شکست دەهێنێ کە نەتوانێت ئەو بەهایانەی سیاسییەکان بڕوایان پێیەتی لەگەڵ رەفتاری رۆژانەی خەڵکی بگونجێنرێت، گەر ئەم گونجانە روویدا، ئەوا نزیك خستنەوەیەك لە نێوان رژێمی کۆمەڵایەتی و رژێمی سیاسی روودەدات، ئەوسا دەتوانین بڵێین خاڵە هاوبەشەکانی نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگە لە کوێدان؟

لەمبارەیەوە جان جاك رۆسۆ پرسیارێکی کردووە: چۆن دەکرێت هاوگونجان لەنێوان پەروەردەی هاووڵاتی و پەروەردەی مرۆڤایەتی دروست بکرێت؟ ئەم گرفتە پێشتر ئەرەستۆ باسی لێکردبوو، کاتێك لەسەر جیاوازی



مۆراڵیانەی نێوان سیاسەت و مرۆڤایەتی موحازەرەی دابوو، هەروەها وتبووی هەموو دەستوورێك لەگەڵ عورف و نەریت و هەڵسوکەوتی هاووڵاتیان دەگونجێت، ئەمەش جەخت کردنەوە بوو لەسەر دامەزراندنی ئەو هاوگونجانەی نێوان بەها کۆمەڵایەتی و بەها سیاسییەکان. دواتر لەم دواییانەدا پرۆفیسۆر شنایدەر دەڵێت: بوارە ناسیاسیەکانی ژیان پێویستە دیموکراتیزە بکرێن تاکو دیموکراتییەت لاواز دەرنەچێت، لەم چوارچێوەیەشدا پرۆفیسۆر «دارندۆر» باس لەو فەزیڵەتانە دەکات کە دیموکراتییەت پێویستییەتی، لە دەروازەی داواکاری و وەزیفە کۆمەڵایەتییەکانەوە دەڵێت مەزنییەتی و جوانی فەزیڵەتە گشتییەکان لە چوارچێوەی بەها کۆمەڵایەتییە باوەکاندا مەرجێکی پێویستە بۆ کارایی بوون و ئەکتیڤ بوونی ئازادی و دواتر کارا بوونی دیموکراتیەتیش.

بەمشێوەیە رۆحی دیموکراتییەتی ئازاد لەلایەن «دارندۆرك»ەوە لەسەر عەقڵانییەتێك پێکهاتووە، هەمان ئەو ناساندنەی خاوەن تیۆری رەخنەگرتن واتە لایەنگرانی قوتابخانەی فرانکفۆرتی هەیە، کاتێك دیموکراتییەت دەبەستێتەوە بە دەستووری کۆمەڵگەیەکەوە کە پابەندە بە یەکسانی و ئازادییەوە، بەشێوەیەك ناعەقڵانییەت لەکۆمەڵگەدا دەسڕدرێتەوە. ئەم عەقڵانییەتەی بەپێی رای بیرمەندی ئەڵمانی ڤۆکلاین پێویستە عەقڵانیەتێکە بۆ بەستنەوەی هاووڵاتیان بە دیموکراتیەتەوە. لێرەوە مەسەلەی هۆشیاری دیموکراتی دەگەشێتەوە، بەشێوەیەك لە شێوەکان دیموکراتییەت دەبەسترێتەوە بە بیرۆکەی سوودوقازانجی گشتی و خێری هەموانەوە بەپێی ئەو بنەمایەی کە دەڵێت دەوڵەت بۆ خزمەتی مرۆڤە نەك بەپێچەوانەوە. بەم شێوەیە پەروەردەی هاووڵاتیان پێویستە پابەند بێت بە فیکرەی بوونی دەوڵەتێکەوە. بەڵام لە ژێر هەنجەتی گەلەکۆمەکێ و هاریکاری کۆمەڵایەتی نابێت بە خراپ یان بە هەڵە ئەم پەروەردە دروستە بشێوێنرێت.

کاتێك پرۆسەی پەروەردە پشتبەستوو دەبێت بە ئازادییەکان و بەرپرسیارێتی تاك و بەرپرسیارێتی کۆمەڵەوە. ئەمە لە واتادا بوونی دەرفەتێکە بۆ وەدیهاتنی ئازادی و هۆشیاری، هۆشیاری هاووڵاتییان لە ناو پرۆسەی دیموکراتیەتدا لەوەدایە بزانرێت بەدوای چ بەرژەوەندییەکدا کەوتوون، لەم چوارچێوەیەشدا پێویستە هاووڵاتی مەرجە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکە بناسێت، ئەو مەرجانەی ژیانی شەخسی هاووڵاتی بەرەو کاری چاکە ئاراستە دەکەن، بەڵام ئەم ئاراستە کردنە لەسەردەمی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتیەی خێراکان و وەرچەرخانە مەترسیدارەکاندا بەس نین بۆ ئاراستەکردنی ژیان، لەبەر ئەوە لە پرۆسەی پێگەیشتنی سیاسیدا، پێویستە بەپێی پێویست بۆ مەسەلەی دیموکراتی بەرپرسیارێتی سیاسی هاووڵاتیان لەئەستۆ بگیرێت، چونکە ئەوە بەستراوەتە بە متمانە و بڕوای هاووڵاتی بەدەوڵەتەوە.

ئەو گۆڕانکاری و پەرەسەندن و وەرچەرخانە کتوپڕانەی کۆتاییەکانی سەدەی رابردوو، سەرەتاکانی سەدەی ئێستا بوونەتە هۆی ئەوەی بەشێوەیەکی دینامیکی چەمکی هاووڵاتی بوون گۆڕانکارییان بەسەردابێت، چونکە کۆمەڵگە و دەوڵەتیش لە ئاوێتەبوون و میکانیزمدان و کارلێکیان هەیە لەگەڵ یەکتردا. ئەم جووڵە و بزاڤەش کار دەکاتە سەر هۆشیاری سیاسی و لایەنگریکردنی سیاسی هاووڵاتییان بەشێوەیەك لە شێوەکان. بەو جۆرە پرۆسەی پێگەیشتنی سیاسی پێویستە بنەماکانی ئازادی مسۆگەر بکات، تاکو هۆشیاری سیاسی هاووڵاتییان و لایەنگریی کردن و وابەستەبوونی سیاسییان پێ دەستنیشان بکرێت.

# ئایا کۆمەڵگای مەدەنی و ژیانی دیموکراتی لە عێراق بوونی هەیە؟



کازم حەبیب *
تایبەت بۆ گوڵان نووسیوێتی

عێراق لە سایەی حوکمی پاشایەتی و لەژێر ئینتیدابی بەریتانیی و بۆ دواتریش تەنیا خاڵە سەرەتاکانی کۆمەڵگای مەدەنی بەخۆوە بینیوە، هەر هەوڵێکی جدی لەم بارەیەوە درابێت و چەند نیشانەیەکی پڕبایەخی عیلمانیەت لە ژیانی کۆمەڵگا و دەستووری مەدەنی و ئیدارە خۆجییەکان و هەڵوێست بەرامبەر بە مافی ئافرەت و فێربوون دەرکەوتبێت، لە بەرامبەردا هێزە دەسەڵاتدارەکان لە رێگای پیادەکردنی سیستمە عەشایریەکانەوە بەسلبی هەڵوێستیان بەرامبەری نواندووە ..

لەپاڵ دانانی دەستووری دیموکراتی ساڵی ١٩٢٥دا بەرگری لە پێوەندییەکانی بەرهەمهێنانی نیمچە دەرەبەگی کراوەو و مافەکانی مرۆڤ و مافی نەتەوەکانی دیکەی عێراق پێشێل کراون و لە گۆڕانکاری ژێرخانی ئابووری عێراقی و کۆمەڵگای عێراقی جددیەت بوونی نەبووە تا ببێتە لانەی کارای کۆمەڵگایەکی مەدەنی و دیموکراسی.

کاتێك رژێمی پاشایەتی رووخا و گەل بۆ تەواوکردنی بناغەی وەستاوی کۆمەڵگای مەدەنی و دیموکراسیەت بە ئومێد بوو تا پیلانرێژی دژی سیستەمی کۆماری دەستییپێکرد،رژێمە سەربازییەکان رازی نەبوون واز لە دەسەڵات و دامەزراندنی دادمودەزگای دەستووری لە وڵاتدا بهێنن، هەرسێ دەسەڵاتی سەرەکی خرانە ژێر فەرمانڕەوایی سەرۆك وەزیرانەوە، ئەمەش لە لانکەوە رێی بۆ لەناوبردن و کوشتنی شۆڕشی نیشتمانی ئاسان کرد.

ئەوەی کە دواتریش هات بەرانبەر هەموو پرەنسیپەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و ژیانی دیموکراسی ناپاکی کرد تا جارێکی دیکە بەعس هاتەوە سەر دەسەڵات و دوای ٣٥ ساڵ حوکمڕانی دواجار لەژێر هێرشی هێزە بیانییەکان کە داگیرکاریی ئەمریکی –بەریتانی بەسەر عێراقدا سەپاند بە بڕیارێکی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی کۆتایی هات ..

کاتێك توێژەر لەسەر رووداوە هەنووکەییەکانی عێراق و ئاراستەکانی پەرەسەندنی ژیانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری بەدواداچوون دەکات، لە ساڵانی دوای رووخانی رژێمی چەوسێنەرەوە، ناچار دەبێ پرسیارێکی سەرەکی بکات: ئایا گەلی عێراق لەسایەی کۆمەڵگای مەدەنی و ئازادییە دیموکراتییەکاندا دەژیت؟

بەر لە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە گریمانەییە وەڵامی چەند پرسیارێکی دیکە دەداتەوە لەوانە بۆ نموونە: ئایا لە عێراق بنکەیەکی ئابووری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و کەرەستەی پێویست بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگای مەدەنی و دەوڵەتی دیموکراسی و تەرخان کردنی مومارەسەی پرەنسیپەکانی ئازادی و دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ پێکهاتووە ؛ ئایا دوای روخانی سەدام حوسێن کەشی ئازادییە گشتییەکان دامەزراوە بەجۆرێك بتوانێت بونیادنانی کۆمەڵگای مەدەنی دیموکراسی و ژیانی ئازاد و سەربەرز و مافی هاووڵاتیبوونی یەکسان مسۆگەر بکات؟ ئایا رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی کە لە ساڵانی رابردوو دامەزراون دەربڕی سروشتی کۆمەڵگای مەدەنی و ئەرکە سەرەکییەکانیەتی؟ چۆن سیما و دەرکەوتەکانی دوارۆژ دیاری دەکرێت؟

رووداوە مێژووییەکانی عێراق ئاماژە بەوە دەکەن کە عێراق بنکەیەکی کارای بەهێزی نییە بۆ بونیادنانی کۆمەڵگای مەدەنی و ژیانی دیموکراسی بە چەند دەرکەوتێکی سەرەکی دیار دەکەون لەوانە: جیاکردنەوەی هەرسێ دەسەڵات و سەربەخۆیی دادوەری و جیاکردنەوەی دیین لە دەوڵەت و رێزگرتن و پیادەکردنی مافەکانی مرۆڤ و مافی هاووڵاتی بوونی ئازاد و یەکسان و مافە نەتەوەییەکان و رێز گرتن لە دیین و مەزهەب وئاراستە هزرییەکان و ئازادی ئافرەت و یەکسان بوونی لەگەڵ پیاو و جیاکردنەوەی دیین لە سیاسەت بەشێوەیەکی بنەڕەتی، رێگا گرتن لە دامەزراندنی حزبەکان لەسەر ئەساسی دیینی و مەزهەبی و تائیفی، عێراق چۆن بووە؟ و ئێستا چۆنە؟

رووداوەکان ئاماژە بەم راستییە بەرچاوانە دەکەن:

١- ئابووری عێراق بە دەست دواکەتوویی و شێواندن و وێران بوون و نەکرانەوە بە رووی دەرەوەدا دەیناڵاند، چونکە ئابوورییەکی دەرهێنەری داهات و بەکارهێنەر بوو لە یەك کاتتدا و جەنگ و سیاسەتە هەڵەکان زیاتر وێرانی کرد، لە پاڵ کەرتی دەرهێنانی نەوت، رووبەڕووی کەرتی کشتوکاڵیش دەبووینەوە کە دواکەوتووترین و شێوێنراوترین کەرت بوو لە ژێرخانی بەرهەمهێنان و نەبوونی توانای فەراهەم کردنی رێژەیەکی گونجاو لە پێداویستییەکانی بازاڕی ناوخۆیی بۆ بەکاربردنی مرۆیی، ئەم کەرتە تەنیا بە دەست نەبوونی پێوەندی بەرهەمهێنانەوە گرفتی نەبووەو، بەڵکو بە دەست دەبینرایەوە،بە دەست دواکەوتوویی لەهێزی بەرهەمهێنانی ماددی و مرۆییەوە دەیناڵاند، ئەمە سەرەڕای کۆچی بەرفراوان لەگوند و شوێنەکشتوکاڵییەکانەوە بەرەو شار، بە روونی لە لاوازییەکی توندی بەرهەمهێنانی کار و تێکچوونی رێژەی هەڵاوسانی یەك دۆنم لە ساڵێکدا، دواتر لە کۆی بەرهەم و بێهێزی داهاتی بەدەستهاتوو بەشێوەیەکی گشتی و تێکچوونی بەشی جووتیار تێیدا.

٢- لە لایەکی دیکەوە پێوەندییەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری بە لاوازی و گرنگیدان تەنیا بە کەرتی نەوتی خاوو بازرگانی و بانکەکان و کۆمپانییەکانی بیمە جیادەکرێتەوە، بەڵام لە سێ دەیەی پێش رووخانی سەدام بەهۆی جەنگ و سیاسەتە کوشندەکانی رژێمی سەدام چەند گورزێکی بەهێزی بەرکەوت، چونکە پیشەسازی گۆڕین بەتایبەتی حکومیەکان، رێژەکەی دیاریکراو و بێهێز و لەکارکەوتوو بوو لەبری بەشداریکردنی بۆیە ناچار زۆربەیان بە نرخێکی زۆر کەم و رەمزی فرۆشران، هیچ هەوڵێکی جددی نەدرا بۆ کارا کردنی وەبەرهێنانی حکومەتی و کەرتی تایبەت نەنرا، چونکە هەوڵەکان زیاتر تەنیا بۆ دابین کردنی پێداویستییەکانی بازاڕی ناوخۆبە هاوردەکردن دەدرا.

٣- رژێمی سەدام بەشداری کرد لە بێهێز کردنێکی توندی بۆرژوازییەتی پیشەسازی لە بەرژەوەندی چەند چینێکی مشەخۆر، هەروەها ژمارە و پێگەی چینی کرێکاری لە عێراق

پاشــکەوتنێکی توندی بەخۆیەوە بینی لە پرۆسەی ئابووریدا، ئاشکرایە لای هەمووان کە ئەم دوو چینەی دانیشتوان لانەی کارای کۆمەڵگای مەدەنی و ئەگەری گەشەســەندنی ئازادی و دیموکراسیەتن .

٤- لــە بەرامبــەردا چینێکــی بــۆرژوازی بازرگانــی کۆمبــرادۆری و کۆنتراکتــی و کەرتــی عەقــاری و گەورە فەرمانبــەرە بیرۆکراتییەکانی دەوڵەت گەشــەی کرد، هەروەها لەپاڵ ئەمە و لەســەر حسابی جوتیار و کرێکاران و بۆرژوازی بچووك، چینێکی نیمچە پرۆلیتار و بێکار و بێبەش لە داهاتی رۆژانە گەشــەی ســەند، لە هەمان کاتدا و سەرەڕای بوونی چینێکی فراوان لە رۆشنبیران ئەوا رێژەیەکی بەرزیان لە شوێنە دوورەپەرێزەکانی عێراق دەژیان و بەشێکی تریش تا ئێستا بێکارە بەهۆی هەڵوێستی چینە دەسەڵاتدارەکان بەرامبەر بەم چینە و رۆڵی کاریگەری لە کۆمەڵگادا.

٥- سیاســەتەکانی چەوســاندنەوە و رەگەزپەرســتی و ئاراستەکانی رۆشنبیرکردن و پەروەردە و فێربوون و هۆکارەکانی پڕۆپاگەندەی شۆڤینی و شێوازەکانی چەوساندنەوە و بێ بەزەیی و شەڕە بەردەوامە ناوخۆیی و دەرەکییەکان کە عێراق تێیدا ژیاوە بەدرێژایی نزیکەی چارەگە ســەدەیەك، سەرەڕای گەمارۆی ئابــووری نێودەوڵەتی کە بە درێژایی ١٣ ســاڵ بەردەوام بوو. ئــەو ئێش و ئازارەی کە زۆرینەی گەلــی عێراقی دووچاری هاتــەوە لە هــەژاری و بێکاری و برســێتی و بێبەش کردن و کوشــتن و ئاوارە کردن و راگواستن و تەعریبی زۆرەملێ گشت قەیرانەکانی قووڵتر کردەوە لە وڵات و پاڵی بە زۆرینەی خەڵکەوە نــا قووڵ ببنەوە بە ناخی خۆیان و بڕوا بــە کارە غەیبیانەکان بکەن و گوێ بدەنە واعزی مزگەوت و حوسێنییەکان و بکەونە نێو داوی چەندین کەســی کاڵفامەوە، ئەمەش یارمەتیدەری ون بوونی وشیاری کۆمەڵایەتی و سیاسی و عەقڵانی و لۆژیکی تەندروستە بۆ تاك و کۆمەڵ.

٦- بەر لە چەند ســاڵێك بەشــێوەیەکی بەرفراوان دیاردەی مەحسوبیەت و مەنسوبیەت لە رەفتارکردەوەکانی دەسەڵاتداران و دامودەزگاکانی دەوڵەت ســەریهەڵدا، کــە تەنیا بۆ پیاوان و ئەندامانی حزبی دەســەڵاتدار و شــوێنکەوتووانی، دواتر تەنیا بۆ بەعســیەکان بوو دوای هاتنی دووەم جاری بەعس بۆ سەر دەســەڵات لەســاڵی ١٩٦٨ یان ئەوانەی چوونە نێو ریزەکانی بەعس بەشــێوازی جیاجیا و لەدامودەزگاکانی دەوڵەت دانران و کەسانیتر لەو شوێنانە دوورخرانەوە.

٧- ئەوەی گرفتەکانی زۆرتــر کرد، دیاردەی گەندەڵی بوو کە زۆر بەخێرایی لەکاتی جەنگی عێراق- ئێران بەشــێوەیەکی تایبەت و کتوپڕ بڵاوبۆوە، دواتر بوو بە دیاردەیەکی باو لە دوای داگیرکردنی کوێــت و جەنگی دووەمی کەنداو ( ئازاد کردنی کوێت) و گەمارۆی ئابووری نێودەوڵەتی.

٨- دەرەنجامــی لۆژیکی بۆ هەموو ئەمانە لە بەرین بوونی کەلێنی نێــوان دەوڵەمەندترو و هەژارە برســییەکانە، لەنێوان ملیاردێر و ملیۆنێرەکانە، لەنێوان پشیلە قەڵەوەکان و ئەوانەی کە لەژێر هێڵی هەژاری گشتیەوە دەژین.

٩- هەروەهــا زۆر لە نەخۆشــی و پەتــای کۆمەڵایەتی و دەروونی و دەمارگیری بڵاوبوونەوەی و بەکارهێنانی توندوتیژی لە چارەســەرکردنی کێشــەکان لە پێوەندیــی رۆژانە و گیانی یاخیبوونی تاکرەوی لەلایەك و گیانی سەرشۆڕی و دووڕوویی و شکان لەبەردەم دەسەڵاتدار لەلایەکی دیکەوە پەرەی سەند.

لێــرەوە دەتوانین بــێ دوو دڵی بڵێین کــە کۆمەڵگا لەژێر حوکمی شــمولی رەها هیچ کاتێك حوکمێکی مەدەنی نەبووە، چونکە هەمــوو مافەکانی مرۆڤ و مافــی هاووڵاتی بوون و مافنەتەوەییــەکان و داپــەروەری کۆمەڵایەتی تێیدا زەوت کرابوون.

ئەم واقیعــەی کە لەژێــر حوکمی رژێمی چەوســێنەری رەهای بەعس، عێراق تێیدا ژیاوە پێویســت بوو دوای ڕوخانی دیکتاتۆریــەت بە ریزبەنــدی و وردە وردە بگــۆڕدرێ، بەڵام بەهۆی ڕووخانــی لەلایەن هێزی بێگانــەوە و کەوتنی عێراق لەژێــر داگیــرکاری ئەمریکــی – بەریتانی بەشــێوەیەکی فەرمی، ئەوە دەگەینێت کــە کۆمەڵگای عێراقی ئامادەگی نەبــوو بۆ بونیادنانی کۆمەڵگای مەدەنــی مۆدێرنە، هەروەها ئەو سیاســەتانەی کە هەرســێ حکومەتە یەك لە دوایەکان پیادەیان کرد تا ئێســتا ئەوەی بەدی نەهێناوە کە پێویســت بوو بۆ دەستپێکردنی گۆڕانکاری ئاراستەی بونیادنان و پەرەپێدانی دەوڵەتی عێراق و کۆمەڵگای عێراقی،

دەکرێ ئەمە لەم چەند خاڵەدا دیاری بکەین:

١- گرتنە دەســتی ســەرکردایەتی لەلایەن حــزب و هێزە ئیســلامیە سیاسییە تائیفیەکان و حزبە سیاسیە کوردییەکانەوە بەهاوکارییەکی راســتەوخۆی ئیدارەی ئەمریکی و پێکهێنانی یەکەم ئەنجوومەنی حوکم بەپێی رێسای موحاصەصەی تائیفی و نەتەوەیــی، ئینجا بــەردەوام بوونی ئەم ئاراســتەیە لەکاتی پێکهێنانی هەرسێ حکومەتە یەك لە دوایەکان، پتەو کردنی سیستەمی موحاصەصەی تائیفی و ئینتی کاریگەرییەکی زۆر ســلبی هەبوو لەسەر ناسنامەی هاووڵاتی بوون لە بەرژەوەندی ناسنامەی لابەلای حزب و هۆزو تیرەدا.

٢-نەبوونی ستراتیژیەتی گەشەپێدانی دەوڵەت و تەموموژاوی سیاســەتە ئابووری و کۆمەڵایەتیەکان کە بــووە هۆی قووڵ بوونەوەی نیشــانە سلبییەکانی وەکو پاشــکەوتن و وێران بوون و شــێواندن و کرانــەوەی ئابــووری بــەڕووی دەرەوەدا، واتە دەستبەرداربوونی حکومەت بەشێوەیەکی گشتی لە پیشەسازی گۆڕین و گرنگیدان بە نەوت و پشتگوێ خستنی جدی کەرتی کشتوکاڵ و گۆڕینی واقع و ژێرخانی ئێستا و پاشەکشێ کردن لە چارەســەر کردنی گرفتی زەوی و گرنگی نەدان بەژێرخانی بازرگانی و خنکاندنی بازاڕە ناوخۆییەکان بە کەلوپەلی هاوردە و گەشــەیەکی لەســەرەخۆ لە دووبــارە بونیادنانەوەی ژێرخان بەتایبەتی وزەی کارەبا و ئاوی خواردنەوە و چارەســەر نەکردنی و گواســتنەوە و تەندروستی و فێربوونی و گەیاندن وکەم ئاوی بەشێوەیەکی گشتی..تاد

٣- رێوشــوێنەکانی حوکمــی نوێ لە قەبــارەی بێکاری بەشێوەیەکی تەندروست کەم نەکردەوە و لە رێگای فراوانکردنی بنکــەی بەرهەمهێنــان، بەڵکــو لــە رێــگای خنکاندنــی دامودەزگاکانی دەوڵەت بە فەرمانبەری زیاتر، ئەمەش وایکرد بێکاری دەمامك دراوو و ڕووپۆشــکراو دیاردەیەکی بەرچاوی ئەم قۆناغەی ئێســتا بێت کە رێژەکــەی لەنێوان ٥٠-٦٠٪ ی هێزی کار بێت لە دامودەزگاکانی دەوڵەت، ســەرەڕای بێکاری ئاشــکرا کە بەشێوەیەکی رەســمی بە ٣٠٪ی کۆی هێزی کار دەخەمڵێندرێت کە توانای کارکردنیان هەیە.

٤- بەهۆی سیاســەتی دەوڵەت کە موئەسەســاتی مالی و بازرگانی نێودەوڵەتی کردووە بە نموونە واتە سندووقی نەختینەی نێودەوڵەتــی و بەنکی نێودەوڵەتی و رێکخراوی بازرگانی ئازاد کە پەیوەستە بە لیبرالیەتی نوێوە، سەرەڕای خراپی جێبەجێکردن، چونکە سیاسەتی حکومەتە یەك لەدوا یەکەکان بە ئاراستەی



هەواڵ

سیاسی

سەرمایەداری بەرهەمهێنان لە پیشەسازی و کشتوکاڵ و ئاودێری هەنگاوی نەناوە و پاڵپشتی پێویستی پێشکەش بە کەرتی تایبەت نەکردووە لەم بوارەدا، ئەمەش وایکردووە کە داهاتە دراوییەکانی نەوتی خاو دوور بخرێتەوە لە پرۆسەی دەوڵەمەند کردن و گەورە کردنی سامانی کۆمەڵایەتی، دواتر بەشداری کردووە لە شێواندنی زیاتری پێکهێنانی داهاتی نەتەوەییدا.

ئەگەر هەندێك رێکخراو بەناوی کۆمەڵگای مەدەنی دەرکەوتبن، بەشێوەیەکی کردارەکی دەتوانین ئاماژە بەمانەی خوارەوە بکەین:

ا- بوونی رێکخراوەکانی کۆمەڵگاکانی مەدەنی کە بە دیموکراتی و سەربەخۆیی لە حزبە سیاسییەکان جیادەکرێنەوە و کارەکانی خۆیان لە بارودۆخێکی سەخت ئەنجام دەدەن و هاوکاری پێویست لە حکومەت وەرناگرن، سەرەڕای ئەوەش توانیویانە بوونی خۆیان و چالاکیەکانیان و ڕۆڵی ئیجابییان لەنێوگەل بخەنە ڕوو.

ب- ئەو رێکخراوانەی سەر بە حزبە سیاسییە دەسەڵاتدارەکانن بەشێوەیەکی تایبەت کە گرنگیی بە بڕیارەکانی حزبەکانیان دەدەن و پابەندن پێیانەوە و زۆربەیان دوور دەکەونەوە لە سروشت و رۆڵ و ئەرکی رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی.

ج- ئەو رێکخراوانەی پەیوەستن بەهێز و حزبی ئیسلامی سیاسی شیعی و سوننیەوە و گرنگی دەدەن بە کاروباری ئایینی و کاریگەرن لەسەر ئەو ناوەندانەی کە کاریان لەگەڵدا دەکات بەو ئاراستە ئایینیانەی کە هەڵیدەبڕن، جا لەگەڵ حکومەت بن یان دژی بن.

د- ئەو رێکخراوانەی کە لەناو عێراق دامەزراون و ئەوانەیان کە نامۆن بە عێراق بەهۆی پێوەندییە ئەندامییەکانی خۆیان بە وڵاتانی دەوروبەرەوە و زۆریان مۆرکێکی ئایینی و سیاسییان هەیە کە نزیك دەبێتەوە لە ئەرکی ئەو دەوڵەتانەی پێکیان هێناون لە پارەدارکردنیاندا بەشداری دەکەن.

ه- رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی کە لە ناو ریزیەکانی رەوەندی عێراقیدا لە دەرەوە دامەزراون و ئەوانە لە زۆر حاڵەتتدا درێژەپێدەری سیاسەتی ناوخۆن و بەشێوەی پێشوو دابەش دەبن، بەتایبەتی ئێستا کە گردبوونەوەی عێراقییەکان لە دەرەوە زۆر بووە بەجۆرێك ژمارەیان زیاترە لەو ژمارەیەی لەسەردەمی حوکمی بەعس لە دەرەوە بوون.

بەم پێیە رێکخراوە ئەکتیڤەکان لەعێراق زۆر لاوازن، چونکە لە کەشوهەوای کۆمەڵگای مەدەنیدا ناژین، بەڵام هەندێکیان هەوڵ دەدەن بۆ بونیادنانی ئەم جۆرە کۆمەڵگایە و هەندێکیان لە دژی کۆمەڵگای مەدەنی کار دەکەن بە ئاڕاستەی دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی ئیسلامی سیاسی.

٥- نەبوونی بنکەی ئابووری و سەرخان بەتایبەتی چینایەتی بۆ کۆمەڵگای مەدەنی لە عێراق بووە هۆی دەرکەوتنی چەند دیاردەیەکی سلبی توند لەو بارودۆخەی ئێستا لەئارادایە کەخۆی دەبینێتەوە لە سەروەری عورف و دابونەریتە عەشایرییەکان نەك تەنیا لە گوندەکاندا، بەڵکو لە شارەکانیش، زۆربوونی رۆڵی تائیفەگەری سیاسی لە ژیانی کۆمەڵگا و سەرنجڕاکێشانی توند لە پێوەندیی نێوان شیعە و سوننە کە خودی حزبە ئیسلامییە سیاسییەکان قووڵتریان کردۆتەوەو و وەزارەتەکانی عێراقیش قۆرخ کراون بۆ وەزیر و تائیفەی ئەو حزبانەی کە سەر بەوانن.

٦- بێگومان گەندەڵی دارایی لەسایەی گەندەڵی و پاشکەوتنی ئیداری و تائیفی بەشێوەیەکی بەرفراوان بڵاوبۆتەوە و هێزە داگیرکەرەکان و کۆمپانیا بیانییەکان و بەتایبەتی ئەمریکییەکان رۆڵێکی بەرچاویان هەبووە لە چالاك کردنی گەندەڵی و پیادە کردنی بەشێوەیەکی رۆژانە.

٧- ڕووخانی رژێمی چەوسێنەر و شۆڤێنی و شەڕەکان و داپڵۆسینی ناوخۆی وڵات لەلایەك و دامەزراندنی سیستەمێکی سیاسی بەپێی بنەمای موحاصەصەی تائیفەگەری سیاسی و ئیتنی، سەرەڕای بوونی بەشێکی پەراوێزخراو لە ئازادی، رۆڵی هەبوو لە پەراوێز خستنی هێزە دیموکراتییەکان و رۆڵیان لە وڵات، و یەکگرتن و کارەکانی لەکارخست بۆ ئەوەی مومارەسەی کاریگەری ئیجابی خۆی بکات لە وڵات، سەرەڕای ئەو بێزارییەی لە وڵاتدا هەیە لە سیاسەتەکانی هەرسێ حکومەتە یەك لە دوایەکەکانی لەدوای ڕووخانی دیکتاتۆریەت، ئەوا هێزە دیموکراتیەکان نەیانتوانیوە پشتگیری ئەو کەسانەوە بەدەست بهێنن کە پۆستی ئەم حزب و هێزە ئاینییانە بەجێدەهێڵن،



چونکه تا ئێستا یەکگرتوو نین و بەرنامەیەکی هاوبەشیان نییە بەجۆرێك خاڵی هاوبەشی گەورە لەنێوانیاندا هەبێت. ئەم بارودۆخە بەردەوام دەبێت ئەگەر بارودۆخی بزووتنەوەی رەوتی دیموکراتی وەك خۆی مایەوە بەو شێوەی کە لە هەشت ساڵی رابردوودا پێی ناسراوە.

ئەمڕۆ بارودۆخێکی نوێ دەبینین کە هەڕەشەیەکی ترسناکە بۆ پاشماوەی ئازادییەکان کە خۆی دەبینێتەوە لە رۆیشتن لەسەر رێگای داواکردنی دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی ئیسلامی لە وڵات و بەرپەرچدانەوەی ئازادییەکان و رۆشنبیری و دیموکراسیەت ئەویش لە سیاسەتی هەندێك لە ئەنجومەنەکانی پارێزگاکانی ناوەڕاست و باشوور و بەغدا و لە هەڵوێست بەرامبەر ئازادییەکانی تاك دژی پەیڕەوانی ئایینی مەسیحی و هاووڵاتیانی صابئەی مەندائی دەردەکەوێت و تا ئێستا بووەتە هۆی مردنی ژمارەیەکی زۆریان و تێکدانی پەرستگاکانیان و کۆچ کردنی زۆربەی هەرە زۆریان بەهۆی ترسیان لە سەروماڵیان، ئەمەش دەرفەتی بۆهەندێك هێزی دیکە خۆش کرد بۆ کۆنترۆڵ کردنی رۆڵ و مۆڵگە گوازراوەو ناگوازراوەکانیان، ئەمە هەوڵێکی جددی و مەترسیدارە بۆ پاکتاوکردنی پەیڕەوانی ئایینەکانی تر لە عێراق، پێویست دەکات هەموو مرۆڤێکی عێراقی دڵسۆز و پیس نەبوو بە شۆڤینیەت و تائیفەگەری و توندڕۆیی دژی پەیڕەوانی ئایین و مەزهەبەکانی دیکە یان دژی ئاراستە فکری و دیموکراسییەکان نەوەستێتەوە.

ئەوە دەگەیەنێت کە کۆمەڵگای مەدەنی لە عێراق بوونی نییە بەمەش ئەگەری هێنانەدی ئازادی تاك و ئازادییە گشتییەکان و ژیانی دیموکراسی لە عێراق وەك پرۆسەیەکی زەحمەت و ئاڵۆز دەمێنێتەوە، بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە تەسلیمی ئەم واقیعە تاڵە بین و دەست لە خەبات هەڵبگرین لەپێناو بونیادنانی کۆمەڵگایەکی مەدەنی و ژیانێکی ئازاد و دیموکراسیەت.

بەڵام هەوڵدان بۆ بونیادنانی کۆمەڵگایەکی مەدەنی و دیموکراتی پێویستی بە خەباتێکی فرەلایەن هەیە:

** خەبات کردن لە پێناو گۆڕینی خاسیەت و ژێرخانی ئابووری لە ئابوورییەکی دەرهێنەری داهاتی نەوتیی و بەکاربردن، بۆ ئابوورییەکی بەرهەمهێنەری جۆراوجۆر، ئابوورییەك کە گەشەپێدان پیشەسازی و نوێگەرایی لە کشتوکاڵ تێیدا رۆڵێکی گەورە ببینن لە گۆڕینی ژێرخانی چینایەتی کۆمەڵگا و پەرەپێدانی ئەو هێزانەی کە لانەی کۆمەڵگای مەدەنین، بۆرژوازیەتی پیشەسازی و چینی کرێکار و توێژی رۆشنبیران، هەروەها گۆڕینی ژێرخانی داهاتی نەتەوەیی و نەهێشتنی بێکاری ئاشکرا و دەمامك دراو و باشتر کردنی ئاستی بژێوی تاك و کەم کردنەوەی کەلێنی داهات لەنێوان دانیشتووان، واتە بونیادنانی بنکەیەکی ماددی بۆ گەشەپێدانی ئابووری و گۆڕینی ژێرخانی بازرگانی دەرەوە بۆ بەرژەوەندی گەشەپێدانی بەرهەمهێنان و جێبەجێکردنی پاراستنی پیشەسازی وکشتوکاڵ و پەرەپێدانی توێژینەوەی زانستی تیۆری و پراکتیکی.

** بەرپەرچدانەوەی هەموو ئەو ئاڕاستانەی کە دەیانەوێ ئازادییە دیموکراتییەکان زەوت بکەن، وەك ئازادی رۆژنامەوانی و بڵاوکردنەوە و خۆپیشاندان و یانە رۆشنبیرییەکان و ئازادی پێکهێنانی حزبەکان و دەرکردنی یاسای تایبەت پێیان، لەژێر کاریگەری ئایینی یان مەزهەبی و پتەوکردنی رۆڵی رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی ئەوانەی سەربەخۆن لە حکومەت و حزبە سیاسییەکان و پابەندن بە بەرژەوەندیەکانی ئەندامان و کۆمەڵگا و دژایەتی کردنی بەستنەوەی دین بە دەوڵەت و بونیادنانی کۆمەڵگایەکی ئیسلامی.

** پتەو کردنی ژیانی موئەسەساتی و بونیادنانی ئیدارەیەکی دیموکراتی و قەڵاچۆکردنی تائیفەگەری و ململانێی ئایینی و تائیفی کە رێگا دەدات بە بونیادنانی کۆمەڵگای مەدەنی و ژیانی دیموکراسیەت.

بێگومان چەندین ئاستەنگ رووبەرووی ئەم خەباتە فرە لایەنە دەبنەوە، بەڵام پێویستە ئەم خەباتە بکرێت بۆ بەرژەوەندی دوارۆژێکی باشتر بۆ عێراق و ژیانێکی پڕ لە کەرامەت و خۆشگوزەرانی و جێگیر، لەمەشدا وەڵامی ئەو پرسیارە دەردەکەوێت کە لە ناونیشانی وتارەکەدا هەیە.



# عێراق لەنێوان تەنگژەی پێکهێنانی حکومەت و هەڵکشانی توندوتیژیدا

زیاتر یازدە مانگە لەعێراقدا هەڵبژاردن بۆ پێکهێنانی حکومەت ئەنجامدراوە و تا ئێستا حکومەتی عێراق نەیتوانیوە پێکهاتەی حکومەتەکەی تەواو بکات، ئەمە وێڕای ئەوەی ماوەی ٣مانگە حکومەت تەکلیف کراوە و لە وادەی یاسایی خۆیدا بەنیوەچڵی متمانەی پێدراوە، بەڵام تا ئێستاش نەتوانراوە ئەو پۆستە وەزاریانە پڕ بکرێتەوە، هەروەها نەتوانراوە یاسای ئەنجوومەنی سیاسەتە باڵاکان پەسەند بکرێت، ئەمەش بۆتە هۆکاری ئەوەی نەتوانرێت هەنگاوی جدی بۆ پێشەوە هەڵبگیرێت، ئەم حاڵەتە لەگەڵ ئەوەی لایەنەکان بیروبۆچوونی جیاوازی لەبارەوە دەردەبڕن، بەڵام لەهەموو حاڵەتێکدا تێکڕای بۆچوونەکان ئاماژەن بۆ ئەوەی قەیرانێکی سیاسیی هەیە، هاوشانیش ڕۆژ لەدوای ڕۆژ توندوتیژی لە هەڵکشاندایە، سەبارەت بە هەڵسەنگاندنی ئەم ڕەوشە ڕای چەند پەرلەمانتارێکی لیستە جیاوازەکانی پەرلەمانی عێراقمان وەرگرتووە کە ئەمە پوختەی بۆچوونەکانیانە.



## عەلی شەللا پەرلەمانتاری دەوڵەتی یاسا بۆ گوڵان:

# راستە پرۆسە سیاسییەکە هەندێک کێشە و گرفتی تێکەوتووە، بەڵام ئەمە مانای ئەوە ناگەیەنێت کە کێشەکان چارەسەریان نییە

عەلی شـەلا ئەندامی پەرلەمانی عێراق سـەبارەت بە بارودۆخی ئێستای عێراق بەو جۆرە بۆچوونی خۆی بۆ گۆڤاری «گوڵان» خسـتەروو کـە کێشـەکە لەسـەروبەندی چارەسـەرکردندایەو لە ئاییندەیەکی نزیکدا کێشەی یەکلایکردنەوەی پۆستە وەزارییەکان کۆتایـی پێدێت هەروەها ئاماژەی بەوەدا کە (پێش هەموو شـتێك، بــە لەبەرچاوگرتنی بارودۆخــی عێــراق پێمـوایــە جموجووڵی سیاسـیی ئەمڕۆمان ئاسـاییە. هەموومان بەئاگاین کە پڕۆسـەیەکی سیاسی ئاڵۆز لە عێراقدا بەڕێوەچووە، ئەمڕۆش دەستکراوە بە بەستنی پێوەندیی نوێ، بەشێوەیەك کە لەنێو لایەنە سیاسـیەکان، لێبوردەیی زیاتری پێوە دیارە. راسـتە هەندێك کێشە و گرفتی تیا کەوتووە، بەڵام ئەمە مانای ئەوە ناگەیەنێت کە کێشەکان چارەسەریان نییە. وابزانم بەڕێز «مالکی» ناوی وەزارەتەکانی تری غەیری وەزارەتــە ئەمنییەکان کە هێشـتا ماوە بۆ سـەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەران ناردووە و پێشـبینی دەکرێت لە هەفتەی داهاتووشدا دەنگدان بۆ وەزیرە بەڕێزەکان ئەنجامبدرێت. بە چەند رۆژێك پاش ئەو دەنگدانەش، دەنگدان بۆ وەزیرەکانـی وەزارەتە ئەمنییەکان ئەنجام دەدرێت، یان لەڕێگـەی رێککەوتن لەنێوان قەوارە سیاسـیەکان، یان هەڵبژاردنیان بەپێی دەنگـەکان کە لە ئەنجوومەنـی نوێنەراندا بەدەسـتی دێنن. ئەمـە و چەندین لایەنی تر لەنێو پڕۆسـەی سیاسی، بەشێوەیەك کە ئەگەر بێت و چاودێر لە دەرەوە سەیری بکات واتێدەگات کە زۆر ئاڵۆزە و لێك تێنەگەیشتن هەیە و لەوانەشـە هەسـت بەوە بکرێت کە پێوەندیی خراپ لەنێوان قەوارە سیاسیەکاندا هەیە، بەڵام لەڕاستیدا لەم جۆرە شتانە بوونی نییە. ئێمـە رۆژانە چاومان بەیەك دەکەوێت و وەك برا پێکەوە دادەنیشـین و کۆدەبینەوە و هەموومان خاوەن تێڕوانینێکی نیشـتمانی هاوبەشـین و پێموایە دەنگۆی هەواڵەکانی میدیاکان لەبارەی هەڕەشـەی پاشەکشـە و دەستلەکارکێشـانەوە هەواڵی نادروسـت و نالۆژیکە)).

دوای ئـەوە لە بەڕێز عەلی شـەللامان پرسی کە ئایا راستە سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق داوای لەسەرۆك کۆماری عێراق کردووە دەسـتێوەردان بکات بۆ ئەوەی دەستووری عێراق پێشێل نەکرێت، سەبارەت بەو پەیامەی سـەرۆکی پەرلەمان کە ئاراستەی سـەرۆك کۆماری کردووە، شەللا بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان خستەروو : (گوێبیستی


عەلی شەللا

ئەم داواکاریە بووم، هەڵبەتە ئەم مەسـەلەیە پەیوەسـتە بە بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی لەبارەی دەستە سەربەخۆیەکان و چۆنییەتی یاسـادانان لەنـاو ئەنجوومەنـی نوێنەران. لەڕاستیدا، ئەگەر بهاتبا و پەرلەمانی پێشوو تەنانـەت ئەم پەرلەمانەش، پەلەی لەسـەر پەسەندکردنی یاسای دەستە سەربەخۆیەکان کردبا، ئەوە ئەم مەسـەلەیە پێویست نەدەبوو، لەبەرئـەوەی ئەو یاسـایە هەڵدەسـتێت بە روونکردنەوەی سەرچاوەی دەستەکان، هاوکات هیچ کێشەیەك سـەریهەڵنەدەدا. بۆ نموونە کاتێك یاسـاکە دەڵێت ئەنجوومەنی نوێنەران سەرچاوەی دەستەی پێوەندییەکانە، ئەوکات ئەنجوومەنی نوێنەران دەبێتە سـەرچاوە واتە «مەرجەعییەت. کێشـەکە لەوەدایە کە ئەم یاسـایانە هەمان ئەو یاسـایانەن کە باڵیۆز «پـۆل برێمەر» پەسـەندی کردبـوون، نە ئەنجوومەنی نوێنەرانی پێشوو و نە کۆمکاری نیشتیمانیش هەڵنەسـتان بە پەسەندکردنی یاسای تایبەت بە خۆیان، مەبەستم یاساکانی ئەم دەستانە «الهیئات». لەهەمان کاتیشدا غیابـی ئەنجوومەنی نوێنـەران لەماوەی رابردوودا کێشـەکەی ئاڵۆزتر کرد، کە بوونە چەند دەستەیەکی سەربەخۆ، بەشێوەیەك کە بە ئارەزووی خۆیان رەفتاردەکەن و بڕیارەکان دەردەکەن، بۆ نموونە لە یەکێك لە دەسـتەکان ٤٢ بەڕێوەبەری گشتی هەیە، لەکاتێکدا هیچ وەزارەتێك ئەوەندە بەڕێوەبەری گشتیی نییە، هەندێکیان لـە دەرەوەی عێراق دەوامەکەیان بەسـەر دەبەن و هەندێکیان بەخۆیان خودی خۆیان ئیفاد دەکـەن و هەندێکی تریان خزم و کەسـوکاری خۆی دامەزراندووە. دەبوایە شـێوازی کارکردنی دەسـتەکان رێکخرابا، لەبەرئەوەی دەستوور هەندێك لە دەستەکانی خسـتۆتە ژێر سەرپەرشـتیاریی حکومەت و بەشـێوەیەکی روون باسـیان نـاکات، بۆ سەرپەرشـتی کردن ژمارەیەك لە دەستەکانی خسـتۆتە ئەسـتۆی پەرلەمان، هەموو ئەم شتانە مەسەلەکەی لێڵتر کردووە، پاشان لەم بارودۆخانەدا بڕیـاری دادگای ئیتیحادی هات و دەڵێت بەپێی ماددەی ٨٠ لە دەستوور دەستەکان دەکەوێتە ژێر سەرپەرشتیی سەرۆك وەزیران، بەڵام ئەمە مانای ئەوە ناگەیەنێت کە لێرەدا کێشەکە کۆتایی هاتووە. راستە ئەمڕۆ بڕیاری دادگای ئیتیحادی دەرچووە، بەڵام پاش دەرچوونی یاساکانی دەستەکان، ئەوکات یاساکان بڕیاردەدەن لەسەر دەستنیشانکردنی سەرچاوەی دەسـتەکان، هەربۆیەش برامان سەرۆکی ئەنجوومەنی

نوێنەران داوای لە سەرۆك کۆمار کردووە بۆ دەستێوەردان و پاراستنی دەستوور، من پێموایە کە ئەم داواکارییە شتێکی زۆر لەجێی خۆیدایە، بەڕێز سەرۆك کۆمار پێشوەختە وتوویەتی کە ئەو پارێزەری دەستوورە و، پاراستنی دەستووریش بریتیە لە ڕێزگرتن لە جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و ڕێزگرتن لە دادگای ئیتیحادی، کە بەپێی دەستوور بڕیارەکانی دادگای ئیتیحادی بڕیاری حەتمی و جێگەی پابەندبوونە و مایەی ئیستیئناف نییە.))


ئێستا عێراق بە قەیرانێکی سیاسییدا تێدەپەڕێت، سەبارەت بەمەترسی تەشەنەکردنی ئەم قەیرانە لە بەڕێز شەللامان پرسی، ئایا باردۆخەکە مەترسی ئەوەی لەسەر نییە عێراقیش بە هاوشێوەی میسر و تونس تووشی هەمان بارودۆخ ببێت؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارەشەدا عەلی شەللا وتی : (پێش هەموو شتێك، دەتوانم بڵێم کە ئێمەی عێراقی تارادەیەکی زۆر و وێڕای ئاستەنگەکان پێشەنگ بووین لەبواری ئەزموونی دیموکراسی، هەربۆیە بەشێوەیەکی پۆزەتیڤانە دەڕوانینە ئەزموونەکەی تونس و وەرچەرخانی سیاسی لە تونس، لەهەمان کاتیشدا هیواداریین ئەو وڵاتانە، تونس و میسر و یەمەن و هەموو وڵاتەکانی تر، کە گۆڕانکارییەکانیان بەشێوەیەکی ئاشتییانە و دیموکراسییانە بەڕێوەبچێت و لەگەڵ پاراستنی خوێنی هاووڵاتیەکانیان و وەکو عێراق باجێکی گەورە نەدەن بۆ دیموکراسییەت. لێرەدا دەمەوێت ئاماژە بۆ ئەوە بکەم کە ئەزموونی دیموکراسی عێراق یەکەمین ئەزموونە لە جیهانی عەرەبی لەماوەی ١٠ ساڵی رابردوودا، حکومەتی عێراقیش، بەهەموو بۆچوونە جیاوازەکان و نوێنەرە جیاوازەکان کە لە پارچە جیاوازەکانی عێراق-ەوە روویان کردۆتە ئێرە و هەر یەکێکمان خاوەن بۆچوونێکی جیاوازین، هەڵبەتە ئەزموونێکی دیموکراسییە و ڕەنگدانەوەیەکە بۆ بۆچوونە جیاوازەکانی هاووڵاتیەکان. هەربۆیە، نوێنەرەکان لە حکومەتی عیراقدا بە زۆرەملێ لەسەر گەلی عێراقی نەسەپێندراون و لەهەمان کاتیشدا خاوەن حوکمڕانییەکی مەرکەزیی چڕ نین لە بەکۆیلەکردنی هاووڵاتییاندا، یان ئاراستەکردنی وڵاتەکە بەرەو سیستەمێکی دیکتاتۆری تۆتالیتاری «شمولی». هەربۆیە، ئەو جۆرە ڕووداوانەی ئاماژەت پێدان، لەو وڵاتانەدا ڕوودەدات کە تیایدا ئاستی دیموکراسییەت لاوازە، لەکاتێکدا لە عێراق ئاستێکی بەرز و بەهێز هەیە لە دیموکراسییەت، تەنانەت هەندێك جار کۆنترۆڵیش ناکرێت، هەربۆیەش، لەم بارەیەوە بەهیچ شێوەیەك هەست بە نیگەرانی ناکەم. من تەنیا لەبارەی خزمەتگوزارییەکان نیگەرانم، هەڵبەتە ئەمەش کێشەیەکی گەورەیە و لە ئێستاوە زۆربەی هاووڵاتیان دەترسن وەرزی هاوین بێت و کێشەی کارەبا هەر بەبێ چارەسەر بمێنێتەوە، لەڕاستیدا ئەمە کێشەیەکی گەورەیە لەبەرئەوەی کارەبا لە ئاستێکی زۆر خراپدایە و هیوادارم بۆ ئەمساڵ بگەینە چارەسەرێکی گشتی بۆ ئەم کێشەیە. لێرەشدا دەمەوێ وتەی هەندێك لە کاربەدەستەکانی حکومەت دووپات بکەمەوە، کە دەڵێن بۆ هاوینی ئەمساڵ

## «مالکی» ناوی وەزارەتەکانی تری غەیری وەزارەتە ئەمنییەکان کە هێشتا ماوە بۆ سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەران ناردووە و پێشبینی دەکرێت لە هەفتەی داهاتووشدا دەنگدان بۆ وەزیرە بەڕێزەکان ئەنجامبدرێت

تەزوی کارەبا باشتر دەبێت، لایەنی کەمەوە بەڕێژەی ٪٦٠، بەڵام ئەگەر هات و ئەم شتە روویندا، پێموایە ئەوکات گەلی عێراقی مافی هەیە لۆمەی حکومەت و کاربەدەستان و لایەنەکانی پرۆسەی سیاسی بکات. هەر لەبارەی خزمەتگوزارییەکان، بەڕای من ناکرێ ئێمە هەمیشە هەموو شتێك بە لایەنی تیرۆرەوە ببەستینەوە، ئێمە شەو و رۆژ بانگەشە دەکەین و دەڵێین ڕەوشی ئاسایش رووی لە باشتر کردووە، کەواتا پێویستە بارە خزمەتگوزارییەکانیش بەرەو باشتر بڕوات.)

کاتێك ئاماژەمان بە ئەزموونی حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد کە وەك روویەکی گەشی دیموکراتی لە عێراقدا نموونەیە، عەلی شەللا بەمجۆرە باسی ئەزموونی حکومەتی هەرێمی کوردستانی کرد و وتی: ( پێش هەموو شتێك، ئەزموونی هەرێمی کوردستان سەقامگیرە لەبەرئەوەی بە چەندین ساڵ پێش رووخانی دیکتاتۆر دەستی پێکردووە. لەهەمان کاتیشدا، تێگەیشتن هەیە لە بۆچوونەکانی هەردووك لە پارتە سەرەکییەکان، تەنانەت لایەنی ئۆپۆزسیۆنیش، بەشێوەیەکی شارستانییانە بەرهەڵستکاری دەکەن و بەشێوەیەکی پەسەندکراو و دروست بۆچوون و بیروبۆچوونەکانیان دەخەنەڕوو، مەبەستی من ئەوەیە کە پەنا نابەنە بەر هێز و توندوتیژی، بەڵکو ڕێز و تێگەیشتنێکی زۆر لە ئارادا هەیە و هیوادارم پەرەی پێبدرێت و دیموکراسییەت لە کوردستان بەشێوەیەکی قووڵتر بچەسپێت و ئەم ئەزموونەی کوردستان ببێتە نموونەیەك، نەك تەنیا بۆ عێراق بەڵکو بۆ تێکڕای ناوچەکە. هاوکات، هیوادارم ئەزموونی عێراق، بەشێوەیەکی گشتی، بڕوات بەرەو ئاڕاستەکانی سەقامگیری و خۆشگوزەرانی بۆ هاووڵاتیان و نەك بەرەو ئاڕاستەی جیاوازییە سیاسیەکان. لەڕاستیدا جیاوازی سیاسی پەیوەستە بە جیاوازی ئایدیۆلۆژی و شتێکی بەردەوامە و هەمیشە دەمێنێت، هەرگیز ناکرێ لێك تێگەیشتن و هاوڕایی بێتە کایەوە لەنێوان لایەنە سیاسییە جیاوازەکان وەك باڵەکانی چەپ و لیبرالەکان و ئیسلامییەکان، ئەمە شتێکی مەحاڵە، ئەم شتە لەهیچ دیموکراسییەتێك لە جیهاندا بوونی نییە، بەڵام ئێمە زیاتر دەمانەوێت تێگەیشتن و هاوڕاییمان لەبارەی هەندێك لە کێشەکان هەبێت، بۆ نموونە وەکو پێداویستییەکانی هاووڵاتیان و ژێرخانەکانی وڵات و نزیککردنەوەی بۆچوونەکانمان، بەمەبەستی بونیادنانی ژێرخانەکان، منیش پێموایە کە ئێمە ئەمرۆ بەرەو ئەم ئاڕاستەیەدا هەنگاومان ناوە بەڵام خێراییەکەمان بەپێی پێویست نییە.)

لایەنێکی دیکەی ئیجابی پرۆسەی دیموکراتی هەرێمی کوردستان بوونی دیاردەی ئۆپۆزسیۆنە وەك دیاردەیەکی ئاسایی لەهەرێمی کوردستان و هەروەها بواردان بە ئازادی ئۆپۆزسیۆن هەتا ئەو ئاستەی کە وەك بزووتنەوەی گۆڕان بەیاننامەیەکی دەرکردووە و داوای هەڵوەشانەوەی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات. دەربارەی بەیاننامەکەی بزووتنەوەی گۆڕان، شەللا وتی: (بەشێوەیەکی گشتی، ئەم داواکارییەی بزووتنەوەی گۆڕان بریتیە لە داواکارییەك کە ئاڕاستەکراوە لەلایەن کەمینەیەك بۆ زۆرینەیەك، ڕێز لە داواکارییەکە دەگیرێت، بەڵام زۆرینە بڕیاردەرە. پێویستە لەڕووی دارشتنی دیموکراسی راستەقینەوە ئەم مەسەلەیە شیبکەینەوە، لەبەرئەوەی تەنانەت لە دیموکراسییەتە دێرینەکانیشدا، کەمینەکان چەند داواکارییەك دەخەنەڕوو بەڵام لەکۆتاییدا زۆرینە بڕیار دەدات و



بۆچوونەکەی دەسەپێنێت، لەبەرئەوەی ئەمەیە دیموکراسییەت. ئەگەرنا، ئەوە بەپێچەوانەوە، دەکەوینە بەردەم کەمینەیەکی دیکتاتۆر، مەبەستم لە کەمینەی ئیتنی و رەگەزی نییە، بەڵکو کەمینەی سیاسی حزبی. هەربۆیە، بەڕای من ئەم داواکارییەی گۆڕان داواکاریەکن و بڕیاری زۆرینە لە پەرلەمان وەڵامێکی دیموکراسییانەی دەداتەوە. ئەگەریش برایانمان لە گۆڕان توانای ئەنجامدانی هیچ گۆڕانکارییەکان هەیە، ئەوە لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا لەڕێگەی سندوقەکانی دەنگدانەوە دەتوانن ئەنجامی بدەن، بەڵام پێش هەڵبژاردنەکان پێویستە ڕێز لە بڕیاری زۆرینە بگرن، هەروەها دەبێت زۆرینەش ڕێزی هەبێت بۆ ئەوان.

هەر لەچوارچێوەی هەرێمی کوردستان و سەبارەت بە گلەییەکانی بزووتنەوەی گۆڕان بە وەرنەگرتنی هیچ پۆستێکی وەزاری لەحکومەتی عێراقدا، عەلی شەللا هۆکاری وەرنەگرتنی پۆستی وەزاری بۆ گۆڕان بەمجۆرە روونکردەوە و وتی: (برایانی گۆڕان نیازی بەشداربوونیان هەبوو لە حکومەتی عێراقدا بەڵام ناکۆکییەك هەبوو لەسەر میکانیزمی بەشداربوون، ئێمە دەمانویست ئەوان وەك بەشێك لە کوتلەی کوردستانی بەشداری بکەن، لەکاتێکدا ئەوان دەیانویست وەکو کوتلەیەکی جودا مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت، ئەمە بوو ناوەڕۆکی گفتوگۆ و وتوێژەکان، بەڵام وابزانم لەکۆتاییدا خۆیان بڕیاری بەشدارینەکردنیاندا لەبەرئەوەی پێیان دانەدەگرت لەسەر بەشداربوون. هاوکات من پێموایە کە مەرج نییە هەموو قەوارە و لایەنە سیاسییەکان ببنە بەشێك لە حکومەت. گۆڕان حزوورێکی پۆزەتیڤانەیان

**هیواداریــن ئەو وڵاتانە، تونس و میسر و یەمەن و هەموو وڵاتەکانی تر، کە گۆڕانکارییەکانیان بەشێوەیەکی ئاشتییانە و دیموکراسیانە بەڕێوەبچێت و لەگەڵ پاراستنی خوێنی هاووڵاتیەکانیان و وەکو عێراق باجێکی گەورە نەدەن بۆ دیموکراسییەت**

هەیە لە پەرلەمان و زۆرجار گوێ بیستی موداخەلەکانیان دەبم، ئێمە بۆچوونەکانیان وەردەگرین وەك فاکتەرێك بۆ بەهێزکردنی لایەنی دیموکراسییەت، با پارتێك یان لایەنێکی سیاسی وەك گۆڕان ئۆپۆزسیۆن بێت، ئەمە شتێکی زۆر ئاساییە، ئیتر گۆڕانیش ئارەزووی خۆیەتی بەشداری بکات یان نا و پێویستە بەشداربوونی بەپێی میکانیزمەکانی تەوافوق بێت کە پێشوەختە لایەنە سەرەکییەکان لەسەری ڕێککەوتوون. هەڵبەتە هەموومان ئاگادارین کە لەسەر دەستپێشخەرییەکەی بەڕێز «بارزانی» لە هەولێر کۆبووینەوە و گەیشتینە ڕێکەوتنێك و لە سێبەری دەستپێشخەرییەکە بڕیاردرا بۆ بەشداریکردن لە پرۆسەی سیاسی و پرۆسەی پێکهێنانی حکومەت، برایانیشمان لە گۆڕان بەئاگان لە میکانیزمەکان و چۆنییەتی ئەنجامدانی ڕێککەوتنەکە و دەیانتوانی لەزمنی ئەم میکانیزمانە بەشداری بکەن، بەڵام ئەگەر بێت و بیانەوێ بۆچوونەکانیان لەسەرمان بسەپێنن، بە لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی ئەمڕۆی عێراق، ئێمە ئەمڕۆ لە عێراق خاوەن هەڵبژاردنی زۆر نین و پێویستە ئەم دەرفەتەمان لەدەست نەدەین کە تاکە هیوایە بۆ پێکهێنانی حکومەت.



ژمارە (٨١٧) ■ ٢٠١١/٢/٧

## ئینتیسار عەلاوی پەرلەمانتاری لیستی ئەلعراقیە بۆ گوڵان:

# بەهۆی یەکلایی نەکردنەوەی پۆستە وەزارییەکانەوە هەموو شتێک پەکی کەتووە



لیستی ئەلعراقیە لەگەڵ ئەوەی بەشدارە لە حکومەتی عێراق، بەڵام گەورەترین کێشەی حکومەتی عێراق لەگەڵ لیستی ئەلعراقیەیە نەك لایەنەکانی دیکە، هەر بۆیە بۆچوونی لایەنی لیستی ئەلعراقیە هەندێك رەشبینی پێوە دیارە، لەمبارەوە ئینتیسار عەلاوی پەرلەمانتاری لیستی ئەلعراقیە سەبارەت بە بارودۆخی ئێستای عێراق و پەیوەندی گۆڕانکارییەکانی میسر و تونس بەعێراقەوە بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان راگەیاند و وتی ئێمە رێز لە ئیرادەی گەلی تونس و ئیرادەی میسر دەگرین و بە دڵنیاییەوە رێز لە ئیرادەی گەلی عێراق دەگرین، کە گەلی عێراقیش گەیشتۆتە رادەیەك لە هۆشیاری و درك پێکردن کە دەتوانێت بڕیاری ئەوە بدات کێ باشترە بۆ بەڕێوەبردنی مەلەفی ئەمنی و کاروباری حکومەت لە عێراقدا، بەشێوەیەکی تایبەتی و لە جیهانی عەرەبیدا بەشێوەیەکی گشتی. ئێمە وەك لیستێکی عێراقی داوا لە گەلی میسری دەکەین یەکریزی خۆیان بپارێزن و هەوڵی پاراستنی ئاسایش و سەقامگیری خۆیان بدەن، لەبەر ئەوەی ئێمە دەزانین میسر بە «أم الدنيا» ناسراوە و ئەو بەرەوپێشچوونانەی لەو وڵاتەدا روویدا لە کوشت و تاڵانکردن و راووروت جێی داخە بۆ خەڵکی عێراق. ئەوەی پێوەندی بە کاریگەری ئەم رووداوانەوە هەبێت لەسەر خەڵکی عێراق، ئەوا هەست بەو کاریگەرییە دەکرێت، کە خۆپیشاندانی ئاشتیانە دەستی پێکرد لە شاری حەززە لە پارێزگای دیوانیە و ئێمە بەیانێکمان لەبارەی خۆپیشاندانەکە، دەرکردووە کە ناوەڕۆکەکەی بریتیە لەوەی « بزووتنەوەی ویفاقی وەتەنی و ئەمینداری گشتی ئەم بزووتنەوەیە د.ئەیاد عەللاوی ئیدانە و سەرکۆنەی ئەو رێوشوێنە سەرکوتکاریانە دەکات کە لە بەرەبەیانی ئەمڕۆدا دەزگا ئەمنییەکان لە شاری حەززە لە دژی هاووڵاتییە بێتاوانەکان گرتیانەبەر، ئەو هاووڵاتیانەی موماڕەسەی مافی رەوای خۆیان کرد و داوای باشترکردنی خزمەتگوزارییەکانیان کرد کە لە ئاستێکی خراپدایە، ئەم بزووتنەوەیە لە کاتێکدا ئیدانەی هەموو شێوازەکانی توندوتیژیە نایاساییەکان دەکات لە بەرامبەر داوا رەواکانی هاووڵاتیانی عێراقدا، هەر لەوکاتەشدا داوا لە حکومەت دەکات بە ئەرکەکانی خۆی هەڵبستێت، بە کەمکردنەوەی مەینەتییەکانیان و باشترکردنی باری ژیان و گوزەرانیان و پەلەبکات لە یەکلاکردنەوەی وەزارەتە ئەمنی و خزمەتگوزارییەکان کە پەکیان کەوتووە و تەواوکردنی پرۆژەی شەراکەتی نیشتمانی راستەقینە، هەروەك حکومەت بانگەشەی بۆ دەکات، ئەوەیش لە پێناو ئاشکراکردنی ئەو کەسانەی لەم پێشێلکاریانەوە تێوەگلاون و بە پەلە قەرەبووی زیانلێکەوتووەکانیش بکرێتەوە».


ئینتیسار عەلاوی

لە پرسیارێکی دیکەدا سەبارەت بە دواکەوتنی لوتکەی وڵاتانی عەرەبی کە بڕیارە لە عێراق گرێبدرێت ئینتیسار عەلاوی وتی: (ئومێدی من ئەوەیە ئەم رووداوانە کاریگەرییان نەبێت لەسەر بەستنی ئەو کۆنگرەیە و وەزیری دەرەوەی عێراقیش هوشیار زێباری لێدوانیدا و هیوای خواست کاریگەرییان نەبێت لەسەر گرێدانی ئەم لوتکەیە، کە بڕیارە لە مانگی داهاتوو لە بەغدا ببەسترێت.))

## هادی جەلۆ مەرعی شرۆڤەکاری سیاسی عێراقی بۆ گوڵان:

# بەهۆی کەڵەکەبوونی ململانێکانەوە نەمانتوانیوە بگەینە ڕێکەوتنێک

هادی جەلۆ مەرعی شرۆڤەکار و نووسەری سیاسیی لە سەنتەری نور وەك چاودێرێکی بێلایەن سەیری رەوشی سیاسی عێراق دەکات و لە لێدوانێکی تایبەتیدا بۆ گوڵان و سەبارەت بە چۆنییەتی بەرەو پێشەوە چوونی پرۆسەی سیاسیی لە عێراقدا لە لێدوانێکی تایبەتدا بۆ گوڵان بەمجۆرە باسی لە رەوشی ئەمڕۆی عێراق کرد و وتی: (هێشتا تەحەددی دژوارمان لە پێشە و گەورەترین ئەم تەحەددیاتانەش لە تەحەددیاتە بچووکەکانەوە سەرچاوەیان گرتووە، بەڵام پێکەوە پەیوەستن و بێ سەقامگیربوونیان، ئەمیش سەقامگیر نابن، تەحەددییەکان بریتین لە تەحەددی سیاسی، واتە ئەساسی ئەم کێشانە، کێشەی سیاسیەکاروباری سیاسیش لە عێراقدا بەهۆی سروشتی ململانێی نێوان هێزە نەتەوەیی و ئاینی و مەزهەبییەکانەوە بەردەوامە، هەروەها بەهۆی کەڵەکەبوونی ئەو ململانێیانەی لە ساڵی ٢٠٠٣وە تاوەکو ئێستا بەردەوامن، نەمانتوانیوە بگەینە تەوافوق بۆ ئەوەی دۆخەکە بە ئاراستەی سەقامگیرییەکی سیاسی و ئەمنیدا ببەین. کۆششەکان لەوە کاتەوە ڕژاونەتە ئەو خانەیەی چۆن هێزە عێراقییەکان بگەنە تەوافوقێك بۆ پێکهێنانی حکومەتێك کە هەمووان لەخۆبگرێت. هێشتا ناکۆکی لە نێوان ئەو هێزانەدا هەیە کە لە ناو پەرلەماندان، ئەو هێزانەی لە شەڕ و ململانێدا بوون لەسەر دابەشکردنی پۆستەکان و بەدەستهێنانی دەستکەوتگەلێکی زیاتر. هەربۆیە نەیانتوانیوە لەسەر پرۆژەیەکی نیشتمانی ڕێك بکەون، بەڵکو شەڕیان لەسەر ئەوە بووە بەشی هەر پێکهاتەیەکی نەتەوەیی، تائیفی یان مەزهەبی لە سەروەت و سامان و نوێنەرایەتی سیاسی و بەشداری کردن لە بڕیاری سیاسیدا چەندە.


هادی جەلۆ

ئەم حاڵەتەی ئێستا عێراق پێدا تێدەپەڕێت وەك هادی جەلۆ مەرعی ئاماژەی پێکرد بارێکی ناسەقامگیرە، بۆیە لەم بارەوە پرسیاری ئەوەمان لێکرد ئایا تاچەند بارودۆخی وڵاتانی عەرەبی کاریگەری لەسەر رەوشی عێراق دەبێت، لەمبارەوە مەرعی وتی: لە ڕاستیدا ئەم خۆپیشاندانانە پەیوەندییان بە ئاستی ئەوخزمەتگوزاریانەوە هەیە کە دابین کراون، دەستووری عێراقیش ماف بە خەڵکی وڵاتەکە دەدات خۆپیشاندان و کۆبوونەوەی ئاشتیانە ئەنجام بدەن، بەڵام ئەوەی کاریگەری هەیە بریتیی نییە لە ڕژانە سەر شەقام، بەڵکو ئەوەی لە وڵاتانی دیکەی عەرەبیدا ڕوودەدات لەسەر ئاستی سیاسی جێی نیگەرانییە بۆ حکومەتی عێراق و ئەو لایەنانەی بەشدارن لە حکومەتدا).





## محەمەد ئیقبال پەرلەمانتاری تەیاری وەسەت بۆ گوڵان:

# ئۆباڵی قەیرانە سیاسییەکە لە ئەستۆی ئەلعراقیە و هاوپەیمانی نیشتمانیدایە

محەمەد ئیقبال پەرلەمانتاری عێراقی لەسەر لیستی تەیاری وەسەت پێیوایە قەیرانە سیاسییەکە هێشتا کۆتایی نەهاتووە و تا ئێستا لەنێوان لایەنە سیاسییەکاندا لێکتێنەگەیشتن هەیە، لەمبارەوە و لە لێدوانێکی تایبەتدا بۆ گوڵان ئیقبال وتی: ( قەیرانە سیاسییەکە هێشتا کۆتایی نەهاتووە لەبەرئەوەی هەندێك لە ڕێککەوتنە سیاسییەکان بە قۆناغێك لە ناسەقامگیری و لێگتێنەگەیشتن تێدەپەڕێت، بەتایبەتی لەبارەی ئەنجومەنی سیاسی و وەزارەتە ئەمنییەکان، لەگەڵ مەسەلەی دادگای ئیتیحادی. بەڵام دەتوانم بڵێم کە پێویستە لەسەر قەوارە سیاسییەکان بەرپرسیارەتییەکە لەئەستۆبگرن و بەڵێنەکانیان جێبەجێبکەن و پەلەبکەن لە ئەنجامدانی لەبەرئەوەی ئەم مەسەلانە ڕەنگدانەوەیەکی ڕاستەوخۆی لەسەر هاووڵاتیان هەیە و کاریگەریی لەسەر ژیانی ڕۆژانەی هاووڵاتیان هەیە، لەڕووی خزمەتگوزارییەکان و ڕەوشی ئاسایش و کێشەی کارەبا. هاوڵاتییان چیدی ناتوانن لە چاوەڕوانی دابن، لەبەرئەوەی زۆر بەڵێنیان لە سیاسەتووانەکان پێدرا، چەندین مانگ خۆیان ڕاگرت تا حکومەت پێکهێنرا، تەنیا ئەم مەسەلانەش ماون یەکلابکرێنەوە. ئەمڕۆش قەوارە سیاسییە گەورەکان کە بریتین لە لیستی «عێراقیە» و «ئیئتیلافی نیشتمانی»، گەورەترین بەرپرسیاریەتییان لەئەستۆدایە بۆ چارەسەرکردن و یەکلاکردنەوەی ئەم مەسەلانە.))



محەمەد ئیقبال

سەبارەت بەپرسی یەکلاکردنەوەی پۆستی وەزارەتە مەدەنییەکان و مانەوەی پۆستە ئەمنییەکان بەوەی دەنگۆی ئەوە هەیە کە هەندێك لە پۆستە وەزارییەکان یەکلایی کراونەتەوە، دەربارەی ئەم پرسانەش ئیقبال وتی: (بیستمان هەندێك لە وەزارەتە مەدەنییەکان یەکلاکراوەتەوە وەك وەزارەتەکانی کارەبا و بازرگانی و وەزارەتی دەوڵەت بۆ کاروباری ئافرەتان، بۆ ئەمەش لیستە پێوەندارەکان کاندیدی خۆیان پێشکەشکردووە، بەشێوەیەك کە وەزارەتی کارەبا بۆ لیستی «عێراقیە» و وەزارەتی بازرگانی بۆ ئیئتیلافی هێزە کوردستانییەکان، بەڵام سەبارەت بە وەزارەتە ئەمنییەکان من پێموایە کە مەسەلەکە ماوەیەکی زیاتر دەخایەنێت و کەمێك دوادەکەوێت لەبەرئەوەی هێشتا گرژی لەنێوان قەوارە سیاسییەکان ماوە و هەر لیستێك سوورە لەسەر کاندیدەکەی خۆی، ئەمەش بۆتە هۆی دواکەوتنی ئەم مەسەلەیە، هەموو لیستە پەیوەندارەکانیش داوایان لێکراوە نەرمونیانییەکی زیاتر بنوێنن و چەند کاندیدێك هەڵبژێرن بۆئەوەی مەودای دەستنیشانکردنی کەسایەتییەکان فراوانتر بێت، بەڵام پێداگرتن تەنیا لەسەر یەك کاندید مەودای دەستنیشانکردنەکە تەسکتر دەکاتەوە و مەسەلەکە زیاتر دوا دەخات.)).

# شتێك لەبارەی وانەی تونس و شتانێكیش لەوەوە فێربوون



عامرحەسەن فەیاز
تایبەت بە گوڵان نووسیویەتی

گومانـــی تێدا نییـــە ئەوەی لە تونـــس روویداوە بریتیە لە دەسكەوتێكی تونسیانەی خاوێن، لە رووی شناسنامەو فاكتەرو دەرئەنجامەوە رووداوێكی دوورە لە پۆخڵەواتی دەستێوەردانی بێگانەوە..

لەدەروازەی ناساندنەوە ئەم رووداوە بۆ گواستنەوەی تونس لە حاڵەتی رزگاری نیشتمانییەوە بەرەو رزگاری نیشـــتمان و هاووڵاتیان بەویستێكی میللیانە هاتۆتە كایە و بەرهەم، شۆڕشەكە گوزارشتێكی راستەقینە بوو لە پێناوی گۆڕینـــی رژێمێكی تۆتالیتار بەرەو دیموكراتیەت و دادپەروەری كۆمەڵایەتی، گوزارشت بـــوو بۆ گەڕانەوەی كەرامـــەت بۆ وڵات و خەڵكی تونس ..

هۆكارێكی تری ئەم شۆڕشە لە چەندین فاكتەری كەڵەكەبوو كەوتۆتەوە چ بەهۆی كشـــانەوەی ئاستی وەدیهێنانـــی دادوەری كۆمەڵایەتی كە هێماكانی لە هەژاری و بێـــكاری و گەندەڵیدا وەدەردەكەوتن، یان لەبەر هۆكاری سیاسی دیارو ئاشكرا هەر لە نەبوونی یان لاوازی ئاســـتی فرەیی و پلۆرالیزمی بیروڕای ئازاد و تا كەمكردنەوەو هەڵوەشـــاندن و راوەدونان و دەستبەســـەراگرتنی حزبەكانی تری شەقام و ماف پێنەدانیان و دژایەتی كردنی جیاوازییەكانیان

لـــە دەروازەی ئـــەم ئەنجامانەوە لەسەرئاســـتی ناوخۆیی تونسیدا شۆڕشی كەرامەتی تونس سەری بە دیكتاتۆرێك شۆڕكرد و دەریپەڕاندە دەرەوەی وڵات، ئەمڕۆش شۆڕشـــەكە لە تونس بەردەوامی هەیە لە پێنـــاوی پاكتاوكردنی لك و كلك و پاشـــماوەكانی رژێمی دیكتاتۆری پێشوو كە دەیانەوێت ئەم بەرهەمە میللییە بۆ خۆیان بدزنەوەو بە ئاڕاستەی تەوژمەكەدا بڕۆنە پێشەوە .

ئەمـــە پوختەی شـــتێك بـــوو ســـەبارەت بە وانە تونســـییەكە، دواتر ئەو شـــتانەی كە لـــە ئاكام و كاریگەرێتـــی ئەم وانەیەوە هاتنە پێشـــەوە، چەندین كاریگەریی دیكە لەســـەر دەرەوە دروســـت دەكەنەوە كە لەوانەی ناوخۆی تونـــس فراوانترو پڕبایەخترن، شۆڕشی یاسەمین دوو پەیامی گرنگی بۆ سیستمە سیاسیەكان بەدوای خۆیدا هێنایە پێشەوە، یەكەمیان بـــۆ رژێمەكانی دەوروبەری تونس بەوەی پەندیان لێ وەرگرتووە تا ناچاربن پێداویستیەكانی هاووڵاتیانیان بە باشترین شێوەوە دابین بكەن و بەم شێوازە یاسەمین لووتبەرزی و لەخۆبایی بوونی دەسەڵاتدارانی وڵاتە عارەبیەكانی تێكشـــكاند و رژێمە شمولیەكانیشـــی ناچارهێناوە تـــا بە نەرمی بجووڵێنـــەوە و رێڕەوی گۆڕین بـــەرەو دیموكراتی بوون و فرەیی بگرنە بەر، تەنیا گرتنەبەری ئەم رێڕەوەیە كە فرەیی سیاســـی و وەدیهێنانی دادپەروەری لێدەكەوێتەوە ..

بەڵام ئەو رژێمانەی لاساری دەكەن لەگەڵ وانەكانی شۆڕشی یاســـەمیندا و خۆیانی لێ گێل دەكەن یان بەتوندی رەتی دەكەنەوە ئەوا گەلانی وڵاتەكانیان بەر لە خۆیان پەیامەكانیان پێ گەیشتووەو بۆ گێڕانەوەی میكانیزمەكانی كەرامەتی نیشتمانی و مرۆڤایەتی بەرچاوانیان روون بۆتەوە و لە چارەسەری راستەقینە نزیك بوونەتەوە و دوورن لە گەمەی ئارامكردنەوەی كاتیی ئـــەو رژێمانەی پشتبەســـتوون بە نەوت یان رژێمی شـــمولیی نەوتینەن (بە رەق و نەرمیانەوە) كە بۆ زگە برســـییەكان نان دەڕێژن و خۆڵیش دەكەنە ناوچاوانەوە و سەوداو مامەڵەی كڕین و فرۆشتن بە عەقڵەكان دەكەن، ئەوەشی نەیەتە ژێر باریان لەناوی دەبەن تا گشـــت هاووڵاتیان بكرێن بە ژمارەو كۆدی وابەستە بە بڕیارە سیاسیەكانەوە بێ ئەوەی هاووڵاتیان بەشدارییان پێ بكرێت لە دروست كردنی بڕیاردا ..

تەنیـــا ئەوەی ماوەتەوە بیڵێم ئەوە راســـتییەیە كە رژێمە تۆتالیتارییەكان زیرەكن لە دروســـتكردنی دوو هەڵبژاردندان كە سێیەمیان ونەو بوونی نییە یەكەمیان هەڵبژاردنـــی ئازادییەكانە دووەمیـــان هەڵبژاردنی ئازادی لە دەست دەرچوو تا ئاستی فەوزایە، وانەی تونـــس و دواتریش وانەی میســـر لە دوای ئەوانیش وانەی تر لـــە وڵاتانی ترەوە كە پاڵێـــوراون بۆ وانە پێـــدان و وەرگرتن وا لە دیكتاتـــۆرە نەرم و رەقەكان دەكەن رازی بن بە چوونە ســـەر رێڕەوی قبوڵكردنی بەرانبەرو، رازیش بن بە هەردوو بابەتی فرەیی سیاسی و وەدیهێنانی دادپەروەری كۆمەڵایەتی پێكەوە .

# جوانبوونەوەی رۆحی شارستانیی میسر



فلك الدين كاكەیی

ژمارە (٨١٧) ■ ٢٠١١/٢/٧



**(١)**

میسر، کە لە جوگرافیای جیهان بە(ئیگیبت/ئیجیبت) ناسراوە، هەر کە ناوی دێ ئایەم(بنیادەم) بە یادی فەرهەنگی فیرعەونەکان دەکەوێتەوە، شاری (ئەسکەندەرییە)ی میسر سەرچاوەی زانست و فەلسەفە و ئەدەب بووە، مێژوونووسە یۆنانییەکان، لە پێش زایینەوە، باسی ڕەنگدانەوەی فەرهەنگی میسری، بەتایبەتی کتێبخانەی ئەسکەندەرییەیان لەسەر زانا و فەیلەسووفانی یۆنانی کۆن کردووە، سەردەمی خۆی شاری ئەسکەندەرییە تووشی سووتان و وێرانی بووە و بەشێکی کەوتووەتە ژێر ئاوی دەریای ناوەڕاستی سپی، وەلی، لە سالآنی دواییدا، نموونەیەکی مۆدێرن و جوانی کتێبخانە دێرینەکەی ئەسکەندەرییە ئاوەدان کراوەتەوە، کە نیشانەیەکی گەشی شارستانی و کەلتووری کۆن و نوێی ئەم شارەیە.

**(٢)**

وڵاتی میسر بە خاوەنی کۆنترین شارستانی دەناسرێ، بەڵکو هەندێ مێژوونووس بە مامۆستای مرۆڤایەتی دەیناسن، کەلەوێدا تەوژمە کۆنەکانی فەلسەفە و زانستی هەر سێ قارەی ئاسیا و ئەفریقیا و ئەوروپا یەکدە گرنەوە.

دوای دامەزرانی زانستگا و کتێبخانەی ئەسکەندەرییە، سالآنی بەر لە زایین، پلە و رۆڵی میسر چەندین بەرامبەر بەرزتر بووەوە، کە لەوێدا زانستی فەلەکناسی و ئەندازیاری و فەلسەفەیان دەخوێند و بڵاودەکردەوە، هەروەها میسر یەکەمین سیستەمی ئایینی دامەزراوەی کە تێگەیشتنی خواوەندەکانی بە ئایەمگەلی (١) رێکخستووە و، لەوێدا یەکەمین هزر و بۆچوونی روون دەربارەی ژیانی دیکە(ئاخیرەت)و سزاوپادش، دارێژیراوە، کە پەیوەستە بە رەوشتی مرۆڤ و رادەی پاکبوونەوە و پێشکەوتنی رۆحی، هەر لەوێشەوە بڕوا و باوەڕی نەمری(هەمیشە مانەوەی) ئینسان سەریهەڵداوە، کە لە دوو پێکهاتەی (جەستەو رۆح) پێکهاتووە .

**(٣)**

یەکەمین ئایینی گشتگیر، کە لە مێژوودا، بە تۆمارکراوی ماوەتەوە، ئایینی (ئەتۆنی یە)،کە نزیکەی ١٣٥٠ساڵ پێش زایین، واتە، بەر لە سێهەزار و سێسەدو پەنجا ساڵ لە میسر دەرکەوتووە، ئەتۆن، یا ئەتۆنی واتە : گۆی خۆر(هەتاو)، لەلایەن لە(ئەمونحەتبی چوارەم) ی فیرعەونی گەنجی میسرەوە داهێنراوە، پێدەچێ لە ئەنجامی گۆڕانکاریی رۆحی و فیکرییەوە ئەو ئیلهامەی بۆ هاتووە، بە واتایەکی دیکە جۆرە سروشێکی بەر گوێدا دراوە، ئەم فیرعەونە دواتر ناوی (ئەخناتۆن) ی لە خۆی ناوە کە بە گەنجێتی مردووە و جەستەیان مۆمیاکردووە، هەرچەندە رەبەن و کاهینەکانی ئەو سەردەمە بڕوایان بە ئایینی خواوەندی هەتاوی ئەخناتۆن نەهێناوە، بەڵام بەرێز و حورمەتەوە تەرمەکەیان لە جێگەیەکی قایم و دوورەدەست شاردۆتەوە، تا لە سەدەی بیستەم دۆزرایەوە، بەتابووت و زێڕ و تاج و گالیسکە و نووسراوی ئاینیەکەیەوە.

ئەخناتۆنی فیرعەونی مەزنی میسر لێبوردە و سنگفراوان بووە و، ئازاری هیچ کەسێکی گەورە و گچکەی کۆشك و هاووڵاتیانی نەداوە هەرچەندە بڕوایان بە ئاینیەکەی نەهێناوە، سەردەمی ئەو توندوتیژی نەدیووە.

ئا ئەم رەوشتە مرۆڤانییە بەرزەیە کە خەسڵەتێکی بنەڕەتی کەسایەتی میسرییەکانە، کە دوورن لە تۆڵە و تۆڵەسەندنەوە، ئەو رەوشتە تا ئەمڕۆ لە میسردا درێژەی هەیە، دەبینین کە هەرچەندە سەرەتای راپەرینی ٢٥ی کانوونی دووەم هەندێ رووداوی خوێناوی دەرکەوت، بەڵام زوو لایەنەکان لەگەڵ حکومەت بەیەکگەیشتن و کەوتنە گفتوگۆ و خۆپیشاندانەکانیان بەرەو ئاشتی و دیالۆگ برد.

**(٤)**

کەواتە ناتوانین پێکدادانی خوێناویتر ببینین بەڵکو شتێك هەیە ناوی دەنێم (رۆحی شارستانی میسر) کە تایبەتمەندە بەم وڵاتە. کە لە ئەنجامدا میسرییەکان وەك سروشتی دێرینی خۆیان دەمێننەوە، بەڵکو رۆحی شارستانیشیان گەشتر و جوانتر دەبێتەوە، هەربۆیەش دەبینین دروشمی توندڕەوی و زیادەڕۆی ناسیونالیستی عەرەبی و ئیسلامی لە خۆپیشاندانەکان بەرچاو ناکەون.

بە بڕوای من، کێشە و هاوسەنگی نێو میسر هەرچۆنێ ببڕێتەوە و بەهەر لایەکی سیاسیدا ساغ ببێتەوە، وەلی لە ئەنجامدا رۆحی شارستانی میسر زاڵ دەبێ و وەك خۆی دەمێنێ ئەمەش نهێنییەکە، خودی میسرییانیش پێی سەرسامن.

وڵاتی میسر هەروەها سەرچاوەی یەکەمین بزووتنەوە و رێبازی گەنۆسی (گەنۆسیکە) کە مانای عیرفان(ناسین) دەدا، بە پەیامی دانای مەزن هرمز(هەرمز) ناسراوە، کە دەڵێ ئەو پەیامە سروشێکی پەروەردگارییە بەنهێنی پێی گەیشتووە، گەنۆسیك، واتە: عارف(خۆناس و خواناس) سەرچاوەی گشت مەکتەب و بزووتنەوە و رێبازە عیرفانییەکانە، کە بە درێژایی مێژوو لە هەر جێگە و سەردەمێ دەرکەوتوونە(بە کوردستانەوە).

گەنۆسیك، یا واتە: یەکێتی پەروەردگار و خوڵقاوەکانی،

که ئێستاش هەمان ناوەڕۆکی ماوە.

کەواتە: فەلسەفەی گەنوسێك لە ناسینی یەك پەروەردگار(یەکتاپەرستی)یەوە، هاتووە.

ئایینی ئەخناتۆنیش (٢) یەکەمین ئایینی یەکتاپەرست بووە.

لەو سەردەمانە( زیاتر لە سێهەزار و پێنجسەد و زووتر) دانووستاندنی کەلتووری و زانست لە نێوان وڵاتی میسر و خەڵکی رۆژهەڵات توندوتۆڵ بوو، کە سوریا و ئێران و کوردستان و رۆژهەڵاتی دوورتر دەگرێتەوە، دەزانین کە دوای چەندین سەدە ئایینی زەردەشت بە پەیامی رۆشنایی و یەکتاپەرستی و راستییەوە پەیدا بووە، بەلای ئەخناتۆنەوە هەتاو موڵکی هیچ کەس و میللەتێك نییە بەڵکو هی هەموو خەڵکی سەر ئەرز و گشت ئەو گیانلەبەرانەیە کە رۆشنایی وزە و میهرەبانی هەتاو(ئەتۆن) بەریاندەکەوێ. واتە: خەڵکی دنیا لەوەدا یەکسانن کە وەك یەك سوود لە سروشت و بوون و سامان و کانزاکانی گۆی زەوی وەربگرن.

بەلای منەوە خەڵکی وڵاتی ئەخناتۆن و گەنۆسیك (خۆناسین. یا : ناسین و مەعریفەت) و زانست و فەلسەفە، سەرلەنوێ خۆیان دەدۆزنەوە، هەرچی رووبدات و بەهەر شێوەیەك یەکلابێتەوە، ئەوا رۆحی شارستانی میسر دەبووژێتەوە و جوانتر دەبێتەوە. پێکهێنانی لیژنەی دانایان(حەکیمان)ی میسر لەو روانگەیەوە هاتووە. سەرهەڵدانی ئاییندەی نزیکی فەلسەفە و هزر و زانستی خەڵکی میسر لە رۆژهەڵات، تا وڵاتی چین، رەنگدەداتەوە ئیتر دەرگای توندڕەوی و توندرەوی و توندوتیژی ئیسلامی سیاسی دادەخرێت و میسر جارێکی دی دەبێ بەسەرچاوەی هزر و هۆش و ناسین و لەخۆبوردەیی و کەلتووری مرۆڤانە. دەبێ بە دەوڵەتێکی بەهێزتر و دەروشاوەتر، ئەزیش لەگەڵ ئەو رایەدام کە ئەمەریکا و ئەمەریکاییان لە فەرهەنگ و فەلسەفەی شارستانی میر تێنەگەیشتوونە و تێناگەن، هەروەکو چۆن لە رۆحی شارستانیی هیندستان و چین و ئێران و ژاپۆن تێنەگەیشتوونە، چونکە ئەم شارستانی و کەلتوورانە ریشەدار و قووڵ و دووربینن. لە کاتێکدا فەلسەفەی ئەمەریکاییان پراگماتی کاتیی زوو گوزەرە وەك هەور دێت و دەڕوا لەسەر ئەرز دانانشێتەوە، فەلسەفەی ئەمەریکا و رۆژاوا بۆ بەرژەوەندیی کورتی رۆژانەیە.

بە بڕوای من، لە جەوهەردا، شارستانی و رۆحی کەلتووری تایبەتیی کوردستانیش هەیە، کە دۆزینەوە و ناسینەوەی دەوێ.

لێرەدا نامەوێ مەسەلەی شارستانی رۆژاوا و رۆژهەڵات بهێنمەوە، یا رووبەڕووی یەکیان بخەمەوە، بەڵکو دەڵێم کە گشت رووداو وەرگەڕان و وەرچەرخانە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی جیهان، لە بەرە بەیانی مێژوو تا ئەڤرۆ، ئەو راستییە دەسەلمێنن کە رۆحی گەلان، رۆحی شارستانی نەتەوەکان و رۆحی فەرهەنگی جیاواز هەبووە و دەمێنێ، جیا لەوەی کە ئاست و بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی کۆمەڵگاکان هەندێ دەچەقن و وشك بێجووڵە دادەمێنن، جارێکی دیکەش دەگۆڕێن و دەکەوتنە بزاڤ و چوونە پێش.

---

١-ئایەم (لە شێوەزاری لورستانی و کەلهوڕیدا): بنیادەم. ئایەمگەل: بەشەر، خەڵك.

٢- ئەخناتۆس= ئەخمن: شادی، تۆن هەتاو رووناکی وزەی ژیانبەخش واتە: شادیی هەتاو و رۆشنایی.





# چۆمان.. کێڵگەی مین و نەبوونی نەخشەی بنەڕەتی زیانی بە دەڤەرەکە گەیاندووە

چۆمان یەکەمین شوێنە لەکوردستان ـ دا لەساڵی (١٩٧٠) بەبڕیار و مۆری کوردی بۆتە قەزا، لە سەرەتادا ناحییەکانی گەڵالە و حاجی ئۆمەرانی لەخۆ دەگرت، بەڵام لە دوای ڕاپەڕینی گەلەکەمان لەساڵی (١٩٩١)ەوەو بە ڕەچاوکردنی پێداویستی ناوچەکە، سنووری قەزای چۆمان دوو ناحییەی تری بۆ زیادبوو، لەو کاتەوە ناحییەکانی ( گەڵاڵە و قەسرێ و سمێلان و حاجی ئۆمەران و ١١٦ گوند)ی لەخۆ گرت، کە تەنیا (١٩) گوند ئاوەدان نەکراونەتەوە.لەم قەزایەدا لەبەر تۆپ باران و کێڵگەکانی مین و هۆکارەکانی تری گەڕان بەدوای بژێوی ژیانێکی باشتر لەشارەکان تەنیا (٤٦) هەزار کەس گەڕاونەتەوە سەرماڵ و حاڵی خۆیان، لەم ناوچە شاخاوییەدا دانیشتووانی ناوچەکە بەگشتی بە بەخێوکردنی ئاژەڵداری و بەڕێوەبردنی بێستان و باخی میوەو سەوزەو کاری کشتوکاڵی سەرقاڵ و خەریکن و ناوچەیەکە ژمارەیەکی زۆر ئاژەڵی کێویی و دارو درەختی خۆرسکی لێیە.

ناوچەیەکی شاخاوییە و شەقامی سەرەکی هاملتۆن کە ڕێگایەکی گرنگی بازرگانییە لەنێوان هەرێمی کوردستان و ئێراندا ،ڕێگاکە بەسەنتەری قەزای چۆمان تێپەڕدەبێت، ساڵانە ڕێژەیەکی زۆر بەفرو باران لەسنوورەکەی دەبارێت، هەر بۆیە لە وەرزی بەهاران و هاوینان سنووری چۆمان لەوەڕگاو کوێستانێکی خۆشی هەیە و بە کوارگ و ڕێواس بەناوبانگە.

قەزای چۆمان لەبەرئەوەی بەدرێژای شۆڕشی رزگاریخوازی گەلەکەمان بنکەو لانەی شۆڕش و بەرخودان بووە، هەر بۆیە پاش پلانە دوژمنکارییە شوومەکەی جەزایر کە دەرهەق بەکورد و کوردستان کرا بڕیار درا بە تێکدان وخاپورکردنی سەنتەری قەزای چۆمان و ناحییە و گوندەکانی دەوروبەری و ڕاگواستنی دانیشتووانەکەی بۆ کۆمەڵگا زۆرە ملێکان و شارەکانی تری کوردستان، بەڵام لە دوای ساڵی (١٩٩١) بەتایبەتی لە دەست بەکاربوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان سنووری قەزای چۆمان ئاوەدان کرایەوە، بەڵام بەهۆی ئەو بارودۆخەی هاتە پێش کوردستان و نزیکی چۆمان لە سێگۆشەی سنوورەوە بەپێی پێویست کارو پڕۆژەی خزمەتگوزاری بۆ ئەنجام نەدرا، دەتوانین بڵێین چۆمان لەبواری پڕۆژەکان دواکەوت، گەرچی زیاتر لە (٧) ساڵە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بەجیددی کارو پڕۆژە بۆخزمەتکردن و ئاوەدانکردنەوەی سنووری چۆمان دەکرێت، سەرەڕای ئەمەش لێرە و لەوێ خەڵکی ئەو دەڤەرە گلەیی و گازندەیان لەبارەی کارە خزمەتگوزارییەکان هەیە، ئێمە وەکو تیمی ( گۆڤاری گوڵان ) لە سەردانێکی قەزای چۆمان دا چەند هاووڵاتییەکمان دواند بەگشتی کێشە و گرفتەکانیان بۆمان دەربڕی ، بەتایبەتی لەبارەی کەمی یا نەبوونی ئاوەڕۆ و خراپی ڕێگا و بانەکانی زۆربەی گوندەکان و گرنگی نەدان بە کەرتی ئاژەڵداری و بوونی کێڵگەیەکی زۆری مین لەناوچەکەدا، کە کارو سستەمی پاککردنەوەی ناوچەکە لەمین زۆر سستە و خراپی شێوەی کۆکردنەوە و لە ناوبردنی زبڵوخاشاک کە هۆکارێکی سەرەکی پیسبوونی ژینگەکەیانە، بۆخستنەڕووی گلەیی و گازندەی هاووڵاتیان و چەندین پرسیاری تر سەردانی بەڕێز (عەبدولواحید گوانی) قایمقامی قەزای چۆمانمان کردوو، بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی:



# حکومەت لە بەرامبەر کەرتی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری کەمتەرخەمە



## عەبدولواحید گوانی قایمقامی قەزای چۆمان (بۆ گوڵان):

# ئەو خزمەتگوزاریانەی بۆ سنووری چۆمان پێشکەش کراوە بەپێی پێویست و تمووحی دانیشتووانەکەی نییە

### دەبێ وەزارەتەکان کار و پڕۆژەی زۆرترو جددی تریان بۆ قەزای چۆمان هەبێت

سەرەتا قایمقامی قەزای چۆمان ئاماژەی بەپێداویستی ناوچەکە کردو وتی: بەدرێژایی مێژووی دەسەڵاتی حکومەتی عێراقی قەزای چۆمان جگە لەوەی بێبەش بووە لە هەموو کارە خزمەتگوزارییەکان، لەبەرگرنگی و هەڵکەوتەی ناوچەکە بۆ کوردستان سەرتاپای سنوورەکەی بەتایبەتی سەنتەری قەزای چۆمانی خاپوورو وێران کرد، پڕۆژەکانی خزمەتگوزاری و ژێرخانەکەی تێکدا و بێ سەروبەری کرد، لە سەرەتای ڕاپەڕینیش تا ساڵی (٢٠٠٠) لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان کارو پڕۆژەی کەمی بۆ کرا، یەکێك لەو کار و پڕۆژانەی کراوە شایانی باسکردنە ئەویش ئەوەیە کاتی خۆی بازاڕی چۆمان بەکەپر و شێوازێکی زۆر سادە و سەرەتایی دروست کرابوو، لەکاتی ئەنجامدانی پڕۆژەی دوو سایدی ناو سەنتەری چۆمان ئەو بازاڕە تێکدرا، بەڵام خەڵکەکە بەشێوەیەکی زۆر باش قەرەبوو کرانەوە، بەڵام سەرەڕای ئەم کارەش زۆر کارو پڕۆژە هەیە پێویستە ئەنجام بدرێت، هاووڵاتیانیش بەگشتی بەبێ پێنج خزمەتگوزاری سەرەکی وەکو ( ئاو و کارەبا و تەندروستی و پەروەردە و ڕێگاوبان ) ناتوانن ژیان هەڵبکەن بەگشتی ئەو خزمەتگوزارییانەی بۆ سنووری چۆمان پێشکەش کراوە بەپێی تمووحی دانیشتووانەکەی نییە، بۆیە لێرەدا پێویستە بڵێین دەبێ وەزارەت و لایەنە پێوەندارەکان کار و پڕۆژە و پلان و بەرنامەی زۆرتر و باشتر و جددی تریان بۆ قەزای چۆمان هەبێت.

### ناحیەی حاجی ئۆمەران و (٣٦) گوند لە دۆڵی باڵەیان تۆڕی کارەبای نیشتیمانی پێ نەگەیشتووە

وەکو دەزانین لە کاتی خۆی بواری کارەبا بەگشتی لەسنووری قەزای چۆمان گرنگی پێ نەدرابوو، تۆڕی دابەشکردنی کارەبا نەگەیشتبووە زۆربەی سنوورەکەی و لە دوای خاپوور کردنی ناوچەکە و ڕاگواستنەوەی خەڵکەکەی ئەوەی هەبووش تێکچوو، واتە ژێرخانی کارەبا لە سنووری چۆمان بە تەواوی داتەپی بوو، سەبارەت بە کێشە و گرفتەکان و پڕۆژە و ڕەوشی کارەبا لە سنووری قەزای چۆمان قایمقامی قەزای چۆمان وتی: لە دوای ڕاپەڕین تا ماوەی چەند ساڵێك بۆ زۆربەی گوندو ناوچەکە لە ڕێگای موەلیدەوە کارەبایان بۆ دابینکرابوو، دواتر لە ڕێگای ئاوی گوندەکان و سنوورەکە (٢٦) سەرچاوەی کارەبای هایدرۆپاوەر بە هەماهەنگی خەڵکی گوندەکان و حکومەت و ڕێکخراوەکان (NGO) دروستکرا، بڕی وزەی ئەو هایدرۆپاوەرانە بەپێی پێویست سوودی لێ وەرنەدەگیرا، بەڵام وەکو سەرەتایەك کارێکی باش بوو، بۆ ناحیەی حاجی ئۆمەران بەبڕی (٧٠) هەزار دۆلار کارەبا لە ئێران ڕاکێشرا.

سەنتەری قەزا تۆڕی دابەشکردنی کارەبای نەبوو، لەسەر بودجەی پەرەپێدانی پارێزگای هەولێر تۆڕی دابەشکردنی کارەبا بۆسەنتەری قەزاو چەند گوندێك دانراو ماوەیەکە کارەبای نیشتمانی گەیشتۆتە ناو سەنتەری قەزا، بەڵام ناحییەکانی سمێلان و قەسرێ و گەڵاڵە و گوندەکانی دەوروبەریان گرفتی کارەبایان هەیە، بۆیە لەلایەن وەزارەتی کارەباوە بڕی (٣) ملیار دینار بۆپڕۆژەکانی کارەبای هەر سێ ناحییە و گوندەکانی دەوروبەری تەرخانکراوە دەبێ لە ماوەی ساڵی (٢٠١١) ئەو پڕۆژانە تەواو بکرێن، بۆ ئەوەی کێشە و گرفتی ئەو شوێنانە کۆتایی پێ بێت، بەڵام لەلایەکی تر تا ئێستاکە ناحییەی حاجی ئۆمەران و (٣٦) گوند لە دۆڵی باڵەیان تۆڕی کارەبای نیشتیمانی پێ نەگەیشتووە.

### ناحیەی قەسرێ کێشەی ئاوی خواردنەوەی هەیە لە بەرنامەی ئەمساڵدایە پڕۆژەی بۆ ئەنجام بدرێت

لە کۆنەوە وتراوە ئاو و ئاوەدانی، ئاوی خواردنەوە گرنگترین پێداویستی ڕۆژانەو بەردەوامی ژیانی مرۆڤە و سنووری چۆمان هەرچەندە کانی و سەرچاوەی تری ئاوی خواردنەوەی هەیە، بەڵام وەکو پڕۆژەی گونجاو و بەردەوام کێشە و گرفت لەو سنوورە هەستی پێکراوە، سەبارەت بە کێشە و گرفت و پڕۆژەکانی ئاوی خواردنەوە لە سنووری قەزای چۆمان و دابینکردنی ئاوی خواردنەوە بۆ گوندە دوورە دەستەکان و ناحییەکان، قایمقامی قەزای چۆمان وتی: بە شێوەیەکی گشتی کێشەی ئاوی خواردنەوە لەسنووری قەزای چۆمان هەبوو، بەڵام ساڵ لە دوای ساڵ هەوڵدراوە و کار و پڕۆژە

بۆ ئەو مەبەستە ئەنجام دراوە، تا گرفت و کێشەی ئاوی خواردنەوە لەم سنوورە نەمێنێت، کێشەی ئاوی خواردنەوە سەنتەری چۆمان بە ڕاکێشان بۆرییەکی (١٠) ئینجی لە دووری (١٨،٥) کیلۆمەتر لە کانی (پڕژێ) لەسەر سنووری ئێران بۆ چۆمان چارەسەر کرا، هەر لەم پڕۆژەیەدا چوار حەوزی گەورەی گلدانەوەی ئاو و تۆڕی دابەشکردنی ئاوی خواردنەوەی ناو سەنتەری چۆمان بەشێوەیەکی زانستی و هاوچەرخانە دروست کرا. هەروەها بۆچارەسەرکردنی کێشەی ئاوی خواردنەوەی ناحیەی حاجی ئۆمەران پڕۆژەیەکی ستراتیژی بۆ ئەنجامدرا کە لە چیای (کۆدۆ) ئاوی بۆ ڕاکێشرا کە دەتوانین بڵێین تا (٥٠) ساڵی تر ئەو ناحیەیە گرفتی ئاوی خواردنەوەی نابێت. هەروەها ئیستاکەش لە ناحیەی قەسرێ کێشەی ئاوی خواردنەوە هەیە و لە بەرنامەدایە ئەمساڵ پڕۆژەی

**هاووڵاتیان بەگشتی بەبێ خزمەتگوزاری سەرەکی وەکو (ئاو و کارەبا و تەندروستی و پەروەردە و ڕێگاوبان) ناتوانن لە ژیاندا هەڵبکەن**

بۆ ئەنجام بدرێت و بودجەشی بۆ دەرچووە.

### لە بەرانبەر خەڵکی گوندی (دۆڵ بالیسە) هەست بە شەرمەزاری دەکەین

وەکو دەزانین لە هەموو شار و شارۆچکە و ناوچەیەك ڕێگاوبان گرنگی و پێوەندی تایبەتی و ڕاستەوخۆی بە کار و گوزەران و ژیانی خەڵکەوە هەیە و بەفاکتەرێکی سەرەکی بەرەوپێشڤەچوون دادەنرێت، لە هەر شوێنێك و ناوچەیەك ئەگەر ڕێگاوبان باش و شیاو نەبێت خەڵکەکە ناتوانن بە ئاسانی کار و ئیش و بازرگانی و هاتوچۆ بکەن و برەو بە کار و پیشەکانیان بدەن. قەزای چۆمان بەگشتی و ناحییە و گوندەکان بەتایبەتی شاخاوین لە سەردەمی حکومەتی عێراق بواری ڕێگاوبانی مەدەنی و خزمەتگوزاری ئەو سنوورانە زۆر بە کەمی گرنگی پێدراوە، بۆیە هەموو کاتێك کێشەی هاتووچۆ لەو دەڤەرە هەبووە. سەبارەت بە گرفت و کێشە و پڕۆژەی ڕێگاوبان لەو ناوچەیە قایمقامی قەزای چۆمان وتی: ڕێگاوبان لە سنووری قەزای چۆمان دوو تایبەتمەندی و گرنگی هەیە، یەکێکیان ئەوەیە لەبەر ئەوەی ناوچەیەکی شاخاویە ڕێگاوبان ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر هاتوچۆ و ژیانی ڕۆژانەی خەڵکەکە هەیە، دووەم ڕێگاوبان هۆکارێکی سەرەکی بەخێوکردنی مەڕ و ماڵاتە بۆ ناوچەکە و چەندین شوێنی تر، چونکە مەڕدارانی سنووری هەولێر و سلێمانی و زۆر جێگای تر لە وەرزی هاوینان بۆ بەخێوکردنی مەڕ و ماڵاتەکانیان ڕوو لە سنووری چۆمان دەکەن.

ساڵانە وەکو کارێکی کاتیی بە دووشێواز گرفتەکانی ڕێگاوبانی ناوچەکە چارەسەر دەکرێت، یەکەمیان لە بەهاران تیمێکی شۆفل و گرێدەر دروست دەکرێت بۆ چاککردنەوە و پاککردنەوەی ئەو ڕێگاوبانانەی کە لە زستاناندا تێکچووە و بەردی چیای کەوتۆتە سەر، ساڵانە بۆ ڕامالین و پاککردنەوەی ڕێگا و شەقامەکان لە بەفر بەهەمان شێوە تیمێك لە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە پێك دەهێنرێت، بەڵام بۆ باشترکردن و دروستکردنی ڕێگاوبان لەسنووری چۆمان هەموو ساڵێك چەند کار و پڕۆژەیەك ئەنجام دەدرێت، لەمانە دوو سایدی ناو چۆمان و چەند گەڕەکێکی سەنتەری قەزا و ناحیەکان و ڕێگا سەرەکیەکانی وەکو دۆڵی ڕۆستی، بەڵام ناوچەکە زۆر پێویستی لەمە زیاتری دەوێت، بۆیە ئەمساڵ بۆ پڕۆژەکانی ڕێگاوبانی سنووری قەزای چۆمان بڕی (٦٠) ملیۆن دۆلار تەرخان کراوە، لەو بودجەیەش چەند کار و پڕۆژەیەك جێبەجێ دەکرێت لەوانە جووت سایدی چۆمان حاجی ئۆمەران و ڕێگای سەرەکی ناحیەی قەسرێ و چەند ڕێگایەکی تری پێویست و گرنگن بۆ سنوورەکە هەموو پڕۆژەکانیش لەسەر بودجەی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و پەرەپێدانی پارێزگای هەولێرە، جگە لەمانە دیارترین کێشەی ڕێگاوبان لەسنوورەکەدا ڕێگای گوندی (دۆڵ بالیسە) بێگومان ئێمە وەکو حکومەت هەست بە شەرمەزاری لە بەرانبەر خەڵکی ئەو گوندە دەکەین، لەبەر ئەوەی ڕێگاکەیان سەخت و بێ سەروبەرە و تائیستاکەش کاری بۆ نەکراوە و چەند گوندێکی تریش هەیە کە خەڵکەکەی لە وەرزی هاوین بۆی دەگەڕێنەوە ڕێگاکانیان پێویستی بە کار و پڕۆژە هەیە.

هەروەها لە بواری پردەوە ئەم ساڵ (٦) پرد لە سنوورەکە دا لە ژێر جێبەجێ کردندایە، گەرچی پردێك بۆگوندی (مامە خەتیبیان)زۆر پێویستە دروست بکرێت، چونکە ئەو شوێنە پردی هەبووە لافاو بردوویەتی، بەڵام تائیستا نەخراوەتە پلان و بەرنامەوە.

### تەنیا (٦) گوند لە سنوورەی قەزای چۆمان ماوە قوتابخانەی بۆ دروست بکرێت

پەروەردە وخوێندن دوو بنەمای شارستانیەت و ئاستی ڕۆشنبیری و پێشکەوتنی هەموو میللەتێکە و دەبێ بۆ هەموو تاکێکی کۆمەڵگا بەبێ جیاوازی دابین بکرێت،ئەو دوو بنەمایەش تەواوکاری یەکترن، گەلی کوردیش وەکو هەموو میللەتانی دنیا بەدرێژایی مێژوو گرنگی زۆری بە پەروەردە و خوێندن داوە، سەبارەت بە ڕەوشی پەروەردە و خوێندن و کێشە و گرفتەکانی ئەو بوارە لە سنووری قەزای چۆمان، قایمقامی قەزای چۆمان وتی: پەروەردەی قەزای چۆمان لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان تاکە پەروەردەیە کە کێشەی سێ دەوامی و زۆری قوتابی نییە و لە میلاکاتیش کێشەمان نییە، لەبەر ئەوەی سنووری چۆمان دەرچووی پەیمانگا و کۆلیژی زۆرە و بەشی هەرە سەرەکی مامۆستایان خەڵکی دەڤەرەکەن هەر لەوێش نیشتەجێن، بۆیە بەدەگمەن داوای گواستنەوە هەیە.

بەگشتی لەساڵانی ڕابردوو تا ئێستاکە ژمارەیەکی زۆر لەبینایەی قوتابخانە نۆژەنکراونەتەوە و پتر لە (٢٠) قوتابخانەی تازە دروست کراوە، هەر ئێستاکە (٥) قوتابخانەی (١٨) پۆلی لەسەنتەر و هەر (٤) ناحیە لە ژێر جێبەجێ کردندانە، باشێتی ڕەوشی پەروەردەی چۆمان وایکردووە کە ساڵانە پەروەردەی قەزای چۆمان لە قۆناغەکانی تاقیکردنەوەی بەکەلۆریا ئاستی یەکەم یا دووەم لەسەر ئاستی پارێزگای هەولێر و کوردستان بە دەست بێنێت، سەرەڕای ئەمانەش (٦) گوند لە سنوورەکە ماوە قوتابخانەیان بۆ دروست بکرێت.

### حاجی ئۆمەران بنکەیەکی تەندروستی بچووك و زۆر خراپی هەیە

بواری تەندروستیش یەکێکە لەو بوارانەی کە ڕۆژانە ڕاستەوخۆ پێوەندی بە ژیان و سەلامەتی مرۆڤەوە هەیە، لەو سەردەمەدا لە سایەی بەرەوپێشەوەچوونی زانستی پزیشکی و دۆزینەوەی ئامێری ورد و هەستیاری پشکنینەکان و دروستکردنی داودەرمانی باش دۆزینەوە و چارەسەرکردنی زۆربەی نەخۆشیەکان خێراتر و ئاسان تر بووە، هاوکات لە هەرێمی کوردستانیش لەماوەی دەست بەکاربوونی حکومەتی کوردستان تا ئێستا تا ئاستێکی باش لە بواری پزیشکی و تەندروستی هەنگاوی زانستی و پراکتیکی نراوە، بەڵام لێرە ولەوێش بەتایبەتی لە ناحیە و قەزا و گوندەکان تارادەیەك لە شارە گەورەکانیش لە لایەن هاووڵاتیانەوە گلەیی هەیە و

**گلەییمان لە حکومەت هەیە، چونکە لامەرکەزیەت نییە، ئەو بڕیار و ڕێنماییەی کە گوایە دابەزیوەتە خوارەوە، تا ئێستا هیچی دانەبەزیوە و کاری لەسەر نەکراوە**

داوای باشترکردنی ئەو ڕەوشە دەکەن بەتایبەتی لە لایەنی داودەرمان و ئامێر و بینایەی نەخۆشخانەکان و نەبوونی بنکەی تەندروستی لە هەندێ شوێن و گوندەکان دا، سەبارەت بە بواری تەندروستی بەگشتی لە سنووری قەزای چۆمان و کێشە و گرفت و پێداویستیەکانی ئەو لایەنە، قایمقامی قەزای چۆمان وتی: لەسەرەتای ئاوەدانکردنەوەی سنوورەکە کێشە و گرفتی تەندروستی زۆر بوو، بەڵام ساڵ لەدوای ساڵ ئەو بوارە گەشەکردنی بەرچاوی بەخۆوە دیت، لە سەنتەری قەزای چۆمان نەخۆشخانەیەکی (٩٠) قەرەوێڵەیی هاوچەرخ دروستکراوە، پزیشك و کارمەند و هەموو ئامێرەکانی پشکنین و سۆنار وتیشك و ژووری نەشتەرگەری و... تاد بۆ دابین کراوە.

هەروەها لــە ناحیەکانی گەڵاڵە و ســیدان و قەسرێ بنکەی تەندروســتی دروست کراوە، بەڵام ناحیەی حاجــی ئۆمەران لەگەڵ ئەوەی قەرەباڵغە و هاتوچۆی زۆر لەســەرە بنکەیەکی تەندروستی بچووکی زۆر خراپی هەیە و پێویســت بەوە دەکات بەزووترین کات بنکەیەکی تەندروســتی بەرفراوان

## ناحیەی حاجی ئۆمەران لەگەڵ ئەوەی قەرەباڵغە و هاتوچۆی زۆر لەسەرە بنکەیەکی تەندروستی بچووکی زۆر خراپی هەیە

و مۆدێرنی بۆ دروســت بکرێت، بەگشتی ڕەوشی تەندروســتی بەرەو پێش چووە، بــەڵام لە ناحیە و گوندەکان بەتایبەتی دوورە دەســتەکان پێویستە پتر کار و ئیشیان بۆ بکرێت.

### لە حکومەت گلەییمان هەیە، چونکە لامەرکەزیەت نییە

یەکێك لەو کێشە وگرفتانەی لە ڕاپەڕاندنی کار و پرۆژەکان دێتە بەردەم بەرپرسی یەکە کارگێڕیەکان نەبوونی دەســەڵاتی کارگێــڕی ودارایییە، بەڵکو بڕیارەکان لەســەرەوە دەدرێن و لە خوارەوە جێبەجێ دەکرێت یا بەرپرســی یەکە ئیداریــەکان هەر وەکو چاودێرێــك وانە، بەڵام نزیکەی ســاڵێك دەبێ بە بڕیارێکــی ســەرۆکایەتی ئەنجومەنــی وەزیران دەســەڵاتی ئیداری دابەزیوەتە خوارەوە، بۆ ئەوەی بزانین ســەبارەت بەو دەسەڵاتەی کە دابەزیوە چەند کاریگەری لەســەر باشــتر ڕاپەڕاندنی کارەکانیان هەیە و ئایا لەگەڵ دەسەڵاتەکە دەسەڵاتی داراییش دابەزیوە ، لەمبارەوە قایمقامی قەزای چۆمان وتی: پێــش هەڵبژاردنی پارێزگاکان لە دەســت ڕۆتینی ئیداری وەزارەتــەکان دەمانناڵاند و زۆر ماندوویان دەکردیــن، کە دەســەڵاتی پارێــزگا بەهێز بوو بە تایبەتــی لە کابینەی (٥) ی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشــی زۆری کێشــە و گرفتەکان لە ڕووی ئیداری و دارایی چارەسەرکران، لەمبارەشەوە سوپاس و ستایشی پارێزگای هەولێر دەکەین، بەڵام لە حکومەت گلەییمان هەیە، چونکە لامەرکەزیەت نییە، ئەو بڕیار و ڕێنماییەی کە گوایە دابەزیوەتە خوارەوە، تا ئێستا هیچی دانەبەزیوە و کاری لەسەر نەکراوە، بەڵکو تەنیا نووســراو و کاغەزێکە بۆمان هاتووە، نەبوونــی لامەرکەزیــەت و دانەبەزاندنی دەسەڵات کاریگەری خراپی لەسەر ناحیە و قەزاکان دروست کردووە، لەبەر ئەوەی قەزا و ناحیەکان نازانن ساڵانە بۆچ کار و پرۆژەکانیان چەند بودجەیان بۆ تەرخان کراوە. دڵخۆشی و ئومێدی ئێمە چەند ساڵە ئەو هەماهەنگییــە کە لەگەڵ پارێزگا هەمانە و توانراوە بەم ڕێگایە چەندین پرۆژە بۆ ســنوورەکە بخەینە پلان و جێبەجێ بکرێت

### یەکێك لە کێشە سەرەکیەکانی چۆمان نەك نەبوونی ماستەرپلانە، بەڵکو چۆمان نەخشەی بنەڕەتیشی نییە

هەموو شار و شــارۆچکەیەك تەنانەت گوندی گــەورەش بــۆ بەرفراوانکردن و گەشــەکردن لە ڕووی نیشــتەجێبوون و دەســت نیشــانکردنی شــوێنە خزمەتگوزاریەکان و دەرکەوتنی شــارەکە بەشــێوەیەکی جــوان و ئەندازەیی پێویســتی بە نەخشــەی بنەڕەتی و لە پاشان بەماستەر پلانێکی ورد و زانستی و تیروتەسەل هەیە، سەبارەت بەوەی ئایا قەزای چۆمــان گەورە و بەرفراوان دەکرێت و ماستەرپلانی هەیە، قایمقامی قەزای چۆمان وتی: یەکێك لە کێشە سەرەکیەکانی چۆمان نەك نەبوونی ماستەرپلانە، بەڵکو چۆمان نەخشەی بنەڕەتیشی نییە، بۆ گەورە بوون و دابەشــکردنی زەوی و کار و پرۆژەکانی ناو ســەنتەری قەزای چۆمان بەبێ نەخشەی بنەڕەتی کار دەکەین، بەچاو و تەخمین و تێڕوانینی خۆمان کارەکان ئەنجام دەدەین، کابینە لە دوای کابینە لە دەرگای وەزارەتی شارەوانیمان داوە بۆ دانانی نەخشــەیەك یان دروستکردنی ماستەر پــلان، بەڵام بۆ ئەو پرۆژە پێویســت و گرنگ و سەرەکیەی شــارۆچکەکە بەدەنگمانەوە نەهاتوون، هاوکات بــۆ کۆژاندنــەوە و ئیفرازکردنی زەوییش کارمان بــۆ نەکراوە، چونکــە زەویەکانی چۆمان هــی خەڵکــە لەکاتی خــۆی حکومەتی بەعس زەویەکانی هەموو کردۆتــە ئەمیری بەبێ ئەوەی پرس بە خاوەنەکانــی بکات و قەرەبووی تاکە کەسێکیشی نەکردۆتەوە، بۆیە ئێمەش ناتوانین یەك پارچە زەوی بکۆژێنینەوە و ئیفراز و دابەشی بکەین، بۆیە لە ڕووی ئەندازیی و نەخشەی بنەڕەتی تەنیا ڕێگا و شــەقام و کۆڵانەکان دەتوانین دەست نیشان بکەین دەنا هەموو کارەکانی تر لە ڕووی نەخشەی بنەڕەتی و ماســتەرپلانەوە زێدەڕۆیە، بۆ شوێنی خزمەتگوزاریــەکان لە ناو شــارەکەدا بە کرێن و بەخشین دابین و چارەسەر کراوە.

### زبڵوخاشاك لە هەموو کوردستان گرفتێکی گەورەیە، خەڵك و لایەنی پێوەندار لە دەستی دەناڵێنن

وەکــو دەزانین ڕۆژانە لە هەمــوو ماڵێك بڕێك زبڵوخاشــاك فڕێ دەدرێــت، پێویســتە لەلایەن شــارەوانییەوە ئەو زبڵوخاشاکەی کۆڵان و گەڕەك و شــارەکە بۆ شــوێنی دیاریکــراو بگوازرێتەوە لەپاشان خۆی لێ ڕزگار بکرێت، ئەوەش لەدنیای ئەمڕۆدا بەســـتەمی جیا جیای پێشکەوتوو پیادە دەکرێت، بەڵام لە لای خۆمان تا ئێستاکەش لەشارە گەورەکانیش هەر بەشێوە کۆن و تەقلیدیەکە کاری لەسەر دەکرێت، ســەبارەت بە کۆکردنەوە و خۆ لێ ڕزگار کردنی زبڵوخاشاك لە شارۆچکەی چۆمان و کێشە و گرفتەکانی قایمقامی قەزای چۆمان وتی: ئەمــە لە هەموو کوردســتان گرفتێکی گەورەیە، خەڵك و لایەنــی پەیوەندار لە دەســتی دەناڵێنن، لەبەر ئەوەی ســتەمەکەی کۆن و زیانبەخشە لە کاتی کۆکردنەوە و گواســتنەوە و سووتانیش مێش و مەگەزو بۆن و دوکەڵکی ناخۆش و قێزەوەن بڵاو دەبێتەوە، هۆکارێکی سەرەکی بڵاوبوونەوەی جۆرەها نەخۆشیە و هەندێ جار لە کاتی سووتانی زبڵوخاشاکەکە زەوی و باخ و دۆڵەکانی دەوروبەریشــی ئاگر دەگرێت، ئەوەش زەرەر وزیانێکە ، پێویستە حکومەت بە هەر نرخێك بێت چارەســەرێك بۆ ئەو بوارە بدۆزێتەوە. لەم ماوەیەدا وەزارەتی شــارەوانی چۆمان و ســێ قەزاکەی تری ئــەو دەڤەرەی بۆ پاککردنەوەیان بە کۆمپانیایەکــی کەرتی تایبەتی داوە و هەر چەندە تا ئێستاکە دەست بەکارنەبووە.

هەروەهــا بۆ پاراســتنی ژینگە لــە ماوەی ســێ ســەردانمان بۆ وڵاتی نەمسا بۆ دوو پرۆژە گرێبەســتمان لەگــەڵ کۆمپانیــای (AiT) مۆرکــردووە، پرۆژەیەکیــان بــۆ دروســتکردنی پارکێکــی پاراســتن و بەخێوکردنی ئاژەڵی کێوی و دار و درەختی سروشــتیە لە چیای ســەکران، دووەم پــرۆژەش بۆ پاککردنەوەی ئاوی قورســی قــەزای چۆمانــە، لەبەر ئەوەی ئاوی قورســی ســنوورەکە، بەڵکو هەموو کوردستان دەچێتەوە ناو ڕووبارەکان، ئەمەش زۆر مەترسیدارە بۆ تووشبوون و بڵاوبوونەوەی جۆرەها نەخۆشی.

## لە ناحیەی قەسرێ کێشەی ئاوی خواردنەوە هەیە و لە بەرنامەدایە ئەمساڵ پرۆژەی بۆ ئەنجام بدرێت و بودجەشی بۆ دەرچووە

### ئەگەر بەو بەرنامە و پلانەی ئێستاکە کار لەسەر هەڵگرتنەوەی مین بکرێت، ئەوە بە (٥٠) ساڵی تر ئینجا دەتوانرێت سنوورەکە پاك بکرێتەوە

لەکاتــی خۆی لە لایەن حکومەتی بەعســەوە ژمارەیەکی یەکجار زۆر مین لە ناو خاکی کوردستان بە تایبەتی لەناوچە شاخاوی و سنوورەکان چاندراوە، تا ئێســتاش ژمارەی کێڵگە بە مین چێندراوەکان بە وردی نەزانراوە، لــە دوای ڕاپەڕینەوە نزیکەی (٢٠) ســاڵە چەندین ڕێکخــراوی نا حکومی و بیانی و ناوخۆی کار لەســەر هەڵگرتنەوەی مین دەکــەن، بــەڵام نەتوانراوە بە تــەواوی خۆی لێ ڕزگار بکرێت، ماوە ماوە، لێرە لەوێ دەبیســتین و دەبینین کــە هاووڵاتیان ڕووبەڕووی تەقینەوەی مین دەبــن و دەمرن یــا تووشــی کەمئەندامی دێن، بێگومان ســنووری قەزای چۆمان یەکێکە لەو شــوێنانەی ژمارەیەکی زۆر کێڵگەی مینی تێدایــە و تــا ئێســتاش زەرەرو زیانێکی زۆری بەدانیشتووانی ســنوورەکەی گەیاندووە، سەبارەت بەم بوارە قایمقامی قەزای چۆمان وتی: بێگومان ڕێژەیەکی زۆری ســنووری قەزای چۆمان بەمین داڕێژراوە و قوربانیەکانی بەردەوام و زۆرە و هەندێ گونــد لە ســنوورەکە لەبەر بوونی میــن ئاوەدان

نەکراوەتـــەوە، لـــە دوای ڕاپەڕینەوە تا ئێســـتاش لەلایەن دەزگا و ڕێکخراوەکانی ناحکومی و بیانی و ناوخۆی لەســـەر هەڵگرتنەوەی مین بەردەوامن، بەڵام سروشتی ئەو کارە خۆی سست و لەسەرخۆیە، بۆیـــە ماوەی زۆری دەوێت، ئەگـــەر بەو بەرنامە و پلانەی ئێســـتاوە کار لەسەر هەڵگرتنەوەی مین بکرێت ئەوە بە (٥٠) ســـاڵی تـــر ئینجا دەتوانرێت سنوورەکە پاك بکرێتەوە، ئەمەش ماوەیەکی زۆرە، بۆیە پێویســـتە دەزگا و ڕێکخراو و بودجەی زیاتر لە لایەن حکومەتی کوردستانەوە بۆ رزگار بوون لەم کارەساتە جەرگبڕە تەرخان بکرێت.

### بوونی کێڵگەی مین و نەبوونی نەخشەی بنەڕەتی و زەوی وای کردوە کەرتی گەشتیاری لەناوچەکەدا پێشنەکەوێت

کەرتـــی گەشـــتیاری لە هـــەر وڵاتێك هەبێت یەکێکە لە بنەما گرنگەکانی ئابووری، کوردستان لەو شـــوێن و وڵاتانەیە کە بەپێی سروشـــت و ئاو و هـــەوا و دیمەنە جوان و دڵڕفێنەکانی شـــوێن و ناوچەی گەشتوگوزاری زۆری هەیە، جگە لەمانە ژمارەیەکی زۆرلە شـــوێنی ئایینی و ئاینزاکان و شـــوێنەواری دێرین و کەلتوری هەیە ، بۆ برەودان بەو بوارە پێویستە شوێنی حەوانەوە و پێداویستەکانی کشتیاران لەسەر ستانداری جیهانی دابین بکرێت، لەکوردستان تا ئێستاکە کار و ئیشێکی وا لەبارەی گەشـــتوگوزار نەکراوە شـــایانی باســـکردن بێت، هەرچەندە لێرە و لەوێ هەندێ کاری ســـەرەتایی کراوە وەکو کەپر و دانانی کورسی و.... تاد.

قەزای چۆمانیش یەکێکە لەو شوێن و سنوورانەی کوردستان کە چەندین شوێنی گەشتیاری تێدایە، بەڵام بەپێی قسەی خەڵکی ناوچەکە کارێکی وا بۆ شوێنە گەشتوگوزاریەکان نەکراوە کە مرۆڤ دڵی پێ خۆش بێت یـــان بڵێین دەتوانرێت لە وەرزەکانی گەشتیاری خەڵك کار و کاسبی لێ بکات و ببێتە داهاتێك بۆ ناوچەکە، سەبارەت بە بواری کشتیاری و هۆکاری گرنگی پێنەدان و کێشە و گرفتەکانی ئەو بوارە قایمقامی قەزای چۆمان وتی: بێگومان ناوچە گەشتیاریەکانی سنووری قەزای چۆمان لە ڕووی سروشـــت و ئاو و هەواوە هەڵکەوتەی جوان و سەرنج ڕاکێشن و جیاوازییەکی تری ئەو ناوچەیە ئەوەیە ژمارەیەکی زۆر ئەشکەوت و ئاژەڵی کێوی و دارودرەختی خۆرســـکصی لێیە، لەهەندێ شوێن کاری بچـــوك بچوك کراوە وەکـــو دانانی کەپر و دروســـتکردنی (WC) و... بـــەڵام ئەوانە نابنە هۆکاری بەرەوپێشـــچوونی کەتی گەشتیاری،بۆیە لێرەدا دەتوانین بپرسین بۆحکومەت کار و پڕۆژەی گەشـــتیاری لەو ناوچەیەدا؟ کەرتی تایبەتیش تا ئێستا لەم ناوچەیەدا لەبەر دوو هۆکار نەیانتوانیوە کاربکـــەن، یەکەمیان لەبەر بوونی کێڵگەی مین و تۆپباران لەسنوورەکەدا کە وای کردوە سەرمایەداران و کەرتی تایبەت نەتوانن سەرمایەکانیان بخەنە کار، دووەم لەبەرئەوەی نەخشـــە و دیزاینمان لەسنوورەکە نییـــە و نەبوونی زەوی بۆ ئـــەوەی بتوانین زەوی بدەیـــن بەکەرتی تایبەت، تاوەکـــو ئەوانیش کار و پڕۆژەی لەسەر ئەنجام بدەن، بەڵام دەبێ حکومەت چاوەڕوانی کەرتی تایبەت نەکات بەخۆی هەندێ کار و پڕۆژەی گەشـــتیاری لە سنووری چۆمان بەتایبەتـــی لە ناوچەی حاجی ئۆمـــەران ئەنجام بدات.

### سنووری چۆمان شوین و دۆڵی زۆر باشی بۆ بەنداو هەیە، گەرچی تا ئێستا ئەو پڕۆژەیە ئەنجام نەدراوە

ســـنووری چۆمان شوێن و دۆڵی زۆر باشی بۆ بەنـــداو هەیە و بەهۆی ئـــەو بەفرەی لە ناوچەکە دەکەوێـــت و ئاوی کانی و ســـەرچاوەی تری ئاو ڕێژەیەکی زۆر ئاو لە دەڤەری چۆمان هەیە،

سەبارەت بە دروستکردنی بەنداو لە سنوورەکەدا، قایمقامی قەزای چۆمان وتی: شوێنی گونجاو بۆ بەنداو زۆرە و ئەو پڕۆژەیەش لە زۆر لایەنەوە سوودی دەبێـــت لەوانە بۆ گلدانەوەی ئـــاو و بەخێوکردنی ماسی و کاری کشتوکاڵی و بەرهەمهێنانی کارەبا و بواری گەشتیاری و...

بۆ ئەو مەبەســـتەش کۆمپانیای بەلجیکی و ئیتاڵی ســـەردانی ناوچەکەیان کردوە و بڕیار بوو لەســـێ جێگا لـــە (بالەیان و ســـمیلان و قوبەی گەلاڵە) بەنداو دروست بکرێت.

### دەروازەی حاجی ئۆمەران لەماوەی سێ ساڵی ڕابردوو بە فەرمی بوو بە دەروازەیەکی نێودەوڵەتی

خاڵی هـــەرە گرنگی چۆمان ئەوەیە لەســـەر ڕێـــگای ســـەرەکی هاملتۆنە کـــە ڕێگایەکی بازرگانیە لەنێوان کوردستان و ئێران و بەبەردەوامی و شەو و ڕۆژ هاتوچۆی لەسەرە و بۆتە گەورەترین و گرنگترین دەروازە، لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردســـتانەوە کار و پڕۆژەی تایبەت و شـــیاو و مۆدێرنی لە ساڵانی ڕابردوو بۆ کراوە، سەبارەت بە چۆنیەتی بەڕێوەبردنی کارەکانی دەروازەی حاجی ئۆمەران و کێشە و گرفتەکانی، قایمقامی قەزای چۆمان وتی:

لە دوای ڕاپەڕیـــن دەروازەی حاجی ئۆمەران زۆر بێســـەرو بەر بوو ســـتەم و بەڕێوەبردنی کار و ئیشـــەکانیش بەپێی پێویست و باش نەبوو، ئەوە درێژەی کێشا تا سێ ساڵ پێش ئێستاکە. لەماوەی سێ ساڵی ڕابردوو بە بڕی (٢٠) ملیار دینار کار و پڕۆژەیەکـــی هاوچەرخ بۆ ئەو دەروازەیە ئەنجام درا و دەتوانین بڵێین لەســـەر ئاســـتی کوردستان باشـــترین دەروازە لە ڕووی بینایە و بە دەزگابوون هاتەدی و بەڕەزامەندی هەردوولا ( ئێمە و ئێران) بوو بە دەروازەیەکـــی فەرمی، ئێرانیەکان کە دێنە ســـنووری ئێمە هەست دەکەن کەدەروازەکە لە لای ئێمەوە زۆر پێشکەوتوو ترە لەلای ئەوانەوە. کێشە و گرفتی لۆری و باری زیاد هەڵگرتن هەبوو توانرا بەرە بەرە وابکەین کە لۆریەکان بێنە سەرستانداری جیهانی لـــە جیاتی ئـــەوەی (٣٢) تەن باربکەن هێنرایە سەر (١٨) تەن کە بەمەش واکرا ڕووداوی وەرگەڕان کەم بەبێتەوە و ڕێگا و شـــەقامەکانیش کەمتر قورســـایی بکەوێتە ســـەر و تێك نەچێت و ئیســـتغلال کردن هەبوو لەوەی کەســـانێ هەبوون تەنیـــا لۆری ئـــەوان دەچووە ئەودیـــوی و باری هەڵدەگرت، ئەو دیاردەیـــە بنەبڕ کرا، لە لایەکی تر بەناوەی جیاجیا مانگانە پتر لە (١٥٠) هەزار دینار لە لۆریەکانیان وەردەگیرێت، بەڵام لیژنەیەك هەر لە شوفێری لۆریەکان پێکهێنرا بۆ بەڕێکردنی لۆریـــەکان و بڕی پـــارەی وەرگیـــراو لە جیاتی (١٥٠) هـــەزار دینار کرایە ( ٥-٧) هەزار دینار. هەروەهـــا کۆنترۆڵی جۆری دانرا بۆ پشـــکنینی هەموو کەلوپەل و کەرســـتەو داودەرمانێکی دێتە ژووری، بەمەش توانرا زاڵبین بەسەر زیان و کێشە و سەرپێچیەکان.

### سیاسەتی حکومەت و لایەنی پێوەندار دژی ئاژەڵدارییە و هەرەسی بەو کەرتە هێناوە


ســـەبارەت بەبواری ئاژەڵداری و کشـــتوکاڵی قایمقامی قەزای چۆمان وتی: خاڵی هەرە لاواز و کەمتەرخەمی حکومەتی هەرێمی کوردســـتان لەم دەڤەرە گرنگی نەدان و پشـــتگیری نەکردنی ئاژەڵداری و کشتوکاڵیە، نەك حکومەت هاوکاری نەکردون بەڵکو ئەو دوو بوارە گرنگەی ناوچەکەی هەرەس پـــێ هێنـــاوە، بەڵکو حکومـــەت چەند سیاسەتێکی چەوت لەمبارەوە پەیڕەو دەکات، هەر بۆیەش ساڵ لە دوای ساڵ ئاژەڵداری لە ناوچەکە دا بەرەو کەم بوونەوە دەچێت.

### لەبەر چەند کێشەیەك ڕۆژنامەکانی (بالەك و هەڵگورد) دەرناچێت

لەکۆتاییدا ســـەبارەت بە ڕۆشـــنبیری و لاوان و وەرزش، قایمقامـــی قـــەزای چۆمـــان وتی: وەکو هەموو شار وشـــارۆچکەکانی تر حکومەت هەوڵـــی داوە کار و پڕۆژە و چالاکی لە بوارەکانی ڕۆشنبیری و لاوان و وەرزش لە سنووری چۆمان ئەنجام بدات، لە چۆمان ســـەنتەری ڕۆشنبیری و خانەی فەرهەنگی و لە (قەســـرێ و ســـمیلان و حاجی ئۆمـــەران)ش خانەی فەرهەنگی هەیە، هەروەهـــا لە چۆمان رادیۆیـــەك و دوو ڕۆژنامە بەناوەکانـــی ( بالـــەك و هەڵگـــورد ) دەردەچوو، بەڵام لەبەر چەند کێشـــەیەك ماوەیەکە رادیۆیەکە پەخشـــەکەی راوەســـتاوە و دوو ڕۆژنامەکـــەش دەرناچێت، لەبواری وەرزشـــی لە سەنتەری قەزا و هـــەر چوار ناحیە گۆڕەپانی بچوك کراوەی تۆپی پێ و لە ســـەنتەری قـــەزا یاریگایەکی گەورە و نێودەوڵەتی دروست کراوە، بەڵام دەڤەرەکە لەم سێ بوارەدا پێویستی بە کار و پڕۆژەی زیاتر هەیە.

**دەبێ حکومەت چاوەڕوانی کەرتی تایبەت نەکات بەخۆی هەندێ کار و پڕۆژەی گەشتیاری لە سنووری چۆمان بەتایبەتی لە ناوچەی حاجی ئۆمەران ئەنجام بدات**

# ئاو لەدۆسیێی ئاسایشی نەتەوەیی کوردستان



راپۆرت: د. ئەنوەر عەبدوڵا بەرزنجی
راوێژکاری پەرەپێدانی بەردەوام

لەناوەنــدو دامودەزگاکانــی توێژینەوەی ســتراتیژی و لێکۆڵینــەوەی نێودەوڵەتیدا ســەبارەت بەهۆکاری ململانێ و ناکۆکییە نوێیەکان قسەوباسێکی زۆر هەیە، پێشبینی دەکرێت بەهۆی ئاوەوە لەسەدەی بیست و یەکدا جەنگ هەڵبگیرســێت، زۆر هۆکاری تریش بۆ جەنگ هەن هەر لەهۆکارەکانی قەیرانی خۆراکەوە تاوەکو قەیرانی وزە. راوبۆچوونێکی نوێ هەیە بەوەی لە بیست ساڵی داهاتوودا رەنگە کەمی ئاو ببێتە هۆکارێکی سەرەکی بۆ کەوتنەوەی پشێوی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە رۆژهەڵاتی ناوەراســتدا. کەشــوهەوای حەوزی دەریای ســپی بەشێوەیەکی گشتی رووی لە وشکی کردووە، بەتایبەتی لەشەش ســاڵی رابردوو کە ناوچــەی رۆژهەڵاتی



ناوەڕاســت وشکەســاڵییەکی رادەبــەدەری بەخۆوە بینیــوە، ئــەم گۆڕانکارییە خراپە لەژینگەو کەشوهەوای ناوچەکەدا ئەگەری بەردەوام بوونی هەیە، بەشی تاکەکەسی لەئاو لەم ناوچەیەدا بەراورد بەساڵانی هەشتاکانی سەدەی رابردوو ســاڵانە ٥٠ - ٧٠٪ کەمی کردووە. گەر بێت و پێشــبینییەکان راســت دەربچێــت شــوێنەوارەکانی کەمبوونەوەی ئــاو زۆر کاریگەرترو پڕمەترســیدارترن لەو جەنــگ و قەیرانانەی کــە بەهۆی کەمی دەرامەتە سروشتییەکانی تر رەنگە بکەونەوە، بەمشێوەیە قەیرانی ئاو فاکتەری سەرەکی و راستەوخۆ دەبێت بۆ گۆڕینی سیاسەتەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

کاتێك ژمارەی دانیشــتووان لەســەدەی رابردوودا بەرێژەی ســێ ئەوەنــدەی جاران زیادی کرد، رێژەی بەکاربردنی ئاو شــەش ئەوەنــدە بەرزبــۆوە، گەشــەی ســاڵانەی دانیشــتووانیش کە ٨٣ ملیۆن کەسە ساڵانە پێویســتی بە ٦٤ملیار مەتر چوارگۆشــە ئــاو هەیە، ئەمە لەکاتێکــدا لە ٩٧,٥٪ ی ئاوی گۆی زەوی ئاوێکی سوێرە، واتا تەنیا ٢,٥ ٪ی ئاوی ســازگارە، سێبەشــی ئەم ئاوەش وەکو ئەمبارێك لەهەردوو جەمسەری گۆی زەوی بەبەفرو سەهۆڵ هەیە، برێکی کەمیــش لە ئاوی ســەر زەوی و ژێر زەوی بــۆ بەرهەمهێنانی خــۆراك و بەکاربردنی مرۆڤ دەمێنێتەوە، ئاشکراشــە سێ بەشی ئاوی سازگار بۆ بەرهەمهێنانی بەروبوومی کشــتوکاڵی و دابینکردنی خۆراکی جیهانی بەکاردەهێنرێت، بەکارهێنانی رۆژانەی هەموو تاکەکەسێك بۆ بەدەستهێنانی خۆراك لەمیسر پێویســتی بە ٣٠٠٠ لیترە، لــە کالیفۆرنیا پێویســتی بە ٦٠٠٠ لیتر هەیە، بۆ نموونە ســەرجەم بەکارهێنانی ئاویی (Virtual water) بــۆ بەرهەمهێنانــی یەك پاوەند لەگۆشــتی مانگا پێویســتیمان بە ١٨٥٧ گاڵۆن ئــاو هەیە، ٣٧٩ گاڵۆن ئاویشــمان پێویستە بۆبەدەستهێنانی یەك پاوەند هەنجیر، هەروەها بۆ تێچوونی پانتۆڵێکی کاوبۆی کە لە لۆکە بەرهەم هاتبێت پێویستیمان بە ٢٩٠٠ گاڵۆن ئاو هەیە، تەنانەت بۆ دروســتکردنی یەك هامبەرگر ٦٣٤ گاڵۆن ئاو پێویســتە، لەلایەکی تروە ئێســتا حکومەتی سعودییە بــۆ ئامادەکردنی یەك گاڵۆن شــیر ٢٣٠٠ گاڵۆن ئاو بەکار دەهێنێت. لەگەڵ زیادبوونی ژمارەی دانیشــتووانی جیهــان داواکاری لەسەر ئاوی ســازگارو خاوێن زیاد دەبێت، ئــەم زیادبوونەش دۆخێکی مەترســیداری لێدەکەوێتەوە گەر بێتوو شێوازی بەکارهێنان و مامەڵەکردنمــان بەرامبەر ئەم ســەرچاوە سروشتییە نەگۆڕین، لە ١٥ساڵی داهاتوودا ١ ملیارو ٨٠٠ هەزار مرۆڤ لەو ناوچانەدا نیشتەجێن کە ئاوێکی زۆر کەمی لێیە، ئەمە لەکاتێکدا داواکاری لەسەر ئەم سامانە رۆژ لەدوای رۆژ لە زیادبووندایە.

بەشــی تاکەکەســی لە ئاوی ســازگار پێویســتە ســاڵانە لە ١٧٠٠ مەتر ســێجا کەمتر نەبێت، ئەمــە لەکاتێکدا ئەم رێژەیە بۆ کەمتر لە ١٠٠٠ مەتر سێجا کەم بۆتەوە، کەمبوونەوەی ئەو برە ئاوەی کە تاکەکەسی پێویستێتی لەپشت هۆکارو کەوتنەوەی دەیان گرفت و کێشــەی مەترســیدارەوەیە، بەپێی پێوەرە جیهانییەکان گەر بێتوو ســاڵانە تاکە کەســێك تەنیا ٥٠٠ مەتر سێجا ئاو بەدەست بهێنێــت و بەکاریبهێنێت ئەوا ئەو کاتە پێی دەڵێن : (حاڵەتی کەمی ئاوو وشکەساڵی)، ئاڵۆزبوونی شــوێنەوارەکانی هــەژاری ئاو بەشــێوەیەکی مەترسیدار سەرهەڵدەدات. پێ دەچێت خراپتریــن حاڵەتەکانی کەمی ئاوی

**لە بیست ساڵی داهاتوودا رەنگە کەمی ئاو ببێتە هۆکارێکی سەرەکی بۆ کەوتنەوەی پشێوی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا**

ســازگار لەناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کیشــوەری ئەفریقیا بکەوێتەوە، لە ساڵی ٢٠٢٥ پێشبینی ئەوە دەکرێت لەنێو ٤٨وڵاتدا کــە رەنگە رووبەرووی کەمــی ئاو ببنەوە، نزیکــەی ٤٠ وڵات لەو ژمارەیە لەناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقیاو بیابانەکانی بێت، بگرە ٢٠ وڵاتیان دووچاری کێشــەی گەورە دەبنەوە کە ململانێ لەســەر لە٢٪ی سەرجەم ئاوی سازگاری جیهانی دەکەن.

لە٢٧٪ی خاکی عێراق کــە دادەنرێت بە ٤٣,٣ ملیۆن هێکتار رووبەری زەوی باشی کشتوکاڵییەو بەخاکێکی بەپیتی کشتوکاڵی و ئابوورییانە دادەنرێت، کە١١,١ ملیۆن هێکتار زەوی دەبێــت و لەناویدا ٣,٢ ملیۆن هێکتار لە کوردســتاندایە، رێژەی زەوییە بەراوەکانی کوردســتان بە لە ٨٨٪دادەنرێت و لە ١٢٪ی تری خاکی ئاودێرییە بەئاوی ســەرزەوی و ژێرزەوی، گەرچی سروشــتی کوردســتان شاخاوییە بەڵام رووبەری خاکە بەپیتەکانی لە ٢٨٪ پێك دەهێنێت، کە لەناویدا دەشتە فراوان و بەپیتەکانی هەولێرو شارەزوورو مەریوان و مــووس و بنکول ( هەزار کوول) و باتاس و حەریرو بازیان لەخۆ دەگرێت، بەرادەیەك ئەم دەشــتانە بەخاکی بەپیت و باش دادەنرێن بۆ کشتوکاڵ و بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای

نوێ، لەلایەکی ترەوە گەرچی بەنداوەکانی دوکان بەتوانای (٦,٨ ملیار مەتر سێ جا) و دەربەندیخان (٣-٤ ملیار مەتر سێ جا)

## گەشەی ساڵانەی دانیشتووانیش کە ٨٣ ملیۆن کەسە ساڵانە پێویستی بە ٦٤ملیار مەتر چوارگۆشە ئاو هەیە

دهۆك بەتوانای ( ٥٢-٨٠ ملیۆن مەتر سێ جا ) بەنداوی پێشنیارکراوی بێخمە ١٧ ملیار و یەك ملیۆن مەتر سێ جا بوونیان هەیە، بەڵام کەموکوڕی لەپرۆژەکانی ئاودێری دا هەیە، ئەمە لەکاتێکدا پرۆژە ئاودێرییەکان لەناوەڕاست و خوارووی عێراق بوونیان هەیە. لەلایەکی ترەوە ئاشکرایە کەوا رووباری دیجلە بەدرێژایی ١٣٠٠ کیلۆمەتر بەناو خاکی کوردستان و عێراقدا تێپەڕ دەبێت، رووبەری حەوزی ئاوەکەشی ٣٤٧٠٠٠ کیلۆمەتر چوارگۆشەیە، کە بەرێژەی لە٪٥٤ی سەرجەم حەوزەکەیە لەوڵاتانی دەوروبەر(٪١٢ لەکوردستانی تورکیا،٪٠,٢ لەسوریاو، لە٪٣٤ لە ئێران (یونسکۆ ٢٠٠٣))، سەرجەم تێکڕای ئاوی ساڵانە کە لەزێی گەورە لەتورکیاو زێی بچووك لەئێران دەڕژێتە ناو دیجلەوە بە ٣٠ ملیارو ١٢ ملیۆن مەتر سێجا دادەنرێت، ئەمەش زیاتر لە دوو ئەوەندەی رێژەی ئەو ئاوەیە کە دەڕژێتە ناو رووباری فوراتەوە، نیوەی ئەو بڕە ئاوەش لە مانگەکانی بەهار(ئازارو مایس) دەڕژێنە ناو رووباری دیجلەوە. لەساڵانی باشی باران و بەفربارینندا ٧٧ملیار مەتر سێجا بۆ هەردوو رووبار تۆمار کراون، لەکاتێکدا لە ١٢ ساڵی رابردوودا ئەم بڕە بۆ کەمتر لە٣,٥\١کەمی کردووە.

تورکیای دراوسێمان لەچەند ساڵی رابردوو هەوڵێکی زۆری داوە بۆ ئەنجامدانی پرۆژەی ستراتیژی و گەورە لە باشووری رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵەوە کە بەپرۆژەی (گاپ) ناو دەبرێت، ئەم پرۆژەیەش چەندین کەرتی بەنداوو ئاودێری جۆراوجۆر لەخۆدەگرێت و، ئامانجی راگەیەنراوی پرۆژەکەش لەلایەن تورکیاوە ئەوەیە: پرۆژەی گاپ پەرەپێدانێکی بەردەوام و سەرتاپاگیر لە ناوچەکەدا لێبکەوێتەوە، ئەمەش بەئامانجی کەمکردنەوەی کەلێنی فراوانی نێوان باکووری دەوڵەمەندوو پڕ خزمەتگوزاری لەگەڵ باشووری هەژاری بێ خزمەتگوزاری

رووبەری ئەم پرۆژەیە ٧٥٠٠٠ کیلۆمەتر چوارگۆشەیەو ٩ پارێزگا لە دەشتە بەپیتەکانی رافیدەینی گەورەو نزیك بەسەرچاوەی هەردوو رووباری دیجلەو فورات دەگرێتەوە، بەپێی پلانی پرۆژەکە ٢٢ بەنداو لەخۆ دەگرێت لەناویاندا بەنداوی بەناوبانگی گەورەی ئەتاتورك و دامەزراندنی ١٩وێستگەی بەرهەمهێنانی کارەبا لەڕێگای هایدرۆپاوەرەوە لەخۆدەگرێت، ئەمە جگە لەپرۆژەکانی ئاودێری کە بۆ ناوچەیەك بەدرێژایی ١ملیۆن و ٧٠٠هەزار هێکتار بەسوودە، تێچوونی پرۆژەیەکی بەمشێوە گەورەیە بە ٣٢ ملیار دۆلاری ئەمەریکی مەزەندە دەکرێت، پێشبینیش دەکرێت بڕی ٧٤٧٦ مێگاوات وزەی کارەبا لەو بەنداوانە بەرهەمبهێنرێت. لەگەڵ ئەمەشدا بیروبۆچوونی جیاوازەو رەخنەگرانی پرۆژەکەش هەیەو پێیان وایە: ئەو بڕە پارە زۆرەی لەپرۆژەی گاپ دا خەرجکراوە دەکرا بەو خەرجییە باروگوزەرانی دانیشتووانی ناوچەکەی پێ باش بکرایە نەك بۆ بنیادنانی بەنداو، دانیشتووانی ناوچەکەش بەهەمانشێوە پێیان وایە بەراورد بەلەدەستدانی زەوییە کشتوکاڵیەکانیان بارودۆخی بژێوی ژیانیان لەدروستکردنی بەنداوەکاندا باش نابێت، ئەو رووبەرە زەوییانەی ئێستاکە ماوەتەوە یا دوای تەواوبوونی پرۆژەکە دەمێنێتەوە یا شاخاوییە یا بەردییەو بەکەڵکی پرۆژەی کشتوکاڵی نایەت، لوبی سەوزیش لەئەوروپا نیگەرانە لە بنیاتنانی ئەو هەموو بەنداوە لەباشووری رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ، چونکە مەترسی خراپی بۆسەر ژینگەو ئایکۆلوجیای ناوچەکە هەیە، بۆ نموونە دوای تەواوبوونی بنیاتنانی بەنداوەکان نەخۆشی مەلاریا لەمەترسیدارترین و دیارترین ئەو نەخۆشیانەیە کە ئەگەری تەشەنەکردنی لەناوچەکەدا لێدەکرێت، زۆریش لە لێکۆڵەرەوە سیاسییەکان سەرجەم پرۆژەکە بەپرۆژەیەکی سیاسی دادەنێن، کە ئامانج لێی دەستگرتنە بەسەر پشکی شێر لە ئاوی هەردوو رووباری دیجلەو فورات، واتا پرۆژەی گاپ پرۆژەیەکی سیاسییە نەك ئابوورییانە. گەرجی لەنێوان عێراق و تورکیا پروتوکۆلێکی هاوبەش مۆرکراوە سەبارەت بەپشکی هەردوو وڵات لەسەرچاوەکانی ئاو، بەڵام پاساوی تورکیا بەوەی پێویستە سوود لەم سەرچاوەیە وەرگرێت بۆ بەدەستهێنانی وزە تارادەیەك پاساوێکی لەجێیەو لەدوای تەواوبوونی بەنداوەکان بۆ پەرەپێدانی بەردەوام ئەم سەرچاوە وزەی بەرهەمهێنە بۆ تورکیا باشە، لەمبارەشەوە سلێمان دیمیرێلی سەرۆکی پێشووی تورکیا وتی: (ئێمە داوامان نەکردووە لەسەرچاوە پێترۆڵییەکان بەشدار بین، ئەوانیش ناتوانن ئیدعای ئەوە بکەن هاوبەشمان بن لەدەرامەتە ئاوییەکان)، وا پێ ناچێت بارودۆخ و ژینگەیەکی وا لەبار هەبێت کە بەپێی راسپاردەکانی کۆنگرەی ژینگە لەکۆبنهاکن دەسەڵاتێکی نێودەوڵەتی ئامادە هەبێت، بۆ مامەڵەکردنێکی باش بەرامبەر گرفت و کێشەکانی نێوان وڵاتان کەلەسەر بەشە ئاوی نێوان ئەو وڵاتانەی لەسەرەوەن و ئەوانەی لەخوارەوەن کەوتۆتەوە،

## ئەو بڕە پارە زۆرەی لەپرۆژەی گاپ دا خەرجکراوە دەکرا بەو خەرجییە باروگوزەرانی دانیشتووانی ناوچەکەی پێ باش بکرایە نەك بۆ بنیادنانی بەنداو

هەوڵەکانی وڵاتانی کەنداویش بۆ پاککردنەوەو ئامادەکردنی ئاوێکی سازگارو خاوێن لەئاوی سوێری دەریاکان ئەمەش لە رێگای وزەی پێترۆڵ و وزەی ناوەکییەوە، بەڵام ئەم رێگایەش بێ گرفت و کێشەی هونەری و ئیداری نییە، تەنانەت رێگا چارەیەکی گونجاو ئامادە نییەو خەرجی و تێچوونێکی زۆری دەوێت.

هەرێمی کوردستان راستەوخۆ دووچاری کەمی ئاو دەبێتەوە، هەر کە تورکیاو ئێران دەستیان بەتەواوکردنی بەنداوەکان لەسەر رووباری دیجلەو زێی بچووك کرد، جێی خۆیەتی لەمبارەیەوە پێوەندییەکان توندوتۆڵ بکرێنەوە لەگەڵ لۆبی سەوز لەئەوروپاو دەستپێکردنی وتووێژی جددی نوێ لەڕێگای دەوڵەتی فیدرالی عێراقەوە، تاوەکو ئیدارەیەکی هاوبەش بۆ حەوزی ئاوی دیجلە لەگەڵ تورکیاو ئێران دەستپێبکرێت. جەنگی ئاو بۆ نەوەی داهاتوو دەرئەنجامێکی شکستە نێودەوڵەتییەکانە لە پێکەوەژیان و بەڕێوەبردنی بەردەوامی ئاوی حەوزی رووبارە گەورە هاوبەشەکان لەنێوان دوو وڵات یا زیاتر، ئەو پەلەکردن و بێ بەرنامەییە زۆرەی بنیاتنانی بەنداوەکان بێ ئەوەی هیچ حسابێك بۆ ژینگەو مرۆڤ و ئاژەڵ و رووەکەکان بکرێت، بەزیانی گەورەی مرۆڤایەتی دەکەوێتەوە . وشەی ئایکۆلۆجی واتا ماڵ و تێکچوونی ماڵ واتا راکێشانی هەموان بۆ وێرانییەکی

حســاب بۆنەکراو بێ جیاوازی، بنیاتنانی بەنداوەکان هەموو جارێك ســوودبەخش نییە ئەوەتا بەسەدان بەنداو لەجیهاندا لەچاوەڕوانی تێکداندان، دروستکردن و بنیاتنانی بەنداوەکان هۆکارێك بــووە بۆ کۆچپێکردنی ٨٠ ملیۆن کەس لەشــوێنی ڕەسەنی نیشــتەجێبوونی خۆیــان، پێویســتە لەئێســتاوە لەهەرێمی کوردســتان خۆمان بــۆ مەترســییەکانی کەمبوونــەوەی خێرایی ڕێژەی ڕۆشــتنی ڕووباری دیجلــە ئامادە بکەین، کە چەندین گرفتی تەندروستی لێدەکەوێتەوە بەتایبەتی زیادبوونــی نەخۆشــییەکانی گورچیلــە، کۆکردنــەوەی ئاوەکانیش لەلایــەن تورکیاوە ڕێــژەی بەخوێبوونــی زیــاد دەکات و تا دەگاتە ئێمە دوو ئەوەندە سوێری ئاوەکە زیاد دەبێت، زیادبوونێك لەسەروو ئەو زیادبوونەی کە کۆمەڵــگای نێودەوڵەتــی دایناوەو بۆ بەکارهێنانــی ئاو گونجــاوە، قەیرانی ئاو تەنیا پێوەندی بەبڕو بەشی هەموانەوە نابێت بەقەد ئەوەنــدەی پێوەندی بەجۆری ئاوەکەو پاکوخاوێنی ئاوەکەو پێوەرە تەندروستییەکانی بەکارهێنانی ئاوەکەوە هەیە.

لەگەڵ نزیکبوونەوەی ساڵی ٢٠٢٥ عێراق ڕووبەڕووی مەترسی هەژاری و کەمبوونەوەی ئاو دەبێتەوە، لەپەنجاکان بەشــی تاکەکەسی لەبەکاربردنی ئاو ١٨٠٠٠ مەتر سێ جابووە،

**هەر کە تورکیاو ئێران دەستیان بەتەواوکردنی بەنداوەکان لەسەر ڕووباری دیجلەو زێی بچووك کرد هەرێمی کوردستان ڕاستەوخۆ دووچاری کەمی ئاو دەبێتەوە.**

لە وڵاتانێکدا کە ئاو بەپێوەندی نێوان دەسەڵات و گەلەکانیــان دادەنرێــت، لەژینگەیەکی کەمبوونەوەی ئاوو نەبوونی ستراتیژییەتێکی پێویســت بۆ تەواوکاری ئابــووری- ئاوی لەناوچەکەدا، بەدوور نازانرێت کێشەو گرفتی ئەمنــی لەناو وڵاتــەکان لەلایەك و لەگەڵ وڵاتــەکان لەلایەکی ترەوە لێــی بکەوێتەوە، لەناوەڕاســتی ئەم ســەدەیەدا ململانێیەکی توند دەکەوێتەوە بەناوی (Hydrologic Conflict)، ئەمــەش لەنێــوان چارەکە ملیارێــك کەس لەدەوری حــەوزی هەردوو ڕووبــاری دیجلەو فــورات، کەوتنەوەی ئەم گرفتانە لەکاتێکدایە کە تێکچوونی ژینگەو بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرما لەئەوپەڕیدایە، بەرادەیــەك لەتواناماندا نییــە ڕووبەڕووی ببینــەوە. مافی هاووڵاتییانیــش لەدەوری بەدەستهێنانی بڕ و جۆرێکی باشی ئاوێکی ســازگار تێك وپێك دەچێت . بەمشــێوەیە گرفتی ئاو تێکەڵ بــە ئەجندەی ئەمنی و نەتەوەیی هەموو دەوڵەتەکانی ناوچەکە دەبێت و ڕۆڵێکی گەورەی دەبێت لەســەر نەخشەی سیاسی نێودەوڵەتی و ئیقلیمی، کە پڕ دەبێت لە ململانێ لەنێوخــۆی وڵاتەکان و لەگەڵ وڵاتەکانی تریشــدا و هەڕەشەیەکیشــە بۆ کەوتنەوەی کێشــەو گرفتــی کۆمەڵایەتی و ئابووری هەڵئاوســاو بەرادەیەك لەزەمەنی تۆفانی گەورەوە هاوشێوەی نەبووە

لــەم ڕووەوە کوردســتان زۆر پێویســتی بەداڕشتنی سیاســەتێکی ئاویی هەیە، کە زامنی مافی بەکاربردنی سەرجەم دەرامەتە ئاوییەکانی بــکات لە حەوزی دیجلەو زێ و لقەکانی، ئەمەش لە پێناو پێشخســتنی واقیعی ئابووری و کۆمەڵایەتی و پەرەپێدان لە هەرێمەکەدا، بەپشــت بەســتن بەماددە دەســتوورییەکانی: ( ١١٠-١١٤-١١٥ )، سەبارەت بەدۆســێی ئاو لەکوردستان چوار ڕەشنووســی یاســایی نــوێ ئامادەکراوە، تێیــدا چوارچێوەی زانســتی و هونەری و یاســایی ڕەچاوکراوە، ئێمە پێویســتیمان بە ئیدارەیەکــی بەردەوامی ئەو بەنداوانە هەیە کــە لەهەرێمەکەدا بنیاتنراون، بەشــێوەیەك ببەســترێتەوە بە پــڕۆژەو نیزامی ئاودێری پێشــکەوتووەوە، تاوەکو بەتەواوەتی سوود لە ئاوی سەر زەوی وەربگرین، کاتی ئەوەهاتووە بەرنامــەی پێشــکەوتوو دابڕێژرێــت بۆ کۆکردنەوەو ســوود وەرگرتنی ئاوی باران و بەفر بەتایبەتی لەو وەرزانەی کە زۆرە تاوەکو دواتر لەڕێگای تەکنەلۆژیای پێشــکەوتوو بەکاربهێنرێتــەوە بەشــێوەیەك بەرووبومی کشتوکاڵی پێشبخرێت لە ڕێگای بەکارهێنانی هەمــوو دڵۆپێك ئاوەوە ((More Crop per Drop. هەروەها پێویســتە بایەخ و گرنگی بۆزیندووکردنەوەی بەنداوو بەربەستە بچوکــەکان بدۆزینەوە لە نزیك دارســتان و بێستانە شاخاوییەکان و گردۆڵکەکان و نزیك بە گوندەکانی کوردســتان، هەروەکو چۆن باوك و باپیرانمان لــە زەمەنە جیاجیاکاندا پەیڕەویان کــردووە. کەمبوونەوەی ڕووبەری دارســتانە سروشــتییەکان لەکوردستان بۆ کەمتر لە سێ بەشی ئێستا( دۆسێی ژینگە لــە کوردســتان- لە کۆنگــرەی ژینگەی جیهانی لە کۆبنهاکن ڕاگەیەنرا)و نەبوونی پرۆژەی بەنداوی بچــووك لە هەرێمەکەدا، سامانی خاکی سەر زەوی لەبەردەم مەترسی داڕمان و لەناوچووندایــە، لەلایەکی ترەوە پێویســتە دووبارە چاو بــە ڕێنماییەکانی مۆڵەتــدان بەهەڵکەندنــی بیرە ئــاوەکان بخشــێنرێتەوە، چونکە ئــاوی ژێر زەوی ناکرێت قەرەبووبکرێتەوە لەکاتی کەمبوونەوەو نەمانیدا، بۆ نموونە قەرەبووکردنەوەی دڵۆپێك ئــاو لە ڕووبــارەکان ١٨ ڕۆژی دەوێت ئەو ماوەیە بــۆ قەرەبووکردنەوەی هەمان دڵۆپ لە ئاوی ژێر زەوی هەزارەها ساڵی دەوێت.

بەپێی ڕاوبۆچوونی شارەزایان ئاوی ژێر زەوی دیاریکراوە لەناو سنووری نیشتمانی هەر یەك لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا، تەنانــەت ئەم ئاوی ژێــر زەوییە لە نــاو خۆی یــەك وڵات هەڕەشــەیەکی زیاترو مەترســیدارتری لەســەرە، کاتێك دیجلە ڕووبارمان بێــت و نەتوانێت ئاوی درەختەکانمــان بدات، ئێمــە لەهەرێمی کوردســتان لەبەردەم سیاســەتێکی ئاوی وا خۆمــان دەبینینەوە، کە پێداویســتی هاووڵاتییان و ئومێدی بەفیڕۆ نەچوونی دەرامەتــە ئاوییەکانمــان بــۆ زامــن و مســۆگەربکات. ئەرکــی سەرشــانی هاووڵاتییانیــش دەبێت کــە وا پابەندی ڕێنماییەکان بن، کە تایبەت بەپاراســتنی ســامانی ئاوو بەفیڕۆنەدانــی دەدرێت، لەسەر ئاستی خواســتیش ناتوانرێت بێ سەپاندنی نرخی ئاو لەسەرتاپای هەرێمدا سیاسەتی بەکارهێنانێکی دروست و باش بۆ دەرامەتی ئاو پیادە بکەین، کاتێك ئاو وەکو دەرامەتێکــی بەخۆرایی و هەرزان تەماشا بکرێت، ئەو کات وەکو دەرامەتێکی ناگرنــگ و ئاســایی ســەیر دەکرێت، پێویستە تەنیا جەخت لەسەر زیادکردنی بەکارهێنان نەکەینەوە بەپێچەوانەوە جەخت لەسەر کەمکردنەوەی خواست و هۆشیاری

**قەرەبووکردنەوەی دڵۆپێك ئاو لە ڕووبارەکان ١٨ ڕۆژی دەوێت ئەو ماوەیە بۆ قەرەبووکردنەوەی هەمان دڵۆپ لە ئاوی ژێر زەوی هەزارەها ساڵی دەوێت**

لەبەکارهێنانیشی بکەینەوە. لەم ڕوانگانەوە کاتــی ئەوەهاتــووە ژێرخانــی هەرێمی کوردستان بنیات بنرێتەوە بەشێوەیەك ڕێگا بگیرێت لەبەفیڕۆچوونی دەرامەتی ئاو.

مومتاز حەیدەری لەبواری رۆژنامەگەری و رۆشنبیری و راگەیاندن بەگشتی خاوەن قەڵەمێکی بەئەزموونە، بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٦٠ وەکو پەیامنێرێك لە رۆژنامەی (ئاڵای ئازادی) دەستی بەکارکردووە و لەهەموو کاتەکاندا هەوڵیداوە لە بواری کاری رۆژنامەگەری دانەبڕێت تا بۆتە خاوەن ئەزموونێك ، لەدوای ڕاپەرین لە دوو خولدا بووەتە سکرتێری سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان و لەو ماوەیەی کە سەرنووسەری گۆڤاری رۆژنامەوانی بووە (٧) ژمارەی لێ دەرچووە، ماوەیەك لە وەزارەتی رۆشنبیری راوێژکار بووە، لەپاشـــان هەستی بەوەکردووە ئەو رۆژنامە و گۆڤارانەی لەکوردستان دەردەچن لایەنی (مێژوویی- بەڵگەنامەیی و لێکۆڵینەوەی سیاســی و کۆمەڵایەتی) تێدا نییە یان کەمە بۆیە گۆڤاری(k٢١) کوردســـتان لە سەدەی بیست و یەکی دەرکرد، بۆ پتر خســـتنەڕووی هۆکارەکانی دەرکردنی ئەم گۆڤارە و پەیامەکەی چەند پرسیارێکمان لێ کرد و لە پوختەی وەڵامەکاندا ئەم راپۆرتە دەخەینەڕوو.



مومتاز حەیدەری بۆ گوڵان:

# هەردوو گۆڤاری (K21) و لەیلا قاسم دەردەچوێنم

لەســەرەتادا دەربارەی هۆکار و پێویســتی دەرچوونی ئەو گۆڤارەکە وتی:

هەســتم کرد ئــەو رۆژنامــە و گۆڤارانەی لــە کوردســتان دەردەچن لایەنــی مێژووی و بەڵگەنامــەی و لێکۆڵینــەوەی سیاســی و کۆمەڵایەتــی و هۆکارەکانی شکســت هێنانی جووڵانــەوەی کوردایەتیمان چییە تیایاندا نییە، راســتە کۆمەڵێك رۆژنامە هەبــوون بەتایبەتی گۆڤاری ســەنتەری برایەتی، ئایندە، سەردەم، رێبــازی نوێ لەم بوارانە کاریــان دەکرد، بەڵام تێڕوانینی من ئەوە بوو کە گۆڤارێکی تر دەربکەم لەمانە جیاوازبێت جیاوازیەکەشــی لەوەدایە خۆم خــاوەن کتێبخانەیەکی گەورەم و کۆمەڵێك کتێب و ســەرچاوەی باشــم هەیە و لە ماوەی (٥٠-٦٠) ساڵدا ژمارەیەکی زۆر دیکۆمێنتی نهێنیم پەیداکردووە و لەلام پارێزراون و بڵاونەکراونەتەوە، لەلایەکی تــر پانتایی لێکۆڵینەوی سیاســی، کوردایەکی، مێژوویی بۆ زانکۆ و سەنتەرەکانی لێکۆڵینــەوە پێویســتە و قوتابیــان و گەنجان پێویســتیان بەســەرچاوەی باش و باوەڕپێکراو هەیە، بەتایبەتی بەســەرچاوەی زمانی کوردی هەیــە، چونکە زمانی عەرەبی باش نازانن بۆیە بڕیارمدا ئەو گۆڤار بەم شێوەیە دەربکەم کە ناوی لێنرا(K٢١) واتە کوردستان سەدەی بیست و یەك بۆیەش ئەم ناوەم هەڵبژارد بەراوبۆچوونی خۆم لە سەدەی(١٩ و ٢٠) زۆر دەرفەتمان لە دەستچووە و ئومێدەوارم جووڵانەوەی کوردایەتیمان لەسەدەی (٢١) زیاتــر بەخۆیدابچێتەوە و پێش بکەوێت و بچێتە قۆناغێکی بەرجەستەبوون بۆ سەربەخۆیی کۆماری کوردســتان منیش وەکو تاکێکی کورد و خاوەن قەڵەمێك گۆڤارەکەم ناو لێ ناوە(K٢١) و هیــوادارم بتوانم ئەو توانا و هەســتەی هەمە خزمەتی رەوشــی کــورد و کوردســتانی پێ بکەم، گۆڤاری(K٢١)، گۆڤارێکی کەلتوری، زانســتی، مێژوویی، بەڵگەنامەیی، نەتەوەیی، وەرزی ئازادە.

سەبارەت بە پەیامی گۆڤارەکەش وتی:


دوو پەیامم لەو گۆڤارەدا هەیە:

یەکەمیان :گۆڕانی عەقڵیەتی ئێستای کورد بۆ عەقڵیەتێکی پێشکەوتوتر و مۆدێرن.


دووەم: دروســتکردنی و پەرەپێــدان بەهزری دەوڵەتــی کــوردی لە ناو عەقڵ و هەســت و هزری میللەتــی کورد تاوەکــو ببێتە هێزێکی گــەورە لەلامــان، دەمانەوێــت بزانین بۆچی تا ئێســتا کە دەوڵەتی کــوردی دانەمەزراوە و هۆکار و فاکتەرەکانی کۆمەڵایەتی و سیاســی و ئابووری دروســت نەبوونــی دەوڵەتی کوردی چییە و چــی بکرێت بۆ ئەوەی دروســت بێت تا ئێستا(٩) ژمارە لە گۆڤاری(K٢١) دەرچووە لەم ژمارانەدا ژمارەیەکی زۆر دیکۆمێنت بۆیە لەمجارە بڵاوکراوەتەوە واتە نوسخەی ئەسڵیە بەرز کراوەتەوە و لە گۆڤارەکەدا هەوڵدەدین بابەتی وا بڵاوبکرێتەوە کــە رۆحی کوردایەتی زیاد بکات و ئەو راســتیە بزانین ئێمە نەتەوە و دەوڵەتێکی جیاوازین لە عێــراق و عەرەب و تورك و فارس بە پلان و بەرنامە و دوژمنکارانە دابەشــی سەر ئەو وڵاتانــە کراوین و لــەلای ناتوانین داوای ســەربەخۆیی بکەین، لە کاتێکــدا بچووکترین میللەت لە دنیادا(ســۆرینا) بوو لە ئەمەریکای لاتین مەلیکــەی بەریتانیا بە دەســتی خۆی ئاڵاکەی بۆ هەڵدان خــۆم و لەناو گۆڤارەکەش وشەی هەرێمم قەدەغە کردووە، چونکە کە دەڵێن هەرێمی کوردستان وەکو ئەوە وایە عێراقی بین و بڵێین هەرێمی بەسرا، نەخێر ئێمە خاك و نیشتمان و نەتــەوە و کەلتور و مێــژووی خۆمان هەیە و جیاوازە لە عێراق و عەرەب و دەوڵەتەکانی تریش، من دەمەوێت بەخەڵك و گەنجی ئێســتای کورد بڵێــم ئێمە جیاوازین لە عێــراق و دوو دەوڵەتین بــەزۆر لێکنراوین بــە عێراقــەوە، گەرچی ، لەلایەکی تر پێم سەیرە کە ئێمە سەیری باشووری سوودان و کۆســۆڤۆ بکەین لە راستیدا دەبووایە ئەوان ســەیری ئێمەیان بکردبووایــە و چاویان لە ئێمە بکردایە، چونکە پتر لە (١٠٠) ســاڵە شۆڕشــی رزگاریخوازمان دەســت پێکردووە و میللەتێکــی(٤٠) ملیــۆن کەســین و زۆر لەم میللەت و شوێنانەش پێشکەوتووترین.

ســەبارەت بە بیرۆکــە و دەرکردنی گۆڤاری (لەیلا قاســم- لەیلا زانا) مومتــاز حەیدەری وتی:


هەســتم بەوە کــرد کە کەلێنێکــی تر هەیە پێویستی بە کاری زیاتر و خزمەتی پترە ئەویش ئافرەتانە بۆیە گۆڤارێك بۆ ژنان دەردەکەم، (١٣-١٤) رێکخــراوی مەدەنی ئافرەتان و ژنان هەیە ئــەو گۆڤار و رۆژنامــە و بڵاوکراوانەی دەری دەکەن بابەتی کرچ و کاڵی تێدایە بۆیە پێم باش بــوو گۆڤارێکی تایبەت بە ژنــان دەربکەم کە (کەلتووری- مێژووی- زانستی- کۆمەڵایەتی- هەمە لایەنــی ئافرەتان وەرزی ئــازاد )بێت و ناوی گۆڤارەکەشم لێناوە(لەیلا قاسم- لەیلا زانا) بۆیەش ئەو ناوەم دانــاوە، چونکە هەردوو لەیلا نیشانەی کوردایەتی و شۆڕشگێری و بەرخودانی میللەتەکەمانن هەر یەکەش لە کات و قۆناغێکمان بووە، لەیلا قاســم نموونــەی قارەمانیەتییەکی کەموێنەی کوردستانە کە لە ساڵی ١٩٧٤ وەکو کچە شۆڕشــگێڕێکی نەتەوەیەکی بندەســت لە ســێدارەدرا و هەردەم نموونەی شۆڕشــگێرییە و ناوی لــە دڵی هەموومان دایــە و ناوی لەیلا زاناش هەر لە بەر رۆشنایی تێکڕایی ناوەڕۆکی پەیامــی گۆڤارەکەیە، چونکــە ناوێکی تری درەوشــاوەی خەباتی کوردایەتیمانە، ئەو کچەیە



کە دەوڵەتێکی زەبەلاحی رۆژهەڵاتی ناوەڕاســت لێی دەترسێت و نیشانەی بەرخۆدان و دیموکراتی و ئاشــتییە و گۆڤاری لەیلا قاســم- لەیلا زانا ژمارەیەکی بە بەرگێکی جوان و تێروتەســەلی زانســتی لە دوو تۆیی(٣٢٠) لاپەرەی دەرچووە و چەندیــن بابەت و لێکۆڵینەوەی گرنگ لەخۆ دەگرێت لەســەرلایەنی ژنان هەر لە ژن سالاری تا دەگاتە پیاوســالاری و ئــەو توندوتیژییەی ئێســتا کە بەناهەق دەرهــەق بە ژنان هەیە، ئەو دوو گۆڤارەی کە(K٢١) و لەیلا قاســم- لەیلا زانا) کە دەری دەکەم لە هەوڵ و ئومێدی ئەوەدام پرۆژەکەم ببێتــە دەزگایەکــی لێکۆڵینەوە یان سەنتەرێکی ستراتیژی لێکۆڵینەوە و دارایی بۆ دابین بکرێت تاوەکو کۆمەڵێك شارەزا و پسپۆڕ و ئەکادیمی تێدا کار بکەن و تویژینەوە و لێکولینەوە هەمە لایەنەکان لەم رێگایەوە بگەێنینە نەتەوە و گەنجانی کوردمان ....



**لەبەر رۆشـــنایی ســـەردان و هاتوچۆی ئەم دواییانەی نێوانی بەرپرسانی عیراق و ئێران کە دوایەمینیان لە ســـەردانەکەی وەزیری دەرەوەی کۆماری ئیســـلامی ئێراندا خۆی دەدیتەوەو دوای ئەوەش ســـەرۆکی حکومەتی هەرێم سەردانی تەهرانی کردەوە، بە ئومێدی سەردانی زیاتری هەردوولا لەسەر ئاستی هەردوو سەرۆك کۆمار، بۆ ئەو مەبەســـتە ئەم لێکۆڵینەوەیەم نووسی تا تیشك بخەمە سەر تەوەرێکی بنەڕەتی کە تا ئێســـتاش رۆڵی هەیە لەسەر نەخشاندنی پێوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵاتی دراوسێ ئەویش تەنگژەی کوردە فەیلییەکانی عیراقە کە دیارترین پاشماوەی سیاسەتی چەوتی سەردەمانی حکومەتی پێشووە ..**



د: خەلیل ئیسماعیل محەمەد

# پێوەندییەکانی نێوان عیراق و ئێران و گرفتی فەیلیەکان لە عیراقدا

**دەسپێك:**

کوردە فەیلیەکان لە بنەچەی مێژووییاندا دەچنەوە ســـەر گەلی للـــوڕی، زۆربەی کاتیـــش بە للوڕی رەســـەن ناودێر دەکرێن، للوڕســـتانی ئێستا تا سەدەی شازدەیەمینی زایین بە للوڕستانی فەیلی یان وڵاتی فەیلیەکان ناوی هێنراوە، لە شـــەرەفنامەی بدلیسی للوڕ لکێکی ســـەرەکیی چوار لکە کە گەلی کوردیان پێکهێناوە: کورمانج، گۆران، کەلهوڕ، للوڕ..

سپایزەر وای دەبینێت کە للوڕ لە بنەچەدا دەچنەوە ســـەر لۆلۆیی، بـــە لای مینۆرسکیشـــەوە دەخرێنە پاڵ کاشـــییەکان،توێژینەوە مێژووییـــەکان ئاماژە بە پێوەندی توندو تۆڵی نێوان للوڕ و کاشـــییەکان دەدەن کـــە کەوتونەتە بەرزاییەکانی زاگـــرۆس ئەمەش واتا للوڕستانی ئێستا..

هەرێمی للوڕستان لە دوو گرووپگەل پێکدێن:

١ ـ گرووپی للوڕی گچکە: ناوچەکانی پشتی کوە لە عیراق و پێشی کوە لە ناو ئیراندایە..

٢ - گرووپی للوڕی گەورە: ئەم ناوچانە دەگرێتەوە: بەختیاری، کۆهلۆ، مامەسانس لە ئیران، واتە کوردانی فەیللی کەوتوونەتە ناوچەکانی قەســـری شـــیرین و خانەقیـــن و باکووری جەلەولا و خۆرئاوای شـــۆ ش. گورانی دەڵێت ناوچەکانیان لە باکووری کرمانشـــاوە درێژ دەبێتەوە بۆ باشـــووری دیزفوول هەندێکی تر تا کەنارەکانی کەنداویان دەگەیەنن..

**پێوەندییەکانی نێوان عیراق و ئێران**

بـــە درێژایی مێژوو هەردوو گەلانی عیراق و ئێران جگە لە دراوســـێیەتی کە پێویســـتی بە تەنســـیق و کامڵبوونـــی کۆمەڵایەتی و ئابوورییە بە تایبەتیش لە هەرێمی کوردە فەیللییەکاندا کۆمەڵێ پێوەندی دیکەی هاوبەشی ئایینی و نەتەوەیی و بازرگانیی ئەم گەلانە بەیەکەوە گرێدەداتەوە، دیواری شاخاوی بەرزاییەکانی زاگرۆس بەشێکە لە سنووری نێوان هەردوو دەوڵەت.

مێژوو شایەتحاڵی پێوەندییە بازرگانی و کشتوکاڵی و ئایینی و نەتەوەییەکانی ســـەر ئەم ســـنوورانەیە کە لێرەوە لەچاو شـــارەکانی نـــاوەوەی وڵاتیاندا زیاترن، وارێککەوتووە دانیشـــتووانی بەری عیـــراق منالّیان ناردووە بۆ گوندانی ئەودیو سنوور تا لەوێ پێگەیبوون و دواتر گەڕێنراونەوە بۆ ناو کەسوکاریان..

لێکۆڵینەوە مێژووییەکان شێوازی ئەم پێوەندییانەی نێوان شارو شارۆچکەکانی سەر هەردوو سنوور نیشان دەدەن، لە توێژینەوەیەکی عەبدولرەزاق ئەلحوســـەینی هاتووە: شـــاری خانەقین بـــە جموجوڵی بازرگانی و گەشـــتوگوزارییەوە ناســـراوە کە تژییە بە بازاڕگەو شـــەقامی فـــراوان لەوانـــە ئۆتۆبانی خوراســـان کە بەغدا دەبەســـتێتەوە بە تهرانەوە بە تایبەت هاتوچۆی گەشـــتیارانی ئێران بۆ کەربەلا و نەجەف و کازمییەو ســـامەڕا و لەمسەریشـــەوە گەشـــتیارانی عیراق بۆ ســـەردانی قوم و مەشـــهەد، جگە لەمەش ناوچەی خانەقین دۆڵێکی قووڵی نەوتییە هەر لە چیاسورخەوە تـــا نەفتخانە کە ئەمەش بایەخی خۆی هەیە لەرووی ئاوەدانی بـــۆ هەمووعیراق تا رادەی ئەوەی کێبەرکێ دەکات لەگەڵ شاری باقووبەدا.

مەندەلیش هەروەها بە دانیشـــتووان و کشـــتوکاڵ و بازرگانییـــەوە بە تایبەتی بەروبوومـــی ئاژەڵدارییەوە دەوڵەمەندە چونکە پڕە لە سەرچاوەی ئاویی و بێستان و دارودرەختی میوەو خورما چاك و دانیشتووانێکی زۆر بەر لەوەی دیمۆگرافیای دانیشتووانی تێکبدرێت..

دانیشـــتووانی هەردوو پارێزگای کوت و عەمارەش

که تێکهڵیەکن له عەجەمی و عەرەبی شـــارۆچکەی سەرەکییان بەناوی حەی پڕی کوردی ئێران و عەرەبی عیراقییه، هەموو دانیشـــتوانی عەلـــی غەربی له کـــوردی فەیلی پێکهاتوون. له پارێزگای مەیســـان ناوی قـــەزای کەرادی بـــۆ رەفاعی گـــۆڕدرا، له لێتوێژینەوەکـــەی ئەنترۆپۆلۆژیکی ئەمریکی هەنری فیلْد که لەسەر دانیشتووانی عیراقه هاتووه ((کوردانی فەیلی له بەشـــێکی فراوانی عەلی غەربیدان، بەلەمیان هەیه بۆ گواســـتنەوەی خەڵوز، دانیشتوانی کەرادی)ش که کراوەته رەفاعی به کشـــتوکاڵەوه خەریکن، ســـێ بەشـــی دانیشـــتووانی قەلعەی ســـوکەر له کوردانی فەیلیلین))..

## عیراق و گرفتی کورده فەیلییەکان

بەر له دروســـت بوونی دەوڵەتی عیراقی له ساڵی ١٩٢١ کوردانـــی فەیلی چ گرفتێکی سیاســـی و ئابووری و کۆمەڵایەتییان نەبوو، وێڕای بەربەســـتی سروشـــتی و لەمپەڕی ئەمنی، کەچی دۆستایەتی لەسەر هەموو ئاســـتەکان له نێوان خەڵکانی هەردوو دیوی ســـنووردا هەبوون، بەپێی یاســـاکانی باری کەسێتی عیراقی که له ساڵی ١٩٢٥ دەرچووێنراون کوردانـــی فەیلی له ڕووی تیۆرییەوه کەوتنه ســـەر کۆمەڵگەی عیراقی چونکه شـــوێنی نیشتەجێیان دەکەوتنه سەر خاکی عیراق بەڵام لەڕووی کردارەکییەوه و له تێڕوانینی دەســـەڵاتدارانی ئەوسای عیراق به تەنۆچکه و لەشێکی نامۆیان دەژماردن..

نەخشـــاندنی سنووری خۆرهەڵاتی عیراق به پێی ڕێکەوتننامەو پەیماننامه نێودەوڵەتییەکان له مێژووەدا هەنگاوی زۆری بۆ نرابوو تا بەم ئەنجامەی ئێســـتا گەیشتبوو:

١ـ ســـنوورەکه لـــه ناوچەی کوردانـــی فەیلی چڕ بۆتـــەوه هەر له باشـــووری هەڵەبجەوه تا نزیك شارۆچکەی بەدره له پارێزگای واست لەم شوێنانەوه ســـنوور له پایتەختی عیراق نزیکه و به ناوچەکانی چەقبەستووی سنووریی دەناسرێن

٢ ـ ئێران له بەرزاییەکانی سەر سنووری ناوچەکانی کوردانی فەیلییەوه زاڵه بەســـەر دەشتاییەکانی نزیك بەغدادا ئەمەش بۆ ئێران بایەخێکی جیۆســـتراتیژی گرنگی هەیه که دەڕوانێته ســـەر ڕێگای گشـــتی بەغدا ـ تەهران..

٣ ـ حـــەوزی نەوتینەیـــی نەفتخانـــه عیراقی و نەفتشای ئێرانی دەکەوننه سەر سنوورەکان..

٤ ـ کۆنترۆڵی ئێران بەسەر سەرچاوەکانی ڕووبارو لکەکانی ئاو بۆ ناوچەی کوردانی فەیلی زاڵبوونی ئێران بەسەر ناوچەکەدا نیشان دەدات.

لەمیانەی ئەمانەوه پێگەی جیۆگرافییانەی ناوچه فەیلی نشینەکان له ژێر سایەی نەخشاندنی سنووری خۆرهەڵاتی عیراقیدا ترس وساماناکی بۆ دەسەڵاته پێوەندیدارەکان خولْقاندووه، لەگەڵ گرژبوونه سیاسی و گۆڕانکارییه کۆمەڵایەتـــی و ئابوورییەکاندا ئەم ترســـەی نێوان عیراق و ئێران له هەڵکشاندایەو زیاتر دەبن به تایبەتی له نیوەی دووەمی ســـەدەی ڕابردوو له دوای دروســـتبوونی کۆماری عیراق له ســـاڵی ١٩٥٨ی زایینی و دوای دروســـتبوونی شۆڕشـــی ئیســـلامی ئێران له ســـاڵی ١٩٧٩ی زایین ناوچه فەیلی نشـــینەکان گرژی زیاتریـــان به خۆوه بینی و دەروازەبـــوون بۆ جەنگی نێوان هەردوو وڵات که له ساڵانی ١٩٨٠ـ١٩٨٨ی زایینی هەڵگیرسا.

حکومەتەکانـــی عیراقـــی بەردەوام لـــه هەوڵی دابەشکردنەوەی دانیشتوواندا بوون، له پارێزگاکانی دیالا و واســـت و مەیسان و به بەغداوەش سیاسەتی ئاشـــکرای تەعریب بەرانبەر کوردان پیادە دەکرا بەم شێوەیه

١ـ هەڵمەتەکانی دەرکردنی فەیلییەکان بۆ ئەودیوی ســـنوور هەزاران خێزانیی فەیلی گرتەوه و له بری ئەوان هۆزه عەرەبییەکان دادەنران..

٢ـ فەرامۆشـــکردنی بـــه ئەنقەســـتی ژێرخانی ئابووری، زیاترکردنی گرفتی ئاو تا ڕەز و باخەکان وشـــك ببن، ئەمەش ببێته پاڵنەرێـــك بۆ ڕەوکردنی خەڵکی له سەر زێدی خۆیان.

ئەمەش له ئەنجامی سەرژمێرییەکاندا دەردەکەوت کاتێ فەیلییەکان ژمارەیان کەم دەبووەوه له ناوچەکانی خۆیاندا به نمونه دانیشـــتووانی خانەقین به ڕێژەی ٢،١٪ ساڵانه له ١٩٧٠ تا ١٩٨٧ کەم دەبوونەوەو له مەندەلیش ســـاڵانه٥٪له کاتێکدا له نێوانی ساڵانی ١٩٤٧تا١٩٧٠ ژمارەی دانیشـــتووانی ئەو شارانه له زیادبووندا بوون به ڕێژەی ٧،٧٪بۆ خانەقین و ٥،١٪ بۆ مەندەلی، ئەمەش ڕەنگی داوەتەوه لەسەر پێکهاتەی نەتەوەیی لەبەرژەوەندی عەرەبه هاوردەکاندا..

## ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکە

١ـ گشت گرفتەکانی له نێوان عیراق و ئێراندان له ناوچەکانی جێنشینی کوردی فەیلیدا خەست دەبنەوه لەبری ئەوەی سنوور ببێته ئامرازێك بۆ هاوکاری و کاملْبوونی نێوانیان کەچی هەمیشه بنکەی گرژیی و ململانێ بوون

٢ـ بەهۆی بایەخی ســـتراتیژیانەی ئەو ناوچانەوه به تایبەت ئەوانەی له بەغـــداوه نزیکن ناوچەکانی کوردی فەیلی بوونەته گەرمی پێوێك بۆ ئاســـتی پێوەندییەکانی نێوان عیراق و ئێران

٣ـبەهۆی گرنگی ناوچەکانی جێنشینی کوردانی فەیلی بـــه درێژایی ماوەی حوکمی حکومەتەکانی عیراقی سیاسەتی تەعریب و هێنانی عەرەبی هاورده له بری بنەچەی ڕەسەنی ناوچەکه پیادەکراوه

٤ـ ڕووخانـــی ڕژێمـــی عیراقی ســـاڵی ٢٠٠٣ دەرفەتێـــك بوو بۆ هەڵدانەوەی پەڕەیەکی ســـپی له پێوەندییـــەکان به تایبەتی لـــه بوارەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتییەوه دەکرێت ئـــەم ناوچانه بکرێنه پردی پێوەنـــدی بۆ پەرەپێدانی پێوەندی دۆســـتانەی نێوان هەردوو وڵات.